# دەفتەری پیرانی غەمناک

ماردین ئیبراهیم



Rahand

Scanned with CamScanner

# بەشی یەکەم

Scanned with CamScanner

# پیاوێک لە پەتایەکی ڕاستەقینە ڕادەکات و دەکەوێتە ناو پەتای یادەوەرییەکانی خۆیەوە

یەکەمجار منیش وامزانی پەتایەکی وەرزیە لەوانەی لە سەرەتای پاییز و ناوەڕاستی زستاندا لە وڵاتدا بڵاودەبنەوە و وەکو ئەو خەڵکە منیش بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو یەکێک بێت لەو پەتا کوشندانەی لە شێوەی تاعوونی سەردەمە کۆنەکان، لە شێوەی چاوقووڵکە، تاعوونی ڕەش، تاعوونی جەستینیان و ئەنفلۆنزای ئیسپانی کە ملیۆنان کەسی لەناو بردبوو. دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە سەرەتادا وەک هەر هەواڵێکی دیکە بایەخییان پێدەدا، لە بابەتی پژمینی پاپا لە کۆنوێژی یەکشەمەی کاسۆلیکەکان لە ڤاتیکان، کێشەو ناکۆکییەکانی کوڕە بچووکەکەی شازادە چارڵس لەگەڵ بنەماڵەی پاشایی بەریتانی و تووڕەبوونی شاژنە ئەلیزابێس، سووکایەتیکردنی ڤلادیمیر پوتین بە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەکاتی سەردانی وەفدێکی تورکیدا بۆ کرملین.

کۆکەی وشک و تای بەرز و هەناسەتەنگی و سوورهەڵگەڕان لە نیشانەکانی نەخۆشییەکە بوون، بەڵام



Scanned with CamScanner

شارێک کە بە هەزاران مەینەتیدا تێپەڕیبێت، کوشتاری بە کۆمەڵی لاوانی قوتابخانەی بینیبێت، کۆمەڵکوژی ژنان و منداڵان و پیاوانی پیری لەسەر دەستی بەعس، وێرانکردنی گوندەکان و ئاوارەبوونی چەند ملیۆنی بینیبێت، چۆن بتوانێت ئەو نیشانانە کە زۆرجار لە پەتای ئاساییدا هەبوون هێندە بە مەترسی بزانێت. لەگەڵ ئەوەشدا وردەوردە زۆربوونی ژمارەی تووشبووەکان بوو بە هەڕەشەیەک کەس نەیدەتووانی چاوی خۆی لێداخات. ئەوەی وەکو یەکەم هەڵگری ڤایرۆسەکە ناوی تۆمارکرا قوتابییەک بوو، بەڵام کاتێک پێیان زانرا ژمارەیەکی زۆر کەسی تری تووش کردبوو؛ چەندان هاوڕێی خۆی بینیبوو، چوو بوو بۆ دوو تازیە، زەماوەندێک، دوو دەعوەت، شەش جار لە نوێژی بە کۆمەڵ لە مزگەوت بەشداری کردبوو، هەموو ڕۆژێک سەردانی ناو بازاڕ و چایخانەکانی کردبوو؛ ئیتر وەک ئەوەی ئاگرێک بەربێتە پاوانێک ئاوا پەتاکە بڵاوبووەوە. وایلێهاتبوو ببوو بە نوکتە هەر کەسێک بە هەر هۆکارێکی دیکە بمردایە دەیانگووت ئەوە خزمی ئەو قوتابییەیە.

لە سەرەتای چلەی زستاندا قوتابییەکە مرد. چلەی زستان؟ ئاگاتان لێیە هێشتا من بەو زمانە قسە دەکەم، ڕەنگە هی پیرییەکەم بێت، قەیناکات با بڵێین ناوەڕاستی مانگی یەک بوو. بەبێ هیچ ڕێوڕەسمێکی نەریتیی بە خاک سپێردرا. دیمەنێکی خەمناک هاوکات تۆقێنەر بوو کاتێک دوو کارمەندی خەستەخانە بە جلوبەرگی سیمداری خۆڵەمێشی ئەستوورەوە، بە ماسکی قەبەی ناقۆڵاوە، بە دەستکێشی بریسکەدارەوە، پەتێکی درێژیان لە تابووتەکە بەستبوو و لە دوولاوە لە دوورەوە بۆ ناو گۆڕەکە دایاندەهێشت.

مقۆمقۆی گومان و قسەلۆکەکان دەربارەی مردنەکەی کە ئایا پەتاکە هۆکار بووە، یان جەڵدەی دڵ چەند رۆژێک دوای مردنەکەشی بەردەوام بوو. بەلام دەرکەوتنی نیشانەکان لە خزمەکانی و دراوسێ و ئاسیاوەکانی، پاشتریش لەو کەسانەی بەرکەوتنی لەگەڵیاندا هەبوو؛ ئیتر بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شارەکەی ناچار کرد ڕێوشوێنی زیاتر بگرێتەبەر و دواتریش وەزارەتی ناوخۆش هاتەناو کارەکەوە. هەموو ئەو پەرەسەندنانە گەیشتنە شوێنێک بە تەواوی هاتوچۆ قەدەغە کراو فەرمان دەرچوو دەبێت هەمووان لە ماڵەکانی خۆیاندا بمێننەوە و سەرئەنجام کەرەنتینەکردنی شارەکەی بەدوودا هات، بەلام ئەوکاتە من لە شارەکەدا نەمابووم.

منداڵانی لێدەرچێت لەناو هەموو تەمەنەکاندا بلاو بوو، بەلام زۆرتر لەناو پیرەکاندا تەشەنەی سەند، ئەمەش خۆبەخۆ وایکردبوو لە ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی تەندروستی و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا وەک نیشانەیەکی خێر سەیر بکرێت کە سەرەڕای نیگەرانییەکان خەڵک نەیدەتوانی دڵخۆشی خۆی بەو هەواڵە بشارێتەوە. لەوەش خراپتر، دواتر دۆخەکە سەری کێشا بۆ بلاوبوونەوەی ئەفسانەیەک کە تەنگی بە ڕاستییە زانستییەکان هەڵچنیبوو ئەویش ئەوە بوو کە پیرەکان نەخۆشییەکە بلاودەکەنەوە. من دەڵێم ئەفسانە بەلام حاڵوبار وایلێهات دکتۆرەکان دەهاتن لە تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ بە کاتژمێر باسی ئەوەیان دەکرد کە چۆن پیرەکان ئەو نەخۆشیە بلاو دەکەنەوە و ئەگەر ئەوان نەبن نەخۆشییەکە کۆنترۆڵ دەکرێت. لە ڕۆژانی سەرەتای پەتاکەدا خەڵک هەر بەوەندە وەستا خۆیان لە پیرەکان

بە دوور بگرن، نەهێڵن بێنە شوێنە گشتییەکان، بە قسە و پلاری نابەجێ برینداربیان بکەن و تەنگییان پێهەڵبچنن، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پیرەکان دەکرانە ئامانجی بوغزی میدیا و کینەی ئەو سیاسەتکارە گەنجانەی ئامادەبوون بەسەر تەرمی دایکیاندا بازبدەن و ئاوڕ نەدەنەوە. پاشان کوژرانی چەند کەسێکی پیر لە بارودۆخێکی زۆر گوماناویدا و دواتریش ڕقێک کە هەم خۆڕسک بوو و هەم لەلایەن هەندێک دەزگای ڕاگەیاندنەوە قورەکەی دەشێلرا لەبەرانبەر پیرەکان پەرەیگرت.

بۆ کەڵتەکۆنێکی وەکو من کە دەسەڵاتم بەسەر تری خۆیشمدا نەبوو دەرەوە و ژوورەوە زۆر جیاوازی نەبوو. سالانێک بوو هەموو چالاکی من ئەوە بوو جارجارە بڕۆمە دەرەوە و لە سەر سووچی کۆڵانەکە لەگەڵ پیاوێکی دراوسێدا دامە بکەم، سەردانێکی فەرەیدوون کوێستانی بکەم کە ماوەیەک بوو کەوتبووە خانەی پیران، هەندێکجاریش پیاسەیەکی ناو باخەکەی گەڕەک و دوکانەکان و چایخانە و بازاڕەکەی دەوروبەر، بەڵام زۆرجار لە نیوەی گەشتەکەم ماندوو دەبووم و لۆژەلۆژ دەهاتمەوە و خۆم لە ژوورەکەم قایم دەکرد. ئای پیری ئاخرشەڕ بۆ دانانیشیت تۆ تازە گوزەشتی. بەڵام خۆ من پیری ئاخرشەڕ نەبووم، پیاوێکی حەفتا و ئەوەندە ساڵە بووم کە بەناو هەموو ئازارەکانی شارەکەمدا تێپەڕیبووم. حەفتا و ئەوەندە؟ منیش وەک خەڵکی تر دەمەوێت تەمەنی خۆم بشارمەوە؟ نا، بیرتان بۆ ئەوە نەچێت، تەنیا هێندە هەیە کە هەر بەڕاستی نازانم لە چی ساڵێکدا لە دایک بووم، بەڵام بەپێی کنە و بەدواداچوونی خۆم بۆم دەرکەوتووە

که دوای جەنگی جیهانی دووەم لەدایکبووم. دایکم پێش مردنەکەی هەموو شتەکان لە مێشکیدا تێکەڵاو بوون، رۆژێک دەیگووت ئەو ساڵەی قازی موحەمەدیان بەدارێدا کرد تۆ ساوا بوویت، رۆژێک دەیگووت کە بارزانییەکان چوونە رووسیا تۆ شیرەخۆرەبوویت، رۆژێک دەیگووت کە چوار ئەفسەرەکەیان لە سێدارە دا تۆ گاگۆلکێت دەکرد. ئیتر بە ئەژمارکردنی ساڵەکان و ئەو رووداوانەی بەبیرم دەهاتن تێگەیشتم لە سەروبەندی دروستبوون و رمانی کۆماری مهاباد دا لەدایکبووم.

پێش قەدەغەکردنی هاتوچۆ و بریاری مانەوەی خەڵک لە ماڵەکانییان کە پاشتر کەرەنتینەکردنی تەواوی شارەکەی بەدوادا هات؛ کچەزاکەم هات بۆ لام و بە ئوتومبێلەکەی منی بردە خانووە هاوینییەکەمان کە لەنێوان دوو شاخدا دروستکرابوو و مەودای کەمتر لە کاتژمێرێک بە ئوتومبیل دوور بوو لە شارەکە. ئەو جێگایە سارد بوو، بەردەوام دوندی هەردوو شاخەکە بەفری پێوە بوو، بەڵام لە خانووەکەدا هەموو ئەو شتانە هەبوو کە بۆ پیرەمێردێکی وەک من پێویست بوون. سۆپای داری لێبوو لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر ئاوردوو بۆ سوتاندن، موەلیدەیەکی بچکۆلەی لێبوو بۆ کارەبا و بەنزینی لێبوو بۆ ئیشپێکردنی موەلیدەکە، بەڵام من زۆر کەم بەکارم دەهێنا، هەموو کتێبخانەکەم لێرە بوو، خواردنی تەواو لە ماڵەکەدا هەبوو و کچەزاکەم بە گاڵتەوە گوتی: باپیرە ئەم خانووە هەر لە پیرەمێردێکی وەک تۆی کەمە.

باس و واتەواتی بڵاوبوونەوەی زیاتری پەتاکە لەناو پیر و نەخۆشەکاندا کچەزاکەمی مکورتر کرد، کە بمهێنێت بۆ

ئەو خانووە کە لە هەموو کەس دوور بوو. من هەم پیر بووم هەم هەزار دەردم هەبوو، ئازاری پشت و ئێسقانەکان، بەرزی فشاری خوێن، کەمێک شەکرە، ئیتر ڤایرۆسێک دەیتوانی کودەتام بەسەرا بکات. بەڵام چاوەکانم هێشتا وەک چاوی گورگ تیژن. پێم وایە لەم تەمەنەمدا هەر پێویستیشم بە چاوەکانمە. زۆربەی ئەو چالاکیانەی لە ژیانمدا کردوومن دوای ماوەیەک لێیان بێزار بووم، مەلەکردن، وەرزش و ڕاکردنی بەیانییان، ئاخ بەیانییان سەعات شەش هەستیت و یەکەم چالاکیت ئەوە بێت ڕابکەیت، بە برسێتی و گەدەی بەتاڵەوە، بە سەرێکی گێژەوە کە تێر خەو نەبووە ڕابکەیت، ناخۆشە وانییە؟ دۆمینەکردن لە چایخانە لەناو دوکەڵی جگەرە و ژاوەژاوی پیاوانی بێئیش و زمان پیس. جارێک لەگەڵ کۆمەڵێک گەنجدا چووم بۆ شاخەوانی، بینینی دیمەنی کێوەکان و زنجیرەی دڵرفێنی چیاکان نەشئەیەکی خۆشیان دامێ بەڵام تەمەنی من و شنگ و بڕستی من هی ئەوە نەبوو بۆ دووەمجار لەگەڵیاندا بچمەوە. لە نەوجەوانیمەوە تاکو ئێستا مەیلم بۆ کتێب و خوێندنەوە کەم نەبۆتەوە. لەو ساڵانەی لە شاخ چەکدار بووم دژی بەعس، ساڵانی زیندان، ساڵانی ژیان لە ئاوارەییدا، ئێوارانی گەڕانەوە لە کار و خوێندنەوە دوای ماندووبوونی ڕۆژەکە، لە هەموو ئەو ساڵانەدا خوێندنەوە یەکێک بووە لە خولیا سەرەکییەکانم، کتێبەکان لە جانتاکەمدا بوون، لە ناو پاسەکاندا بە دەستمەوە بوون، لەناو شەمەنەفەرەکاندا، لە شوێنی کارەکەم، لە سەیرانەکاندا. ئێستاش کە پیرێکم وەکو دەڵێن گوێچکەم لە پەنای گۆڕ دەلەرزێت چیم ماوە جگە لە کتێبەکانم و سەفەرە درێژەکانم بەناویاندا، بۆیە بارودۆخەکە بۆ من

مێندەش جیاوازی نەبوو، پێشتر لە ماڵەوە بووم، ئێستاش لە ماڵەوەم.

.....

کچەزاکەم کە بە درێژایی ڕێگاکە خەیاڵی پەرت بوو، ماسکێکی لە دەمی بەستبوو و دەستکێشی لە دەستدا بوو، ئوتومبیلەکەی لێدەخوڕی و سەیری ڕێگاکەی دەکرد، سەیری درەختەکان و پۆلیسەکانی دەکرد کە لەسەر سووچی کۆڵان و دورپیانەکان وەستابوون، سەیری شاخەکان و هەورە پەرش و بڵاوەکانی دەکرد، جار جارە ڕووی بۆ من وەردەسوڕاند و لەژێر ماسکەکەشەوە هەستم بە بزە بێگوناهەکەی دەکرد و دەیگوت ' باپیرە هیچ نییە، خەمت نەبێت، هەمووی چەند ڕۆژێک دەخایەنێت، ئەمەش تێدەپەڕێت'. لە ڕاستیدا من هیچ ترسێکی وام نەبوو، لەناو شاردا بوومایە یان لە ماڵەکەی دەرەوەی شار جیاوازیەکی زۆری نەبوو، بەڵام کچەزاکەم داوای لێکردم ناو شار جێبهێڵم منیش بچووکترین هۆم نەبینییەوە ئەو داوایە ڕەتبکەمەوە. ئێوەش کچەزایەکتان هەبێت بە قسەی ناکەن؟ وێڕای ئەوە، خانووەکەی شاخ خۆشتریش بوو، دەمتووانی بەیانیان لە شاخەکان بنۆڕم، شەوان لە تارمایی شاخەکە ڕابمێنم کە لەناو تاریکییەکەوە بە هەیبەت و سامێکی سەنگینەوە دیار بوو، بۆنی خاک و درەخت و بەردەکان بکەم، دەست لە گیای تازە لە خاک دەرهاتوو بدەم کە شەونمی سارد لە سەری دەنیشێت، هەوای دڵنشینی ئەو کێوانە هەڵبمژم و لە خواردنەکەم بەشی سەگ و پشیلە بێخاوەنەکانی ئەو دەوورووبەرە بدەم.



Scanned with CamScanner

# پیاوانی پیر بیجامەی خەتخەت دەپۆشن

سێ مانگ بوو نەهاتبووم بۆ ئەم خانووە، ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژە لێرە خەبەرم دەبێتەوە. وەک هەر کەسێکی تری پیر؛ شەو زوو خەوتم، وەک هەر کەسێکی تری پیر؛ زوو خەبەرم بووەوە، وەک هەر کەسێکی تری پیر هەموو گیانم لەتاو ئازار هاواری دەکرد و دەتگووت دارکاری کراوم، وەک هەر کەسێکی تری ئەم دنیایە میزم دەهات، وەک هەر کەسێکی تری ئەم دنیایە لە نیوەشەوەوە میزم دەهات و تاقەتم نەبوو هەڵسم بیکەم. کەمێک لەناو جێگاکەدا مامەوە و باوکم بیرکەوتەوە کە ئێمە منداڵ بووین لە لادێ هەمیشە دەیگووت هەستن درەنگە، ڕۆژێک دەیگووت درەنگە بۆ مەکتەب، ڕۆژێک دەیگووت درەنگە میوانمان دێت، ڕۆژێک دەیگووت، درەنگە مریشکەکان دەکوتین، ڕۆژێکی تر دەیگووت درەنگە مانگاکان کەڵ دەدەین، ڕۆژێکی تر دەیگووت درەنگە دەچین لەناو دەغڵەکان ژەهر بۆ مشکەکوێرەکان دادەنێین. کە گەورەش بووم، ڕۆژێک درەنگ بوو بۆ تاقیکردنەوە، ڕۆژێک بۆ کار، ڕۆژێک بۆ شەڕە نەبڕاوەکانی وڵات، ئیتر کەوتینە دۆخێکەوە

پڕ فرکان‌فرکان و هاتوچوون، پڕ نیگەرانی و سترێس، کەڵەکەبوونی هەزاران ئێش لەسەرمان و پیرانەگەیشتن، ڕاکەڕاک و دڵەخورپەی ئەوەی پاس و شەمەندەفەرەکان جێمان دەهێڵن و هەموو بەیانییان خەبەربوونەوە بەدەم ئەو ترسەوەی کە درەنگە بۆ شتێک، تەنانەت وایلێهات بەبێ ئەوەی هیچ کارێکیشم هەبێت ئەو هەستە هەر لە شوێنی خۆی بوو کە درەنگە! ئێستا کە بیردەکەمەوە دەڵێم: بۆچی درەنگ بوو؟ بۆ ئەوەی بەناو ئەو هەموو ساڵانەدا ڕابکەم و بگەمە ئێرە؟ بگەمە ئێرە و ڕیشم هەر هەمووی سپی ببێت؟ پشتم بە زەحمەت بۆ ڕاست بکرێتەوە؟ بەشی زۆری قژم بوەرێت و ئەو مووانەی لێرەولەوێی سەریشم ماونەتەوە وەک پەلە گەنمی ساڵانی بێبارانیی لێبێت؟ بۆ ئەوە درەنگ بوو ببم بە حەفتاو ئەوەندە ساڵ و وەکو گەماڵێکی پیر لەناو خۆڵی فەرامۆشی و ترسی نزیکبوونەوەی مەرگ و کاوێژکردنەوەی یادەوەرییەکانی خۆمدا بگەوزم؟ ئەم دۆخەی من ئەو هەموو پەلەپەلەیەی دەویست؟ پەلەپەلم نەکردایە ئەنجامەکەی هەر ئێستا نەدەبوو؟

هەڵدەستم میزەکەم دەکەم و بە بیجامە فلتە بێجیەکەمەوە کە خەتی قاوەیی تێدایە و بە نەعلەکانمەوە کە ئیتر ئەوانیش بۆ پێیە لاوازەکانم گەورە بوون بە ماڵەکەدا خشەخش دێم و دەچم. کە گەنج بووم زۆرجار دەمگووت: پیاوانی پیر کەنگێ واز لە بیجامەی بێجی کە خەتی قاوەیی تێدایە دەهێنن؟ ئەوەم بیر کەوتەوە و پێکەنیم.

پیاوان خۆیشیان نازانن چۆن پیر دەبن، یەکەم جار و لەپڕ سێ مووی سپی لە تووکەبەرت پەیدا دەبێت، ئای

ئەوە چییە؟ دڵی چیت بە قۆناغێکی تەمەن خۆش بێت بە سپیبوونی تووکەبەرە دەست پێبکات؟ پاشان لە بەشی چەپی چەناگەتەوە دوو تاڵ لە ڕیشت سپی دەبێت، ئینجا مووی سپی لە لاجانگەکانتەوە هێرش دەهێنێت، دواتر موووەکانی سنگت دەگرێتەوە. یەکەمجار زۆر لە دڵت گرانە، ئینجا وردەوردە ڕادێیت، ڕۆژێک ژنێک پێت دەڵێت من قژی ماش‌وبرنجیم پێجوانە، زۆر دڵنیا نیت بە ڕاستییەتی یان لەبەر تۆ وا دەڵێت، بەڵام بڕوا بەخۆت دێنیت کە بەڕاستییەتی، ئەی بڕوا ناکەیت چی دەکەیت؟ ماوەیەک هەوڵ دەدەیت چێژ لە قژە ماش و برنجییەکەت وەربگریت و خۆت لێدەبێتە یەکێک لە ئەکتەرە ناسراوە قژ ماش‌وبرنجییەکان، چی تێدایە با ئەم شارەی ئێمەش ڕۆبەرت دینیرۆیەکی هەبێت؟ با ئەم گەڕەکەی ئێمەش خاوەنی عومەر شەریفێک بێت! پاشان ڕۆژێک بە فانیلەی عەلاگەوە سەیری ئاوێنە دەکەیت، ئۆف ڕۆبێرت دینیرۆکەمان پیر بووە، دەچیت قژت بۆیاخ دەکەیتەوە، هەموو ڕۆژێک ڕیش‌وسمێڵت دەتاشیت بۆ ئەوەی مووە سپییەکان دیار نەبێت، بەڵام خۆ تۆ ناڵێیت لەبەر مووە سپییەکانمە، دەڵێیت من هەر حەزم لە پاک و خاوێنییە، ئیتر ئەم گێرمەوکێشەیە بەردەوام دەبێت تاکو ڕۆژێک خۆت دەبینیتەوە لەماڵەوە بیجامەیەکی بێجیت لەبەردایە کە خەتی قاوەیی تێدایە. چۆن ئەو بیجامەیە هاتە بەرت؟ لە کوێوە هات؟ کێ بۆی کڕیت؟ کەی کڕیت؟ خۆیشت نازانیت.

.....

# بەفربارین

## پیاوێک منداڵیی خۆی بیردێتەوە

دوێنێ شەو تاکو بەرەبەیان بەفر باری. دنیا کپ و بێدەنگ بوو، هیچ دەنگێک نەدەهات جگە لە دەنگی هێواشی بەفر کە دەتگووت دەنگی پێی پشیلەیە بەئەسپایی بە سەربانندا دەڕوات. دوو هەفتە بوو باران نەباریبوو؛ زەوی وشک بوو کە بەفرەکە سەر لە ئێوارە دەستی بە بارین کرد. یەکەمجار بە کرێوە دەستی پێکرد، ئینجا کلووی گەورە و پەرش و بڵاو دەباری، دەباری و دەباری. سەردەمی منداڵیم بیرکەوتەوە کە لەکاتی بەفر باریندا دەچووینە بەر بەفرەکە ڕوو لە ئاسمان دەممان دەکردەوە بۆ ئەوەی کلوویەک بەفر بکەوێتە دەممانەوە، ئەوەم بیرکەوتەوە کە باوکم ڕیشۆڵەکانی دەگرت و ڕیشۆڵەیەکی دەدایە من لەناو دەستەکانمدا بیگرم، ئەوەم بیرکەوتەوە، کە دڵی ڕیشۆڵەکە چەند بە توندی لێی دەدا، ئەوەم بیرکەوتەوە، کە بەو سەرمایە ڕیشۆڵەکە چەند گەرم بوو لەناو دەستەکانمدا، ئەوەم بیرکەوتەوە کە

باوکم حەوشەو سەربانەکەی لە بەفر دەماڵی و سکاڵای دەکرد، کە دەبێت چەند ڕۆژێک مەڕ و مانگاکانمان لە گەوڕ و پشتیرەکاندا بمێننەوە. لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم کرد، بارینەکە خۆشی کردبووەوە بەڵام بەفرێکی ئەستوور کەوتبوو، شاخەکانی هەمووی خستبووە ژێر هەیبەتی قورسی خۆیەوە، خاک و بەردەکانی داپۆشیبوو، سنەوبەرەکانی حەوشەکە بەفرێکی زۆریان لەسەر کەوتبوو و بارەکەیان گران بوو کەچی بەختەوەر و ڕازی دیار بوون، کپ و مەنگ و سەنگین و سەلار وەستابوون، نیشتنی بەفرەکە بەسەر لق و پۆپەکانییانەوە وەک ئەوە وابوو منداڵێک بەسەر شانی باوکییەوە خەوی لێکەوتبێت، وەک ئەوەی بەچکە ورچێک بەسەر بەردێکەوە پاڵ کەوتبێت. جگە لە کەسێک کە لە دوورەوە بە جلێکی ڕەشەوە لەناو بەفرەکەوە دەڕوات، کەس دیار نییە، پیاوە یان ژن؟ زۆر دوورە بۆم ڕوون نییە کامیانە، بەڵام پێدەچێت ڕاوچی بێت بۆ ڕاوە پۆڕ بڕوات، بە قورسی دەتوانێت لەناو ئەو بەفرە ئەستوورەوە ڕێ بکات. شاخەکان وەکو دێوی ئەفسانەیی بە جلێکی سپییەوە بێدەنگ و بێجووڵە ڕاوەستاون. خەیاڵم بۆ ئەوە دەچێت دەبێت ئێستا لەناو شاردا پەتاکە چی کردبێت، کێی کوشتبێت، چۆن بڵاوبووبێتەوە! دەچمە موبەقەکە قاوەیەک ئامادە بکەم، چاوم دەچێتە سەر شتەکانی ماڵەکە، مۆمدانەکان کە هەر یەکەی لە بازاڕی ئەنتیکی مەملەکەتێک کڕدراون، مۆمەکان بە دیزاین و شێوە و ڕەنگ و قەبارەی جیاوازەوە، میناتۆرەکانی ئەسپ و باڵندە و کیسەڵ و مەیموونەکان، کتێبەکان و قەڵەمدانەکان، کوپەکان و کەوچکەچایە زێڕنیشانەکان، فەرش و بەڕە و توورەکە

بەدەست چنراوەکان، هەر یەکەیان یادگاریکە، هەر یەکەیان شایەتی ساتەوەختێکی ژیانە کە وەکو گوللەیەک تێپەڕیوە و ئاسمان ناتوانێت بیگێڕێتەوە بۆ لوولەی تفەنگەکەی، وەکو ئاوێک بۆتە هەڵم و ون بووە. گۆزەیەکی بچکۆلەی مارۆنی دێتە بەرچاوم، ئەوە ژنەکەم ساڵانێکی زۆر پێش مردنەکەی کڕیویەتی، لەکوێ کڕیویەتی؟ بیرم نایات، هەندێک لەو شتانەی خۆیشم کڕیومن هەر بیرم نایات لە کوێ کڕیومن.

.....

# چیرۆکی مردنی ژنێک کە چاوەکانی دەتگوت ژێرپیاڵەی چینین

حەڤدە ساڵە ژنەکەم مردووە. لە گۆڕستانی سەر گردەکە ناشتمان. ئەو بەرەبەیانەی مرد، بە درێژایی شەوەکە باران باری، بارانی خوڕ و بە لێزمە، دەباری و تەپەی لە سەربان و خاک و درەختەکان هەڵدەستاند، هەورەکان وەک ڕەوە ئەسپێکی تەرە ڕایاندەکرد و دەیانحیلاند، جارجارە هەورەبروسکەیەک کۆڵان و شەقامەکەی ڕووناک دەکردەوە و ئیتر دنیا تاریک دادەهاتەوە. سەرەتا دەرمانەکان بەشێوەیەکی ئاسایی کاری خۆیان دەکرد، حەبەکان و پاشان دەرزیە کیمیاویەکان، بەڵام دواتر کاریگەریان نەما، چیتر خانەکانی لەشی کاردانەوەیەکیان نەبوو بۆ دەرمانەکان کە دڵمان پێی خۆش بێت. ئازارەکانی زیاتر دەبوو و دکتۆرەکانیش دەرمانی ئازارشکێنییان بۆ زیاتر دەکرد؛ دواجار ڕێگەیان داین بیهێنینەوە ماڵەوە. هەموومان دەمانزانی ئەوە مانای چیـیە. وەک باڵندەیەکی ئاوەڕووتکراو لە سەر جێگاکەیەوە بە چاوەکانی کە تەنیا ئەندامێکی لەشی

بوون شایەتییان لەسەر زیندووبوونەکەی دەدا سەیری منی دەکرد، سەیری کچەکەی دەکرد، سەیری خوشکەکانی دەکرد، وەک ئەوەی باڵندەیەک بێت کەوتبێتە نێوان کۆمەڵێک ڕاوچییەوە و نەزانێت چی بکات، بە سیمایەکی ترساو و دڕدۆنگ و نیگەرانەوە سەیری دەکردین. خۆی دەیزانی دەمرێت، ئێمەش دەمانزانی دەمرێت، بەڵام دڵیشی بەوە خۆش بوو کە ڕەنگە نەمرێت، ئێمەش دڵمان بەوە خۆش بوو کە ڕەنگە نەمرێت، هەموومان دەمانزانی شتێک دەقەومێت. بە درێژایی شەوەکە ئازاری هەبوو، بە درێژایی شەوەکە هەموومان بێدار بووین. کاتژمێر چواری بەیانی بارودۆخی تێکچوو، هەستمان کرد چاوەکانی کەوتن، هەستمان کرد چاوەکانی وەک ئەستێرە خەریکە ئاوا دەبن. بێدەنگ بوو، وەک بەردێک بێدەنگ بوو، پێیەوە دیار بوو ئازارێکی زۆر دەشارێتەوە، پێیەوە دیار بوو دەیەوێت بمرێت و ئێمە نەزانین مردووە، بمرێت و بڵێت خۆ من نەمردووم. بە خۆگرمۆڵەکردنەکەیدا، بە گرژبوونی ماسولکەکانی لەشی و دەموچاوی دەمانزانی ئازارێکی زۆر لە جەستەیدا قەتیسماوە و ڕێگای نادات بێتە دەرێ. چاوەکانی داخستن، حەزمان دەکرد چاوەکانی دانەخات، حەزمان دەکرد سەیرمان بکات، ئێمە هەموومان سەیری یەکترمان دەکرد و سەیری ئەومان دەکرد، لە دڵی خۆماندا دەمانگوت ئاخ خۆزگە تۆش سەیرت دەکردین، سەعات چوار و نیو دکتۆرمان هێنا، دەمێک بوو بارانی وامان نەبینیبوو، دکتۆر تاکو لە ئۆتومبیلەکەیەوە هاتە ناو ماڵەکە هەموو گیانی تەڕ بوو، دکتۆرەکە گوتی ساڵانێکی زۆرە بارانی وامان نەدیوە. دەرزیەکی لێدا، دەرزی ئازار بوو، ئارەقکردنەوە و پاشان لەرزێکی هێواش

و ئینجا لەرزێکی قایمتر، گوتی دامپۆشن، دامانپۆشی، گوتی یارمەتیم بدەن ڕوو بکەمە دیوارەکە، یارمەتیماندا ڕووی کردە دیوارەکە، کاتژمێر پێنج ڕووی کردە دیوارەکە، وەک ئەوەی پێمان بڵێت ئیتر من دەڕۆم، وەک ئەوەی پێمان بلێت ئیتر من کارەکانم تەواو بوون، وەک ئەوەی پێمان بڵێت ئیتر هەر کەسەو ڕێگای خۆی، هەر کەسەو دەرد و دەرمانی خۆی، هەر کەسەو دۆزەخی یادگاریەکانی خۆی. ئەو پشتەی کردیە ئێمە جارێکی تر ڕووی تێنەکردینەوە، ڕووی تێنەکردینەوە کاتێک بەبێ ورتەو مۆلەق سەیری یەکترمان دەکرد، حەپەساو و سەراسیمە وەک ئەوەی لە پەرستگایەکی بودیدا بین بە نەرمی هەناسەمان دەداو گوێمان لە ترپەی دڵی یەکتر بوو، کە لە قەفەزەی سینگماندا لێی دەدا، ڕووی تێنەکردمەوە کاتێک دەستی لەناو دەستمدا بوو و سەیری برۆکانیم دەکرد کە چیدی برۆ نەبوون و هەڵوەریبوون، ڕووی تێنەکردمەوە کە سەیری شان و ملی لاواز و بێداروباریم دەکرد کە زەمانێک نیشانەی تێروتەواوی ژنێتی بوو. ڕووی تێنەکردینەوە، کاتێک دکتۆرەکەمان بەڕێ کرد کە لەو دۆخە سەختەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ماتەمینی و مردندا نەیدەتوانی ئەتەکێتی ئەریستۆکراتیانەی دکتۆرێک فەرامۆش بکات. بارانەکە لە دەرەوە خۆشی کردبووەوە وەک ئەوەی یارمەتیمان بدات بە هێمنی سەیری ئەو مردنە بێدەنگە بکەین. ڕووی تێنەکردینەوە کاتێک خزمەکانمان چوون کفنیان کڕی، مەلایان بانگ کرد، گۆڕیان هەڵکەند، ئاویان بۆ شۆردنی تەرمەکە گەرم کرد. ئەو ڕووی کردبووە دیوارەکەو پشتی تێکردبووین، پشتی تێکردبووین، پشتی کردبووە بارانەکە کە خۆشی کردبووەوە، پشتی کردبووە

درەختەکان، کە تازە لە بومەلێلی سپێدەدا تارماییەکانیان دەردەکەوت، پشتی کردبووە دنیای تەڕوتازەی دوای باران، پشتی کردبووە بەردەکان کە ئیتر وردەوردە بە تیشکە یەکەمینەکانی خۆر بریقەیان دەهات، پشتی کردبووە کچەکەمان کە یەکەمجار هێمن و دواتر وەک کانییەک بە قوڵپی هێواش و پاشان گریانەکەی تەقیەوە و هەموومانی راچڵەکاند. پشتی کردبووە چۆلەکەکان کە لە حەوشەکەدا دەیانجریواند و دەفڕین و دەنیشتنەوە و نەیاندەزانی چی قەوماوە.

ئەو ژنێکی جوان بوو، بەڵام لەو ژنە جوانانە بوو کە نازانن جوانن، چاوەکانی دەتگوت ژێرپیاڵەی چینین بەڵام بۆ خۆی نەیدەزانی چاوەکانی دەڵێی ژێرپیاڵەی چینین، سەنگین و ئاغر بە ڕێگادا دەڕۆیشت، دەڕۆیشت و بە جوانییەکەی هەوای دەوروبەری خۆی کوندەکرد، دەڕۆیشت و بۆنێکی لە فەزادا جێدەهێشت نەدەکرا گیرۆدەت نەکات. یەکەمجار لە دوا ساڵەکانی شۆڕشدا لە خەستەخانەیەک بینیم، پێش ئەوەی هەموو هیوایەک بە شۆڕش و هەموو شتێک تەواو بێت، تازە وتوێژی شۆڕش و حکومەت کۆتایی هاتبوو و شەڕ لە هەندێک جێگا دەستی پێکردبووەوە. شارەکەمان تۆپباران کرابوو، خەڵک خواردنی بۆ ماڵرووخاوەکان دەبرد، کچێکم بینی ئاوی دەدایە بریندارەکان، جلێکی سپی پەرستارەکانی لەبەردابوو، لە قەرەوێڵەیەکەوە بۆ قەرەوێڵەیەکی تر دەچوو، برۆکانی دەتگوت شمشێرن تازە لە کالان دەرکێشراون، بەڵام بۆ خۆی نەیدەزانی برۆکانی دەڵێی شمشێرن تازە لە کالان دەرکێشراون. بیرم نەماوە من چیم دەکرد لەو خەستەخانەیە، بۆچی لەوێ بووم، ئێ

خۆ من هەموو شتێکم بیر نەماوە، پیاوێکی حەفتاو ئەوەندە ساڵە؛ بە بیجامەیەکی بێجیەوە کە خەتی قاوەیی تێدایە بۆ دەبێت هەموو شتێکی بیر بمێنێت؟ چاوەکانی؛ لەناو ئەو هەموو خەڵک و هاتوهاوارەدا پەلاماریان دام، گوتم دەبێت ئەو کچە جوانە کێ بێت ئاو دەداتە بریندارەکان؟ جارێکی تر لەسەر قەبران بینیم، ئێوارەیەکی خۆڵبارانی سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەر بوو، خۆر وەک تۆپێکی گەورەی خۆڵاویی لە شاخەکە ئاوا دەبوو. با گەڵای وەریوی درەختە تۆزاوییەکانی ڕادەماڵی و لە سووچێکی دیواری نیمچەڕووخاوی گۆڕستانەکەدا کۆیدەکردەوە. ئەو ڕۆژە مامۆستایەکی سەردەمی قۆناغی سەرەتاییمان کوژرابوو و منیش لەگەڵ برادەرەکانم چووبووین بۆ سەر قەبران بۆ ناشتنەکەی. شارەکەی ئێمە بچووکە، تاوانەکان ون نابن، بەڵام دەبێت هەموومان خۆمان وا دەربخەین کە تاوانکارەکە ونە. شەڕ دەستی پێکردەوە و ساڵانێکی تاریکی بەدوادا هاتن، ساڵانێکی پڕ ئاشوب و پڕ کوشتار. هەموومان لەگەڵ ئەوە ڕاهاتین تاوانکارەکان لەگەڵماندا بژین، لەگەڵ ئەوەدا ڕاهاتین تاوانکارەکان بە میزاجێکی ساردەوە تاوانەکانییان بکەن و کەس نەیانگرێت، ئێمەش چاوەڕێ نەبین کەس بیانگرێت، ڕاهاتین بکوژەکان لە پرسەی کوژراوەکاندا ببینین ئاسایی بێن و بچن، بیانبینین لەسەر سووچی بازاڕێک لە دوکانێکدا دۆندرمە بخۆن، شەربەتی هەنار فڕبکەن، لە ترافیک لایتەکاندا لەناو ئۆتومبیلەکانیانەوە گوێ لە گۆرانی دەنگبەرز بگرن، لە مزگەوتەکاندا لەناو ڕیزی دوورودرێژی نوێژکەراندا بیانبینین، لە تەلەفیزیۆندا بیانبینین قسەی پڕوپوچ دەربارەی بابەتی زۆر گرنگ بکەن، ئینجا بینینی

تاوانکارەکان و ناسینیان درێژەی کێشا تاکو سەردەمی حوکمی خۆمالیش، ئیتر تاوانکارەکانمان لە سوپەرمارکێتەکان دەبینی، لە کافیکاندا لەگەل کچانی لاودا دەمانبینین، لە سینەماکاندا، لە فرۆکەخانەکاندا و پاشتریش لە فەیسبووکدا دەمانبینین بە شۆرتەوە لە قەراخ ئاوێکی قوبروسدا وێنەیان گرتووە، لە بەیرووت لە بەردەم ئەشکەوتی جعێتا، لە پاریس بە دەستیيان ئاماژەیان بۆ بورجەکە کردووە، لە میسر لەلای هەرەمەکانەوە سواری حوشترێک بوون، لە لەندەن سەعاتەکەی بیگ بێن لە پشتییانەوە دەرچووە. ئیتر سەردەمێک بوو تاوانەکان دەکران و سوور دەمانزانی تاوانکارەکان کێن و سووریش دەمانزانی ناتوانین لێیان بپێچینەوە. ئەو مامۆستایەش لە بارودۆخێکی ئاوادا کوژرابوو. دواتر زانیم ئەو مامۆستا پیرە مامی ژنەکەم بووە و چۆن کوژراوە. گۆرهەلکەنەکان پاچیان لە عەرزەکە دەوەشاند و نەفرەتییان لەو کەش و هەوا خۆلاوی و دلتوندکەرە دەکرد. پیاوەکان بە خاکەنازەکانیان خۆلەکەیان دەردەدا دەرەوە و بۆ خۆپاراستن لە هەلمژینی تۆز و خۆل دەم و لووتیان بە ملپێچ و جامانە هەلبەستبوو. لەپڕ لەناو ئەو هەموو سیما غەمناک و بێچارەیەدا چاوم کەوتە سەر ژنێک کە بە نەرمی دەگریا، ئاە دیسان ئەوە خۆیەتی هەمان ئەو ژنە جوانەی ڕۆژی بۆردومانەکە لە خەستەخانەکە ئاوی دەدایە برینداەرەکان. سەنگین و هێمن دەگریا. فرمێسکەکانی بەسەر گۆنایدا قەتارەیان بەستبوو و دەتگوت شەرابێکی خەستن دەڕژێنە سەر پارچەیەک ئاوریشم، بەلام خۆی نەیدەزانی فرمێسکەکانی دەلێی شەرابێکی خەستن دەڕژێنە سەر پارچەیەک ئاوریشم. تەنوورەیەکی ڕەشی درێژی لەبەردا

بخوێنین و پێی وابوو گەورەبین هەر یەکەمان دەبینە سپارتاکۆسێک، مامی ژنەکەی من بوو، کە بۆ دووەمجار بینیم لە کاتی ناشتنی مامۆستاکەدا بوو؛ سەنگین و سەلار دەگریا و فرمێسکەکانی دەتگووت شەرابن بەسەر حەریردا دەڕژێن، ئەو پیاوەی کچەکەی تاکو مردیش پشتی لەژێر باری هەستکردن بە گوناهـ ڕاست نەکردەوە و بەردەوام تارمایی باوکی بە شوێنییەوە بوو، لە خەونەکانیدا بوو، لە زیندەخەونەکانیدا بوو، لە خەیاڵیدا بوو، لە ئۆردوگاکاندا لە نێوان خێوەتەکانەوە بە سەری کونەوە هاتبووە بەر چاوی، شارە و شار و وڵاتە و وڵات ڕاوی نابوو، لە دۆڵەکاندا، لە ناو بەفر و دەشت و نواڵەکاندا بە دەموچاوێکی هەڵتەکیوەوە سەیری کردبوو، لەناو پاس و شەمەنەفەرەکاندا بە چاکەتی خوێناویەوە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو.

.....

دەمودەست گیانی دەرچوو و کەوتە سەر عەردەکە، نە نرکەیەک، نە ناڵەیەک، نە ئاهێک، بە دەماکەوت و دەموچاوی خوێناوی کەوتە ناو پووشی ساردی ئەو شەوەوە، خوێنەکە بە سەر ڕیشی سپی نەتاشراویدا، بەسەر چەناگەیدا، بەسەر مل و گەردنی پڕ چرچولۆچیدا لووزەوی بەست و ڕژایە سەر یەخەی چاکەتەکەی، ڕژایە سەر پووشەکە، ڕژایە سەر زەویەکە و ڕۆیشتە ناو درزی خاکە وشکەکە کە هێشتا یەکەم بارانی پاییز بەسەریدا نەباریبوو، ڕژایە سەر بلوسە ڕەشەکەی. بای ساردی شەوی پاییز تاکو بەیانی ئەو خوێنەی لاوەندەوە. ئەستێرەکان وەکو کۆمەڵێک چۆلەکەی حەپەساو سەیری ئەو غەدرەیان دەکرد، شۆڕەبییەکانی

قەراخی چەمەکە کە وەکو ژنە خانەدانەکان ڕاوەستابوون بە دەم بای پاییزەوە دەلەرینەوە و سەیریان دەکرد، بێچووە زیژکەکانی ناو پووشەکە کە دەنگی تەقەی فیشەکەکە سەراسیمەی کردبوون بۆنی ئەو غەدرەیان دەکرد، ماسییەکانی ناو ئاوەکە ڕەویبوونەوە و گوێیان لە زایەڵەی ئەو زوڵمە ببوو، پونگەی ڕۆخی ئاوەکە بە خەبەر هاتن و بۆنی خوێنەکە نەیهێشت بخەونەوە. مانگ دەمێک بوو غەدری وای نەبینیبوو، فریشتەکان کە لە دەوری لاشەکە جەم ببوون دەمێکبوو غەدری وایان نەبینیبوو. بەڵام ئیتر شارەکەمان لەگەڵ غەدرەکاندا ڕاهات و هەزاران غەدری دیکەی بەدوادا هات و کوژرانی مامۆستاکە بوو بە یەکێک لەو کوژرانانەی تێکەڵی مێژووی خوێناوی و خەمناکی وڵات بوو. ئێستا کە پیر و زورهانم و بیر لەو سەردەمە دەکەمەوە، بیر لە تاریکی و بێهیوایی ئەو سەردەمە، ترسناکی و نیگەرانیی قووڵی ئەو ساڵانە دێتەوە زەینم؛ دەلەرزم، ساڵانێکی تار بوون بە بەرچاوی خۆمانەوە تەمەنی گەنجیمان دەکەوتە ژێر قورسایی زنجیری تانکەکان، دەکەوتە ناو گێژەڵووکەی جەنگی بێشومارەوە کە تەواو نەدەبوون، گەنجێتیمان لەناو دەنگ و دوکەڵی تۆپەکاندا، لەناو گرمەی فڕۆکە و ڕاکردن و خۆشاردنەوە لەناو پەناگەکاندا، گریان بەسەر تەرمی هاوڕێ کوژراوەکانماندا، شەڕی بێهودەی ناوخۆ لە چیاکاندا دەبوو بە تۆز و غوبار؛ کاتێکیشمان دەزانی پیر بووین؛ پیر بووین و لەناو قوڕی ڕەشی یادەوەرییەکانماندا چەقیوین.

.....

# شەوێک پڕ لە خەون

شەو خەوەکەم پچڕپچڕ و ناڕێک بوو، جارجار خرتەخرتێکم گوێ لێدەبوو نەمدەزانی لە خەونمدایە یان لەناو ماڵەکەدایە، بە درێژایی شەوەکە لە خەونێکەوە بۆ خەونێکی تر بازم دەدا، لە خەونێکمدا لە دەشتێکی قاقڕی پڕ لە دڕکەزەردەدا بووم خۆرەتاوێکی گەرم بوو تا چاو هەتەری دەکرد دڕکەزەردەبوو؛ نەمدەزانی من بۆچی لەوێم و بە حەپەساوی سەیری مەودا دوورەکان و هەتاوی سووتێنەرم دەکرد کە بە شەپۆلی گەورە بە سەر دەشتەکەدا دەڕژا. لە خەونێکی ترمدا لەناو حەوشەی زیندانێکدا بووم، هەستم دەکرد ئەو زیندانەم پێشتر بینیوە، بەندییەکان لەناو حەوشەکەدا بە جلی پرتووکاوی زیندانەوە دەهاتن و دەچوون و جلەکانیان پڕ دەبوو لە هەوا. لە خەونێکی ترمدا کۆمەڵێک پیاو لە تاریک و ڕوونی ئێوارەیەکدا لە لای خانوویەکی کۆن بە تێکەڵوپێکەڵی دێن و دەچن و بە تێکەڵوپێکەڵی گۆرانی دەڵێن و ژاوەژاو دەکەن و گرمەوناڵەیان لە کۆنوێژ و نزای خێڵێکی سەرەتایی



Scanned with CamScanner

دەچێت. لە خەونێکی ترمدا پیاوێک دەبینم رادیۆیەکی کۆنی ناوە بە گوێچکەیەوە و گوێی لێدەگرێت لەبەر خشەخشی رادیۆکە ڕوون نییە گوێی لە چی گرتووە، دەزانم ئەو پیاوە برادەرمە؛ بەڵام ناوەکەیم بیرچۆتەوە. بە قورگی وشکەوە بە خەبەرهاتم و لە درزی پەردەی پەنجەرەکەمەوە تیرۆژی خۆر هاتبووە ژوورەوە. لە جێگاکەم هاتمە دەرەوە و چووم پەرداخێک ئاوم خواردەوە. لە قوژبنی ژوورەکەدا تەڵەکەم بینی کە لە شێوەی قەفەزی باڵندەکاندا بوو؛ جرجێکی گرتووە. تەڵەکەم هەڵگرت و چوومە حەوشەکەوە، لەوێوە ڕۆیشتمە ئەو ژوورەی لە پشتی خانووەکەمانەوە بوو و کەلوپەلی ئیشکردن لەناو باخچە و کۆمەڵێک پارچەئاسنی بێکەڵک و تایەی کۆنی ئۆتومبێل و کیسەی چیمەنتۆ و لم و ورتکەوپرتکەی تری تێدابوو. لە ژوورەکەدا جرجەکەم بەرەڵا کرد و وەک ئەوەی بڕوا نەکات یەکەمجار بە دوودڵی پاشان بە خێراییەکی زۆر خۆی کرد بە ژێر کەلوپەلەکاندا. ڕۆیشتم دەرگای ژووری سەگەکانم کردەوە کە لە ڕاستیدا هەر دامنەخستبوو؛ تەنیا هێنابوومەوە یەک. ژوورەکەیان بچووک بوو و سەرەڕای بەفرەکەی دەرەوە هێشتا هەر کە چوومە ژوورەوە هاڵاوێکی گەرمیم بۆ هات و خێرا بەرەوڕووم هاتن گوتم وەرن وەرن وەرن. چووم خواردنم بۆ هێنان و ئاوەکەم بۆ گۆڕین. هاتنە ناو حەوشەکەوە و خۆرەتاوەکە وردەوردە بەفرەکەی زیاتر دەتواندەوە و کاتێک پێمان لە بەفرەکە دەنا بە شلی لەملاولای پێڵاوەکانمانەوە فیچقەی دەکرد. دەنگی چۆڕاوگەی ئاوەکە دەهات کە لە تووانەوەی بەفرەکەی سەربانەوە دروست دەبوو و لە گوێسووانەی خانووەکەوە دەڕژا. چوومەوە ژوورەوە لە موبەقەکە

قاوەیەکم ئامادە کرد. نزیک نیوەڕۆ بەفری بەردەم دەرگای حەوشەکەم ڕادەماڵی لە دوورەوە ئوتومبیلێکم بینی کە نزیکتر بووەوە زانیم ئوتومبیلی کچەزاکەمە. کاتێک گەیشت، ئەمجارەیان جلەکان و دەمامکەکانی زۆر تۆکمە و و کونبڕ تر بوو کە شایەتی لەسەر خراپتربوونی بارودۆخەکە دەدا. گوتی باپیرە دۆخەکە شلۆقە، ژمارەیەکی زۆر زیاتر خەڵک پەتاکەیان گرتووە، واتەواتی ئەوە هەیە هاتوچۆ بە تەواوی قەدەغە بکرێت؛ ئەگەر وەزعەکە خراپتر بێت منیش دێم بۆ ئێرە، گوتم وەرن وەرن وەرن. کچەزاکەم سەگەکانی بینی گوتی ئۆی بابە میوانەکانت هاتوون. خواردنێکی زۆری بۆ هێنابووم کە بەشی بنەماڵەیەکی دەکرد بەڵام قەیناکات چونکە من میوانم هەبوون. تاکو عەسر لەلام بوو و دواتر ڕۆیشت. پێی گوتم خەمی هیچم نەبێت، پێی گوتم هەموو شتێک باش دەبێت تەنیا دەبێت ئاگامان لە خۆمان بێت، پێم گوت وەرە بۆ ئێرە هەتا هاتوچۆ تەواو قەدەخە نەکراوە، پێی گوتم باش. ڕۆیشت و من و سەگەکان سەیرمان دەکرد کە لە دوورەوە ئوتومبیلەکە دوکەڵی دەکرد و تاکو ئیتر وەک پنتێکی بچووکی لێهات و تەواو لە چاو ون بوو.

ئەمڕۆ خەیاڵم پەرت بوو و بە تەواوی نەمدەتووانی بیر لە شتێکی دیاریکراو بکەمەوە. فیکرم هەر دەمەی لە شوێنێک بوو، تاوێک بیرم لە خەونە بێ سەروبەرەکانی دوێنێ شەو دەکردەوە، دڕکەزەردەکان و دەشتە کاکی بە کاکییەکە، پیاوەکەی گوێی لە ڕادیۆیەکی کۆن گرتبوو، حەوشەی زیندانەکە، پیاوانی لای خانووە کۆنەکە و سرووتە پڕ غەڵبەغەڵبەکەیان، تاوێک خەیاڵم لای کچەزاکەم بوو، بیرم لە شارەکە و مێژووە خوێناوییەکەی دەکردەوە؛ لە بەر

خۆمەوە دەمگوت 'دەبێت ئیتر ئەوە کۆتایی شارەکە نەبێت؟ دەبێت ئەم پەتایە کۆتایی بە هەموو شتێک نەهێنێت؟ بە حەواسێکی پەرتەوە دەستم بە پشتی سەگەکاندا دەهێنا و لە ژوورەوە دەهاتمە دەرەوە و لە دەرەوەوە دەچوومە ژوورەوە، بەبێ هیچ هۆیەکی دیار بە قادرمە کۆنکرێتییەکەدا دەچوومە سەربان و سەیرێکی شاخ و ئاسمان و ئاسۆ دوورەکانم دەکرد و دەهاتمەوە خوارەوە، هەندێک ئاوردوم بردە ژوورەوە بۆ سۆپاکە و داگیرساند، هەندێک ئاوم کردە ناو مەنجەڵێکی بچووک و دوو پەتاتەم تێکرد و خستمە سەر سۆپاکە. خواردن و ئاوم بۆ سەگەکان دانا و بردمنە ژوورەکەیان. بە هەمان حەواسپەرتی و بیرکردنەوە لە ژیانی خۆم و مێژووی شارەکە شەوەکەم تێپەڕاند و چەند جارێک ویستم کتێب بخوێنمەوە، بەڵام زەینی خۆم بۆ کۆنەدەکرایەوە و چەند لاپەڕەیەکم دەخوێندەوە و کاتێکم دەزانی هیچ تێنەگەیشتووم و وازم دەهێنا، ئیتر چوومە ناو جێگاکەم و خەوێکی قووڵ خەوتم.

.....

# بەسەرهاتی کۆمەڵێک گەنج کە مێژوو تاروماریان دەکات

ئێمە کۆمەڵێک گەنج بووین، یەکێکمان شەرمن، یەکێکمان تووڕە، یەکێکمان نیان، یەکێکمان توندوتیژ، یەکێکمان خەمۆک، یەکێکمان دڵخۆش، بەڵام هەموومان لەناو بچووکی ئەم شارەدا گیرمان خواردبوو، هەموومان خەونمان بەوەوە دەبینی شارێکی تر و مەملەکەتێکی تر ببینین، هیوایەکی زۆرمان بە شۆڕش بوو ئاسۆی دیکە و دەروازەی دیکەمان بۆ بکاتەوە. بەڵام لەپڕ شۆڕش ڕما و وەک ئەوە وابوو کتوپڕ بکەوینە ناو چاڵێکی تاریکەوە، بکەوینە ناو تەمێکەوە ڕێگاکانمان لێ ون بکات، وەک کۆمەڵێک ڕیشۆڵە بکەوینە ناو قەفەزێکەوە و لەتاوا خۆمان بە تەلەکان بکێشین.

ڕێکەوت وابوو لە بەرەبەری کۆتاییهاتنی شۆڕشدا ژنەکەمم ناسی و ئیتر ژیانی من ڕێڕەوێکی وەرگرت دەتوانین بڵێین جیاواز لە ڕێڕەوی برادەرەکانی ترم. ماوەیەک سەربازی، ماوەیەک ژیان لە حەشارگەکاندا وەکو سەربازێکی هەڵاتوو، چەند ساڵێک لە ناو شار مابنەوە،

چەندساڵێک چووینە شاخ، چەند ساڵێک چووینە ئەوروپا؛ ئیتر ژیانمان لەناو پەتپەتێن و بگرەوبەردەی ڕۆژگاردا تەفروتوونا بوو. دواجاریش؛ دوای ڕاپەڕین گەڕاینەوە شارەکەمان و دەمانەویست پەتی پچڕاوی ئەو هەموو ساڵ و سەردەمانە گرێ بدەینەوە. بەڵام برادەرەکانمان پەرتەوازە ببوون و زەبری ئەو مێژووەی حوکمی شارەکەی دەکرد هەر یەکەمانی فڕێ دابووە قوژبنێکەوە. نەزهەت دوای ئەوەی هەندێک نووسینی پارتێکی دژبەری حکومەتی پێدەگیرێت گولەباران کرابوو و شۆکی مردنەکەی؛ دایکی کردبووە ژنێکی دێوانە و لەنێوان گریان و پێکەنینە بێهۆو و کتوپڕەکانیدا دەیگووت: ئەوە کوڕەکەم بۆ نەهاتەوە؟ ئەو چەند جارەی سەردانیم کرد هەر جارەی بە ناوی یەکێک لە برادەرەکانی سەردەمی گەنجیمان بانگی دەکردم. یەکێکمان لە جەنگی موحەمەرە کوژرابوو و لاشەکەی بە پارچەپارچەکراوی گەڕابووەوە ناوشار، بەڵام لەم کتێبەدا ناوی ناهێنم و چیرۆکەکەشی ناگێڕمەوە، چونکە بەسەرهاتەکەی هێندە غەمناکە دایک و براکانی پێیان گوتم ئەگەر ڕۆژێک چیرۆکی ئەم شارە و برادەرەکانی خۆتت نووسییەوە ناوی کوڕەکەی ئێمە مەهێنە، لێی گەڕێن با ئەو ڕۆحە هەڵوەدایە کەمێک پشوو بدات؛ ئەگەر ڕۆژێک ئەوان بۆچوونی خۆیان گۆڕی و ڕازی بوون چیرۆکەکە باس بکرێت ئەوا ڕەنگە کەسێکی تر هەبێت بیگێڕێتەوە، چونکە تازە من پیر بووم و پێناچێت فریای ئەوەیان بکەوم. نەدیم چەلەبی یەکێکی ترمان بوو؛ دە ساڵ دوای ئەوەی هەواڵی کوژرانی هاتبوو و تەرمێکی شێواویان بۆ هێنابوونەوە و کەسوکارەکەی پرسەیان بۆ دانابوو و لەگەڵ مردنەکەیدا ڕاهاتبوون؛ دوای



Scanned with CamScanner

نیوەڕۆیەک خۆی کردبووەوە بە ماڵدا و گوتبووی خۆ من نەکوژراوم و بەو هاتنەوە چاوەڕێنەکراوەی هەموو برا و خوشکەکانی سەراسیمە کردبوو؛ سەراسیمەی کردبوون و جارێکی تر براکەی جارانی خۆیان نەبینیبووەوە چونکە ئەوەی لەبەردەمیاندا قوت ببووەوە پیاوێکی سەیروسەمەرە بوو کە جەنگ و دیلێتی کردبوویان بە کەسێکی حولحولی؛ خوشکە بچووکەکەی دەگریا و دەیگووت من براکەی خۆمم دەوێتەوە ئەوەی دەیکردمە قەڵاندۆشکان، ئەوەی بە دەموچاوی و سمێڵی شێوەی پێکەنیناوی دروست دەکرد و لە باوەشی دەکردم و بۆنی مەعجوونی ڕیشتاشینەکەی لەبەر لووتم بوو. فەرەیدوون کوێستانی لە کێڵگەی مینەکانی سەرسنووردا قاچێکی پەڕیبوو و بەخۆی و دارشەقەکانییەوە بە شەقامەکانی شاردا دەڕۆیشت و کاشیەکانی شۆستەی دەژمارد و بیری لەو هەموو خەونانەی سەردەمی گەنجێتی دەکردەوە، کە یەک دانەشییان نەهاتبوونە دی و ببوون بە غوبار. نەریمان سەلیم، کە من زۆرجار لە دڵی خۆمدا پێم دەگوت نەرسیسی نەگبەت و چارەڕەش لە خەوتن لە ئامێزی ژنەکاندا پەناگای دۆزیبووەوە و لەم وڵات بۆ ئەو وڵات، لەم مەملەکەت بۆ ئەو مەملەکەت، لەم ژن بۆ ئەو ژن بە دوای ئاسوودەییدا گەڕابوو و نەیدۆزیبۆوە.

.....

# بەسەرهاتی ونبوونی نەریمان سەلیم لە باوەشی ژنەکاندا

## یاخود سەرگوزەشتەی نەرسیسی چارەڕەش

لە یەکێک لە سەفەرەکانی بۆ وڵات نەریمان سەلیم هات بۆ لام پێم گوت تۆ کەنگێ لە باوەشی ژنێکدا ئۆقرە دەگریت و واز لەو تەنافبازیانە دەهێنیت گوتی کە مردم !پێم گوت کەی دێیتەوە بۆ ئەم شارە و بە ئارامی دادەنیشیت گوتی قەت. ڕۆژێک باسی سەوداسەری خۆی و گەڕانی دێوانەئاسای خۆی بەدوای ژنەکاندا بۆ دەکردم، پێم گوت با چیرۆکێکی بالولی دانات بۆ بگێڕمەوە :ڕۆژێک دەستەیەک پیاو لە بالولی دانا دەپرسن ژنەکان هەموویان یەک تامییان هەیە یان جیاوازن؟ بالولی دانا کۆمەڵێک هێلکەی مریشک دێنێت و ڕەنگیان دەکات، یەکێکیان سوور، یەکێکیان شین، یەکێکیان زەرد، یەکێکیان ڕەش، یەکێکیان سەوز، یەکێکیان پرتەقاڵی و یەکێکیان قاوەیی و ئینجا هێلکە ڕەنگکراوەکان دەخاتە بەر دەستی پیاوەکان و دەپرسێت ئەوانە چین؟

ئەوانیش دەڵێن هێلکەن، پاشان بالول دەڵێت ئی ئەو هێلکانە ڕەنگییان جیاوازە، بەڵام خۆ هەموویان هەر هەمان تامییان هەیە، ئەم نەزیلەیە بۆ ژنەکانیش دروستە، ژنەکانیش بە هەمان شێوەن ڕەنگ و قەڵافەت و سیمای جیاوازیان هەیە، بەڵام هەمان تامییان هەیە. کە ئەو چیرۆکەی بالولی دانام گێڕایەوە نەریمان سەلیم زۆر پێکەنی، لە کاتێکدا من بۆ پێکەنین نەمگێڕابووەوە. گوتی ئەوە بەڕاست بالول ئەوە عەقلی بووە و پێیان گوتووە دانا؟ چۆن دەکرێت کەسێک پێی وابێت ژنەکان هەموویان وەک یەکن و پێی بڵێن دانا؟ نا! هەرگیز وانییە، هیچ ژنێک لە ژنێکی دیکە ناچێت، خەوتن لەگەڵ ژنێکدا وەکو خەوتن نییە لەگەڵ هیچ ژنێکی تری ئەم دنیایە، بۆنی هەناسە و گەردنی هیچ ژنێک لە بۆنی هەناسە و گەردنی ژنێکی تر ناچێت. هەندێکیان لە دوای تێکەڵبوون و لە کاتی تەواوبووندا سیمایان وەک ڕۆژێکی سامالی بەهاری دەکرێتەوە و فراوان دەبێت، هەندێکیان ڕەنگی چاویان بەشێوەیەک دەگۆڕێت کە نازانیت ئەوە ڕەنگی چاوی ژنێکە، یان چاوی مامزێکی تۆقیوی سەحرایە، هەندێکیان نرکەونالەیان وەک نرکەونالەی پشیلە مێیەکانی مانگی ڕەشەمێیە، هەندێکیان وەک ئەوەی نەتوانن ئەو هەموو شادی و ئۆخژنە بگۆڕن بە دەنگ بە حەپەساوی سەیرت دەکەن، هەندێکیان وەک ماڵۆسێکی ماندوو لە پەلوپۆ دەکەون، هەندێکیان وەک کۆتری سەربڕاو هەڵدەپەڕن، هەندێکیان وەک کانیباڵەکان دەیانەوێت بە قەپاڵ بتخۆن و هیچت لێ نەهێڵنەوە، هەندێکیان دەیانەوێت بە نینۆکەکانیان بۆ هەتاهەتایە یادەوەری ئەو پێکەوەبوونە لەسەر پشتت جێبهێڵن، هەندێکیان دەیانەوێت بە گاز ملیان



Scanned with CamScanner

شین و مۆر بکەیتەوە و دواتر بە سەرپۆشێک بیبەستن و بلێین قورگمان دیشێت، هەندێکیان هێندە هاوار دەکەن دەنگیان دەنووسێت و دەڵێن بە ناوی سارد وامان لێهاتووە، هەندێکیان هەتاهەتایە لە ناوتا دەژین، هەندێکیان جگە لە خۆڵەمێشی پەشیمانی و ئازاری قووڵی ویژدان هیچی تر لە دوای خۆیان بەجێناهێڵن، هەندێکیان لە ئازار و بیرەوەریە خنکاوەکانی ڕابردووی خۆیان هەتووان دروست دەکەن و دەیخەنە سەر برینەکانت، هەندێکیان دەردێکت دەدەنێ تا دەمریت دەبێت خەریکی تیمارکردنی بیت، هەندێکیان بۆنی عەتری یادەوەریەکانیان تاکو ناو تابووتەکە دێت لە گەڵتا، هەندێکیان بۆکرۆزی نەفرینەکانییان تا قیامەت لێت نابێتەوە. گوتم نەریمان بەسە بەسە بەسە، گوتم نەریمان ئێمە پیر بووین و داسەکناین تۆ کەنگێ دادەسەکنێیت؛ گوتی کە مردم! گوتم نەریمان کەی دێیتەوە ئەو ساڵانەی ماوتە لەتەک ئێمەدا بەڕێی دەکەیت؛ گوتی قەت.

پاشتر و دوای ساڵانێک هەواڵی نەریمان سەلیمم زانی، دوای ئەوەی لە هەموو شارەکان، لە ماڵبەکۆڵیی و پێچانەوەی جانتا، لە هەموو ماچەکان و باوەشەکان، لە هەموو خاک و مەملەکەتەکان بێزار دەبێت، لەو ئاگرە بێزار دەبێت کە نێڵەنێڵ لە هەناویدا دەسووتێت، لە هەوڵی بێوچان و بێهوودەی خۆی بۆ گرتن و ماڵیکردنی هەموو جوانییەکان، لە ڕەنجی بێ سەمەری خۆی بۆ تامکردنی هەموو شەرابەکان ماندوو دەبێت. بەیانییەک لە خەو هەڵدەستێت، خۆی دەشوات، کراسە سپییەکەی لەبەر دەکات کە لە بازاڕی نێکست کڕیبووی، پانتۆڵە ڕەشەکەی دەکاتە بەر کە قوماشی ئینگلیزی نایاب بووە، پاڵتۆ ئاودامانەکەی

دەکاتە بەر کە لە بازاڕی مارکس ئەند سپێنسەر کڕیبووی و ئیتر دۆستەکانی بە لاقرتێوە پێیان دەگوت ئیتر ئەویش تەمەنی هەڵکشاوە و دەبێت ئیتر لەو بازاڕە شت بکڕێت، پێڵاوەکانی دەکاتە پێ کە مارکەی کلارکس بوون و هەمیشە بە ڕەونەق و تازە دیار بوون. قژە پڕە ماش و برنجییەکەی دادەهێنێت کە وایدەکرد لە ئەلپاچینۆ بچێت لە تەمەنی کامڵیدا. دەچێتە کافێیەک قاوەیەک دەخواتەوە، نانی بەیانی دەخوات، دواتر قاوەیەکی تریش دەخواتەوە، سەیرێکی ڕۆژنامەی گاردیانی ئەو ڕۆژە دەکات، تاکو دەمەدەمی نیوەڕۆ خۆی بەو شتانەوە دەخافڵێنێت و پاشان دەڕوات لە قەرەباڵخترین وێستگەی سەرەکی شەمەنەفەری ناو شاری گلاسگۆ خۆی دەخاتە ژێر شەمەندەفەرێک و لەناو قریوە و هاتوهاوار و حەپەسانی ڕێبوارە تۆقیوەکان و دەنگی شووتی ئاگادارکردنەوەی بەرزی شەمەنەفەرەکەدا لە دەست بێئۆقرەیی و نائارامی قووڵی خۆی ڕزگاری دەبێت.

دەبێت لەو کاتەدا ئەو ڕێبوارانەی وێستگەکە چۆن بیریان لە نەریمان سەلیم کردبێتەوە؟ هەرچۆنێک بێت هیچ کەسێک بیری بۆ ئەوە نەچووبوو؛ ئەو پیاوە لە ئێوارەیەکی ئۆکتۆبەری خۆڵبارانددا لە سەر قەبران و لە کاتی ناشتنی مامۆستایەکی کوژراودا، لە شارێکی پەراوێزیی ئەم دنیایەدا گریابوو، گریابوو و وەکو هەمیشە خەونی بەوەوە بینیبوو ببێت بە ئەکتەرێکی بەناوبانگ، خەونی بینیبوو ببێت بە کەسێکی وەکو دینیرۆ لە فیلمی 'شۆفێری تاکسی'، کەسێکی وەکو جاک نیکڵسن لە فیلمی' چایناتاون'، کەسێکی وەکو ویلیام ڕێد فیڵدی فیلمی 'ئەوەی بەسەر هێلانەی کوکودا فڕی'، خەونی بینیبوو و خەونەکانی بەر دیواری ڕەق و

زبر و کەتواریی شارێک کەوتبوون کە هیچ دەرفەتێکی شک نەدەبرد بیدات بە کوڕ و کچە خەوبینەکانی، خەونی بینیبوو و ڕۆژێک هەستدەکات هەر هەموو خەونەکانی پیس بوون، وەک چۆن باڵندەیەک دوای ماوەیەکی زۆر خەوتن لەسەر هێلکەکانی؛ هێلکەکانی پیس دەبن، وەک چۆن ماسییەک گەراکانی لەناو لیتەی قەراخ ئاوێک دادەنێت و دوای کشانەوەی ئاوەکە هەموو گەراکانی دەمرن. ئیتر واز لە خەونەکانی دێنێت و بڕیار دەدات تۆڵەی ئەو هەموو خەونە زڕانەی لە دنیا بکاتەوە، وەک دۆنکیشۆتێکی خەمگین شمشێرێکی دارین بەڕووی دنیادا هەڵدەکێشێت و دەکەوێتە جەنگ و لە یەکەم چرکەوە دیارە کێ دۆڕاوەکەیە. یەکەمجار بە دوورکەوتنەوە لە فیلم و ئەکتەر و دنیاکەیان و ئینجا بە لەیادکردنی ناوی فیلمەکان و دەرهێنەرەکان دەستپێدەکات، هەر هەموویان لە یادەوەری خۆی دەردەهێنێت وەک چۆن بێریڤانێک مێشێک لەناو مەنجەڵێک شیردا دەردەهێنێت. کاتێک من نەریمان سەلیمم بینییەوە فیلمەکانی میلێش فۆرمان و ڕۆمان پۆلانسکی لە یەک جیا نەدەکردەوە، ناوی ستانلی کوبریک و ئەلفرید هیچکۆکی تێکەڵ دەکرد، هەرچەند کردم ڕووداوە سەرەکییەکانی فیلمی گۆدفازەری بیر نەهاتەوە تەنیا ئەوەندەی بیر مابوو کە ئەلپاچینۆ و ڕۆبێرت دینیرۆ لەو فیلمەدا بەیەکەوە ڕۆڵ دەبینن و ئەوەی بەلاوە شتێکی خۆش بوو؛ بەڵام نەمزانی بۆچی ئەوەی بەلاوە خۆشە، زۆر هەوڵمدا فیلمی 'دوانزە پیاوی توڕە'ی نەهاتەوە خەیاڵ لەکاتێکدا سوور دەمزانی من و ئەو بەیەکەوە سەیری ئەو فیلمەمان کردبوو.

.....

نەریمان سەلیم مل بە بزنس و پارەپەیداکردنەوە دەنێت، دوای ئەوەی قازانج و داهاتێکی جێگیر زامن دەکات لەسەر سەر خۆی فڕێدەداتە ناو باوەشی ژنەکانەوە، ناو چێژێکەوە کە سەروبنی دیار نییە، وەک دەریاگەڕێک کە بۆ ڕاوکردنی مرواری و مەرجان لەسەر سەر خۆی فڕێدەداتە دەریایەکەوە و هەتا مرواریەک دەبینێتەوە هەڵوەدای گەڕان دەبێت بە دوای مرواریەکی تردا، مەرجانێک ڕاو دەکات و خولیای ڕاوکردنی مەرجانێکی تر دەکەوێتە کەلەی، گەنجینەیەک دەدۆزێتەوە و ئاگری دۆزینەوەی گەنجینەیەکی تر دێتە گیانییەوە، پاشان لە دەهلیزەی سەرکێشییەکانی خۆیدا ون دەبێت، لەناو سەرابی خەیاڵ و ڕێویلکەی واقیعدا سەری لێدەشێوێت و زەحمەت دەبێت بۆی بزانێت کامیان کامیانە، دەچێتە لای ژنێک و یەکسەر بۆی دەردەکەوێت ئەوە ئەو ژنە نییە کە ئەو بەدوویدا وێڵە، دەچێتە شارێک و هەست دەکات چووە بۆ شارێکی هەڵە، لە وێستگەیەک دادەبەزێت و دەبینێت وێستگەی ئەو نییە. ڕۆژێک؛ هەست دەکات ئەم دنیایە دنیای ئەو نییە، ئەم زەمین و زەمانە زەمین و زەمانی ئەو نییە، هەست دەکات هەڵەیەک ڕوویداوە دەبێت ڕاست بکرێتەوە، خشتێک لە دیوارێک کەوتۆتە خوارەوە و دەبێت بخرێتەوە شوێنی خۆی، هەست دەکات هەموو ژیانی بە ڕێگەیەکی خوار و خێچدا هاتووە، هەست دەکات ئەمە ئەو ژیانە نەبوو کە ئەو دەیەویست، ئەو شوێنە نەبوو، کە ئەو بۆی هاتبوو، بەڵام تازە دەرفەتی گەڕانەوە نەمابوو؛ پاشان گەڕانەوە بۆ کوێ؟ کاتێک ئاوڕ دەداتەوە چی دەبینێت، هەیهوو هەیهوو، دەشتێکی قاقڕ و دێم و بێپیت، باخێکی بێبەر، دارستانێکی بێ سێبەر، چۆڵەوانییەک دەبینێت

زەندەقی دەبات، خۆی وەک درەختێکی رووتی سەحرایەک دێتە بەرچاو، درەختێکی بێگەڵا و بێلق و بێرەگ، خۆی وەک منداڵێک دێتە بەرچاو لەناو ئاپۆرەی شارێکی گەورە و قەرەباڵخدا دەستی لە دەستی دایکی بەربووبێت و ون بووبێت، وەک مەلێک هێلانەکەی خۆی بۆ نەدۆزرێتەوە، ئاوڕ دەداتەوە و دەڵێت ئەو چۆڵەوانییە چییە؟ ئاوڕ دەداتەوە و هیچ نابینێت جگە لە بۆشاییەکی ئەبەدی.

.....

نەریمان سەلیم؛ دوای ئەوەی سنوورەکان دەبڕێت، لە زیندانەکانی تەوریز و خوی لە ئێران لەگەڵ پاکستانی و ئەفغانیە بێنەواکاندا کە لە جەنگە بێ برانەوەکانی ئەو میرانەی جەنگ کە هەر یەکەیان پاشناوێکی ئەڵلایان پێوە بوو ڕایان کردبوو؛ زیندانی کرابوو، لەگەڵ سی کەسدا خرابووە ژوورێکی بچووکەوە کە لە بنەڕەتدا بۆ چوار کەس زیاتر نەدەگونجا، لەناو بۆن عەرەق و چڵکی ئەو هەموو ئەلکهولیستە بیمار و خەمبارانە، ئەو هەموو ئالودەبووە بە مادەی هۆشبەر و ئەو هەموو گەنجە بێهیوا و بێئایندانە ڕۆژی کردبووەوە، لە ناو بەفری ئەستووری کوێستانە سەختەکانی سەر سنووردا کەوتبووە ناو کەمینی سەربازان و تەقەی لێکرابوو و ڕایکردبوو، لە گۆڕستانە کۆنەکاندا کە ساڵانێکی زۆر بوو زیندوویەکیان تێدا نەبینرابوو خەوی قووڵی مردووەکان بزڕێنێت خۆی حەشاردابوو و بۆ ڕەواندنەوەی ترسەکەی خۆی بە کزۆڵەیی گۆرانی گوتبوو، لە گەوڕەکاندا و لە پەنای گۆلکەساواکاندا کە بە زمانی دایکیان تووکەکانیان لێسرابووە و وەکو ئەوە وابوو شانە کرابێتن، لە پشتیرەکاندا و لە تەنیشت مەڕەکاندا کە

بە چاوە جوان و گەورەکانیان سەیریان کردبوو، لە جێ نزرگەکەکاندا، لە پەنا گابەردی شاخەکاندا خەوتبوو و خەونی بەوەوە بینیبوو ببێتە ئەنتۆنی کوین. ڕۆژێک دوای ئەو هەموو نیگەرانی و ماندوێتییەی ڕۆیشتن بە ناو دەشت و شاخ و بەفر و ڕووبار و چەمەکاندا، دوای ئەو هەموو ترس و دڵەڕاوکێیەی تێپەڕین بە خاڵەکانی پشکنیندا، دوای ئەو هەموو درۆ و دەستبڕین و فێڵ و تەڵەکە و پاشقول و بینەوبەردەی قاچاخچییەکاندا؛ گەیشتبووە سەر ئاوێک، لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی تردا گەیشتبووە سەر ئاوێک و وەک نەرسیسی ناو ئەفسانە یۆنانییەکان وێنەی خۆی لە ئاوەکەدا بینیبوو، بەڵام نەرسیسێک نا کە شەیدای جوانییەکەی خۆی دەبێت، بەڵکو نەرسیسێکی پەشێو، نەرسیسێکی ڕوومەت قوپاو، نەرسیسێک کە قۆڕەی سکی هاتبوو لە برسا و قاچاخچییەکان پێیان گوتبوون نابێت نان بخۆن چونکە لەناو یەختەکەدا نەخۆش دەکەون و دەڕشێنەوە، نەرسیسێکی بەدبەخت کە پێیەکانی لەناو پێڵاوە بۆگەنەکانیدا خوسابوون، نەرسیسێکی دەربەدەر کە لەبری ئەوەی عاشقی وێنەکەی خۆی ببێت؛ ترسابوو، کەمێک کشابووەوە دوواوە و دواتر تەواو سەیری کردبوو، پیاوێکی هیلاک بە ڕیشێکی درێژەوە، بە قژێکی چڵکن و بژەوە، بە چاوانێکی پڕ گومان و دوودڵی و حەسرەتەوە سەیری کردبوو و ئەو هەستەی دابوو پێی کە ئیتر ئەو نابێت بە جۆن واین؛ ئەمەش ترساندبووی، دڵی ئێشاندبوو و خەمناکی کردبوو، ئەمەش وایکردبوو درزێکی بچووک بکەوێتە ڕۆحیەوە کە هەموو ژیانی خەریکی چاککردنەوەی ببوو بەڵام ڕۆژبەڕۆژ درزەکە گەورەتر دەبوو، ساڵانێکی

زۆر دواتریش لە شکستەکانیدا، لە نائومێدییەکانیدا، لە شارانگەڕییەکانیدا، لە جامخانەی بار و کافێ و دوکانەکاندا، لە ئاوێنەی حەمامی هوتێلەکان و لە ئاوێنەی حەمامی یارە جۆراوجۆرەکانیدا، لە جامی پاس و ترەینەکاندا ئەو نەرسیسە چلکنەی بینیبووەوە، بینیبوویەوە و هەرجارەی بەشێوەیەک سەیری کردبوو، جارێک بە زەردەخەنەیەکی نەعلەتییەوە، جارێک بە سیمایەکەوە کە وای لێکدابووەوە بەزەیی پێیدا دێتەوە، جارێک بە نیگای پڕگلەییەوە، جارێک بە تووڕەییەوە، جارێک ئاسایی و جارێک بە دەموچاوێکەوە کە خەریکە بگریت سەیری کردبوو، کە وێنەی خۆی لەناو ئاوەکەدا دەبینێت ئەو نەرسیسە داماوە؛ خێرا بە هەردوو دەستی ئاوی کردبوو بە دەموچاویدا و ئەو خایلەیەی لە مێشکی خۆی دەرکردبوو. ڕووداوەکانی دواتر هێندە مژدەبەخش نابن. ئەو ڕۆژە تاکو ئێوارە لە ناو توترک و درەخت و گیا و زەمەندی نزیک ئاوەکە خۆیان دەشارنەوە، بێهەست و خوست، بێ ورتە و دەنگ تاکو ئێوارە لەبەردەم هێرشی مێش و مەگەز و مێشوولەکانی ناو زەل و قامیشەکانی کۆتایی مانگی نیساندا هەدادانیان نەبوو، کاتێک تاریک داهاتبوو هاتبوونە دەرەوە و چاوەڕوان ببوون. نیوەی شەو یەختێک لە قەراخی ئاوەکە نزیک ببووەوە، دواتر دەستە دەستە و گروپ گروپ کەسانی دیکەی نەناسراو لەناو یاڵ و شیوەکانی ئەو دەوروبەرەوە پەیدا ببوون، ئینجا چەند پیاوێک بە چەند کەڵەکێکی لە تەختەو چووپی پڕ لە هەواوە هاتبوون و کۆمەڵ کۆمەڵ هەموویانیان لە قەراخی ئاوەکەوە گواستبووەوە ناو یەختەکە. هەموو شتێک بێدەنگ و بێهەرا تێپەڕیبوو، شەو ببوو تەنیا دەنگی سرتەی قاچاخچییەکان و

دەنگی نەرمی پێ و شلپەی هێواشی ئاوەکە کە بە جوولەی کەلەکەکان دروست دەبوو؛ هاتبوو. نەریمان سەلیم؛ کە زەمانێک خەونی بینیبوو ببێت بە جاک لیمەن، کاتێک خۆی دەبینێتەوە لەگەڵ زیاتر لە سەد کەسی تردا لەناو یەختێکدان و یەختەکەش هێواش هێواش بە ناو دەریای ئیجەدا بەرەو ئەسینا دەجوڵێت.

یەختەکە بەناو شەودا و بەناو ئاودا و بەناو بێدەنگی قورسی دەریادا دەڕوات، شەوێکی سامالّی کۆتایی مانگی گولانە و ئاسمان بە هەموو ئەستێرەکانییەوە ڕوون و ساف و زەلال دیارە، نزیکەی پەنجا کەس لەناو یەختەکەدان، هەندێکیان لە هەیوانی یەختەکە و هەندێکی تریان سێ سێ و چوار چوار بەناو ژوورۆچکەکانی یەختەکەدا دابەش بوون، سێ قاچاخچیش لە سەر یەختەکە دانیشتوون، چەند سەعاتێک بێدەنگ و دواتر لەنێوان وەنەوز و وەنەوزێکی تردا دەست دەکەن بە قسەکردن و هەندێکجار نەرمە گۆرانی کە سەرنشینەکانی یەختەکە لە زمانەکەی تێناگەن. دنیا کپ و خامۆشە، جگە لە دەنگی خشانی یەختەکە بەسەر ئاوەکەوە هیچ دەنگێکی تر نایات. بەری بەیانی، ئەوکاتەی شەو وردەوردە لە ئاسۆکان دوور دەکەوێتەوە، لە دەریا و دورگەکان و کەشتییەکان دوور دەکەوێتەوە، وەک چۆن دزێک بە ماتەمات لە جێگایەک دوور دەکەوێتەوە شەویش ئاوا لەوان دوور دەکەوتەوە، بەری بەیانی ئەوکاتەی دەزوی ڕەش لە دەزوی سپی جیادەکرایەوە؛ با هەڵیکرد، یەکەمجار هێواش و دواتر توند و توندتر و کاتێکیان زانی دەریا لێیان هار بووە، لێیان هار بووە و وەک ئەسپێکی چەمووش کە مێخەکەی هەڵکەندبێت دەپرمێنێت و دەحیلێنێت و سمکۆڵان

دەکات. کەس نەیدەزانی ئەوە بایەکەیە شەپۆلەکان ڕاو دەنێت، یان شەپۆلەکانن بایەکە ڕادەکێشن، هێندەیان دەزانی شەپۆلەکان بە توندی هوروژمیان دەهێنا و خۆیان دەکێشا بە یەختەکەدا و دەنگێکیان لێدەهێنا دەتگووت دەنگی مەنجەنیقی پارسەکانن بەر کەشتییە جەنگییەکانی سپارتا دەکەون. ئەدی سەرنشینەکان چییان دەکرد؟ هەر کاتژمێری یەکەم ئاسایی بوون، دواتر یەک بەدوای یەکدا کەوتنە سەرەگێژە، ئەوان کە پێشتر ئەزموونی ناو دەریایان نەبینیبوو هێلنجییان دابوو و هەناویان کەوتبووە جوولە. نەرسیسە کلۆلەکەی خۆمان کە ڕۆژانێک خەونی بینیبوو ببێت بە پۆل نیومان هەر زوو گێژ دەبێت، سەری دەسوڕێت و هەناوی دەکەوێتە زیکرکردن، دەکەوێتە هێلنجدان و وەک ئەوە وادەبێت دڵی بیەوێت بێتە دەرەوە. لەگەڵ دوو کەسی تردا کە کەس نازانێت ئەوانیش خەونیان بەچییەوە بینیوە لە یەکێک لە ژوورۆچکەکانی کەشتییەکەدا دەبن، هەر یەکەو زەرفێکی نایلۆنییان دراوەتێ کاتێک سواری کەشتییەکە بوون بۆ ئەوەی کە ڕشانەوە ناو یەختەکە پیس نەکەن. شەپۆلەکان بە توندی خۆیان دەکێشا بە کەشتییەکەدا و لە دەلاقەی ژوورۆچکەکەوە ئاوێکی زۆری دەکرد بە لەش و دەموچاوی پۆل نیومانەکەی خۆماندا، ئاوێکی سوێر کە دەموچاوی دەکزاندەوە. گێژ دەبن و سەریان دەسوڕێت و دەڕشێنەوە و دەڕشێنەوە، دەڕشێنەوە و زەرداوێکی تاڵ لە گەدەیانەوە دێتە دەرێ و دەڕژێتە ناو زەرفەکانی دەستییانەوە، پاشان بەسەر دەستییاندا و بەسەر قۆڵی کراسەکانیاندا و بەسەر ڕان و سنگ و بەرۆکیاندا، دەڕشێنەوە و دەڕشێنەوە و دەڕشێنەوە و وەک ئەوە وایە بیانەوێت هەرچی ئەو



Scanned with CamScanner

بێدادیانەی کە بینیویانە، هەرچی ستەمی ناوچەکەیە، هەرچی مەزاری و جەنگ و زۆرداریە لەگەڵ خۆیاندا بیهێننەوە و بیرێژن. ئیتر ئەو نەرسیسە چارەڕەشە هەست دەکات دنیا پیلانی لێدەگێڕێت، هەست دەکات دنیا فێڵی لێکردووە، هەست دەکات ڕێککەوتنێکی ناپاکی ژێرەوانکێ هەیە بۆ لەباربردنی خەونەکانی، دەڕشێتەوە و چیدی گوێ بەوە نادات ڕشانەوەکەی دەکەوێتە سەر چی و ئەو زەرداوە تاڵەی دەیهێنێتەوە بەکوێدا دەڕژێت، دەڕشێتەوە و لەنێوان لەهۆشخۆچوونێک و لەهۆشخۆچوونێکی تردا وڕێنە دەکات، لەنێوان خەوبردنەوەیەک و خەوبردنەوەیەکی تردا گۆرانی بێسەروبەر دەڵێت و ئاوی سوێری دەریاش تاوناتاو و لەگەڵ هوروژمی هەر شەپۆلێکدا بۆ سەر کەشتییەکە لە دەلاقەی ژوورۆچکەکەوە دێت و دەڕژێت بە دەموچاویا، ناتوانن هەستنەسەرپێ و بەدەم هاوار و بانگی ئەو کەسانەوە بچن کە بانگیان دەکەن بۆ ئەوەی لە دەردانی ئەو ئاوە یارمەتییان بدەن کە دەڕژێتە ناو یەختەکەوە، ناتوانن هیچ کاردانەوەیان هەبێت بەرانبەر سەرکۆنەکردنەکانییان، بەرانبەر هاوار و نەفرەت و جنێوەکانییان. ئەوکاتەی ئەوان لە ژوورۆچکەکەدا لاڵوپاڵ لێیکەوتوون؛ لە ژوورۆچکەکانی تریشدا کەسانی دیکە دەڕشێنەوە و دەخەون و لەهۆشخۆیان دەچن لە یەختەکەدا شتێکی خراپ ڕوویداوە و ئەوان ئاگایان لێی نییە، تەنیا ئەو چەند کەسە ئاگایان لێیە کە بەهۆی بەهێزی لەشیانەوە بێت، یان بەهۆی ئەوەوە بێت، کە حەبییان خواردبێت بۆ ئەوەی تێکنەچن و نەڕشێنەوە، هەر هەمان ئەو کەسانەشن، کە جاروبار دێن و بانگییان دەکەن تاکو لە دەردانی ئاوی ناو یەختەکە یارمەتییان بدەن. ماتۆڕەکانی

یەختەکە لەکارکەوتوون، ئەو دوو بزوێنەرەی یەختەکە پاڵ پێوە دەنێن چیتر ئیش ناکەن، چیتر یەختەکە ملی بە فەرمانی یەختەوانەکانی نادات. با، بە ئارەزووی خۆی و شەپۆلەکان بە خواستی خۆیان یەختەکە دەنازوون. لە ناوەڕاستی دەریایەکی فراواندا یەختێکی سەرگەردان وەک کەشتییەکی شکاوی جەنگی تەرەوادە کەوتۆتە بەر هێرشی بێڕەحمانەی باو شەپۆلەکان و هەتاوی سوتێنەر کە بە شاقوولی بە زەبر دەچەقێتە ڕووکاری کەشتییەکە. ساڵانێکی زۆر دواتر کە ئەو ڕووداوەی بۆ گێڕامەوە دەیگوت قەت بیرم بۆ ئەوە نەچووبوو هەتاوی ناو دەریا بەو مانگی نیسانە بتوانێت هێندە تیژ و بە زەبر و جاڕسکەر بێت؛ ئەوەش کاتێک هەست پێدەکات کە لە یەکێک لە هەوڵەکانیدا لەناو سەدان هەوڵی شکستخواردووی تردا دەتوانێت لە ژوورۆچکەکە بێتە دەرەوە و وەک خەوڕەوێک بەناو کەشتییەکەدا لەشی تێکشکاوی خۆی بەکێش بکات، هەتاوی ئەو چێشتەنگاوە لێی دابوو و بە شەوارەی خستبوو، وەک ئەوە واببوو درێوشەیەک بکەیت بە سەریدا و کەوتبوو. ئەوانەی ئاوی ناو یەختەکەیان دەردابوو قاچی دەگرن و ڕایدەکێشن بۆ ژێر سێبەرەکە. ئەو ڕۆژە تاکو ئێوارە یەختەکە لەناو دەریاکەدا هەڵوەدا دەبێت، با دەیبات بەلای ڕاستدا و شەپۆلەکان دەیبەن بەلاکەی تردا، بە درێژایی ئەو کاتەی یەختەکە سەرگەردان ببوو پیاوێک کە پێشتر فیتەر ببوو لەگەڵ یەختەوانەکان هەوڵی بەگەڕخستنەوەی بزوێنەرەکانی یەختەکەیان دابوو؛ دواجار یەکێک لە بزوێنەرەکانیان خستبووەوە کار و یەختەکە دەستی کردبووەوە بە ڕۆیشتن، بەڵام هێواشتر. ئەو، ئاگای لە هیچی ئەوانە نەببوو و دواتر بۆیان گێڕابووەوە، ئەو لەناو وڕێنە

و ڕشانەوە و هێنانەوەی زەرداوی تاڵ و لەهۆشخۆچوون و کزانەوەی پێستی بە ئاوی سوێری دەریاکە کە لە دەلاقەی ژوورۆچکەکەیەوە دەڕژایە ناوەوە؛ لەنێوان خەو و بێداریدا دیلانێی کردبوو. ئاگای لێنەبوو کە یەختەوانەکان دوای ئەوەی نائومێد دەبن لە چاکبوونەوەی یەختەکەیان دەیانەوێت بە بەلەمە بچووکەکانیان ڕابکەن و جێیان بهێڵن، بەڵام ئەو سەرنشینانەی ئاوی کەشتییەکەیان دەردابوو بە چەقۆ هەڕەشەیان لێکردبوون و بە بارمتە هێشتبوویاننەوە و چارەنووسی خۆیان و ئەوانیان توند بەیەکەوە گرێدابوو، ئاگای لەوە نەبوو کە سەرنشینەکانی تریش لەناو زەرداو و تاڵاوی ڕشانەوەی خۆیاندا گەوزیبوون و شەپۆلەکان وەک جەنازەی سەرئاوکەوتوو ڕایژەندبوون، ئاگای لەوە نەبوو کە کۆمەڵێک کەس بەردەوام بە سەتڵ خەریکی دەردانی ئاوی ناو یەختەکە ببوون و ڕێگایان لە نقومبوونی گرتبوو، ئاگای لە لەکارکەوتنی مۆتۆڕەکانی یەختەکە نەبوو. ئاگای لێنەبوو؟ ئەو کە بۆ منی دەگێڕایەوە دەیگوت دڵنیا نیم ئاگام لێی بووە، یان بۆیان گێڕاومەتەوە، چونکە ئەو جاروبار بە لێڵی ئەو کەسانەی هاتبووە بەرچاو کە ئاوی یەختەکەیان دەردابوو؛ ژنێکیشیان لەگەڵدا ببوو، بە لێڵی کەسانی دیکەی بینیبوو ڕشاونەتەوە و گریاون و جنێویان داوە و دوعایان کردووە، وەک ئەوەی لەناو تەمەوە دوو کەس ببینێت ئاوا دوو کەسی بینیبوو هاتبوون و قاچیان گرتبوو و بەسەر تەختی یەختەکەدا ڕایانکێشابووە ژێر سێبەرەکەوە، گوێی لێبوو سەرنشینەکان گوتبوویان یەختەکە تێکچووە و تازە کارمان تەواوە، بەڵام ئەو لە دۆخێکدا ببوو، کە مردن و ژیان تیایدا یەکسان ببوون، هێندە وزەی تێدا نەبوو خەفەتی

بۆ بخوات، تەنیا هێندەی دەویست کەس بەلایدا نەیات و کەس بانگی نەکات، کەس دەستی لێنەدات و کەس لێی نزیک نەبێتەوە، تەنیا لێی گەڕێن لەناو خەو و بێهۆشی خۆیدا نقوم بێت، لێی گەڕێن بمرێت.

دوای ئەوەی ڕشانەوەکان تەواو بوون، بێهۆشی تەواو بوو، خەو و زیندە خەو تەواو بوو، لەشی هەموو ئەو ئازارانەی چەشت، هەموو ترس و نیگەرانی و ژانەکانی جەستە و ڕۆحی تێپەڕاند، چاوەکانی کردنەوە و گوێی لە قریوە و هات و هاواری خۆشی بوو، گوێی لێبوو دەڵێن یەختەکە کەوتەوە کار و ئیتر هەستی بە جوڵەی ڕێک و هێواشی یەختەکە دەکرد کەوتۆتەوە ڕێ. وردەوردە لە ژوورۆچکەکانەوە، لە کون و قوژبنی یەختەکەوە، لەبەردەم ئاودەست و ژێر قادرمەکەوە سەرنشینی کەوتوو بە هێواشی کەوتنەوە جووڵە، هۆشیان هاتەوە بەر و بە هێواشی چاویان هەڵێنا، بە هێواشی جووڵان و لەسەر قوون دانیشتن، بە کاوەخۆ ڕاستبوونەوە وەک ئەوەی ڕۆژی پەسڵان بێت و ئیسرافیل فووی کردبێت بە کەڕەنادا، ڕاستبوونەوە و بە لۆژەلۆژ بەناو یەختەکەدا دەهاتن و دەچوون و دەڕۆیشتنە سەر قادرمەکە و سەیری دەرەوە و سەیری شەو و ئەستێرەکانییان دەکرد کە ئیتر دەرکەوتبوونەوە، سەیری ئاسمانییان کردبوو کە چیدی با نەیدەلووراند، سەیری دەریایان کردبوو کە چیتر شەپۆلەکانی هاواریان نەدەکرد و کەفیان نە دەچڕاند، سەیری ئاوەکەیان دەکرد کە چیتر شێت نەبوو و هێمن و ئەرخەیان ڕاکشابوو.

کاتێکیش گەیشتبووە ئەوروپا، ڕووت و ڕەجاڵ و بێکەس

خۆی بینیبووەوە. لە زیندانەکان، جەندرمەکان و پاسدارەکان هێندە تفییان لێکردبوو، قاچاخچییەکان هێندە پاڵیان پێوە نابوو، هێندە قۆڵیان بڕیبوو، هێندە لە پشتیری مەڕەکان و تەویلەی ئێسترەکان و گەوڕی بەرازەکان خەوتبوو، هێندە لەناو لۆریەکان و ئوتومبیلە بارهەڵگرە گەورەکاندا کە پڕ ببوون لە مۆز و ڕۆژنامە و زەیتوون و شووشەی شیر و خواردنی دەریایی بە بۆنە ساردەکەیانەوە و قوتوی فاسۆلیا و ئالفی ئاژەڵ و تەختە و دار و تایەی ئوتومبیلەکاندا خۆی شاردبووەوە، هێندە لە پەنا گردەکان و ناو دەوەنی نزیک ڕووبارەکان و ناو جێگای خەوتنی پشت کوشنی شۆفێری بارهەڵگرەکان چاوەڕوانی کردبوو، هێندە شەڕ و دەمەقرەی بینیبوو کە لە چرکەیەکدا هەڵگیرسابوون و لە چرکەیەکدا دامرکابوونەوە، ئیتر خەونەکانی هەڵبزرکابوون. پاشانیش، داواکردنی پەنابەریی و چاوەڕوانی وێرانکەر بۆ مافی مانەوە، هەموو ئەوانە و سەدان شتی تر کە هەر خۆی دەیزانێت وایان لێکرد لەسەر سەر خۆی فڕێبداتە ناو ئاگری ئارەزووەکانییەوە، ئاگرێک کە مرۆڤ بۆ سوتاندنی دنیا لە خواکانی دزیبوو.

.....

# شەوەکانی کۆتایی زستان و کتێبەکان

ئەم ماوەیە زۆر سارد بوو، بایەکی تیژ و سارد و وشکی هەبوو وەک ئەوەی زستان بیەوێت تۆڵەی پاییزی گەرم و بێبارانی ئەو ساڵەمان لێبکاتەوە، وەک ئەوەی هەرچی ساردی و زوقم و شەختەی ماویەتی بمانداتێ. شەوانە با دەیلوراند، لە دەربەندەکەوە دەهات و وەکو ئەوەی گورگێکی زامدار بێت بە قاچ و قولی خوێناوییەوە بە نواڵەکانی هەردوو بەری شاخەکەدا ڕابکات و بە پڕتاو خۆی بە دۆڵەکەدا دەکرد و جارێکی دیکە لە دەربەندەکەوە دەردەکەوتەوە. شەوان؛ دنیا ساماڵ بوو و ئەستێرەکان کزۆڵە دیار بوون وەک ئەوەی ئەوانیش سەرمایان بێت. شەوان هەموو شتەکان دەیبەست و بۆ سبەی تاکو چێشتەنگاو خاو نەدەبوونەوە، نەدەکرا سەیری ئەو بەفر و بەستەڵەکە بکەیت و کەشوهەوای ڕۆمانی 'دکتۆر ژیڤاگۆ' ی بۆریس باسترناکت نەیەتە خەیاڵ. تاکو گەیشتینە ناوەڕاستی مانگی ئازار جگە لە کتێب خوێندنەوە لە ژوورەوە هیچ شتێکی ترم نەکرد؛ جاروبار تۆزێک سەگەکانم دەهێنایە

حەوشـەکە، ڕۆژانـە جارێک ژوورەکەیانـم گـەرم دەکرد و خواردنـم بۆ دادەنان. بـە دەرفەتـم زانـی جارێکی تـر ڕۆمانی 'کوێری' خۆزێ سـاراماگۆ بخوێنمـەوە، نەمدەتووانی ئەو ڕۆمانـە بخوێنمـەوە و بیر لـە سـاراماگۆی پیر نەکەمـەوە کە چۆن لـە کۆتاییەکانی تەمەنیدا دەسـتی داوەتـە ڕۆمانێکی وا سـەرنجڕاکێش و تاریک، شـارێک هەمـووی کوێر دەبن، جارێکی تـر 'تاعون'ی ئەلبێر کامـۆم خوێنـدەوە، بیرم لـە شـاری 'وەهـران'ی جەزائیر کردەوە کـە ڕووداوەکان تێیدا ڕوو دەدەن و خەڵکەکـەی تووشـی تاعـون دەبـن، هەروەها بیرم لـە دکتـۆر ڕیـو و نیگەرانییەکانـی ڕۆژنامەنووسـەکە کردەوە کە لـە شـارێکی تاعوونلێدراودا گیـر دەخـوات ، بۆ جارێکی تـر 'ئیلیادە'ی هۆمیرۆسـم خوێنـدەوە و هێنامـە بەر زەینـم چـۆن سـوپایەک ماوەیەکـی زۆر لـە دەوری شـوراکانی شـارێک مـۆڵ دەخـوات و ئـەو هەمـوو شـەڕ و توندوتیژی و عەشـق و تۆڵـە و غیـرە و ئێرەیـی و نەهامەتییـە دەگرێتـە خـۆی. بـۆ جـاری سـێیەم 'مەسـخ'ی کافـکا و بـۆ جـاری سـێیەم 'چیرۆکی مەرگێکی جاڕدراو' ی مارکیـز و بـۆ جـاری یەکـەم 'هیـچ وڵاتێک بـۆ پیرەمێردەکان نییـە'ی کۆرمـاک مەککارسـیم خوێنـدەوە و هێشـتا دڵـم لای ڕۆمانێکـی تـری بـوو بەنـاوی 'ڕێگا' کـە چەنـد سـاڵێک پێشـتر خوێندبوومـەوە بـەڵام ئیتر لەلام نەمابوو تاکو جارێکی تر بیخوێنمەوە، بۆ جاری دووەم کتێبـە دڵخوازەکـەی خـۆم 'منداڵانـی نیوەشـەو'ی سـەلمان ڕوشـدیم خوێنـدەوە و تـەواو گەیشـتمە ئـەو باوەڕەی کتێبێکی باش چەنـد جارێـک بخوێنیتـەوە باشـترە لەوەی کتێبێکـی خراپ تاقیبکەیتـەوە و ئـەوە خوویـەک بـوو لـە سـەردەمی گەنجیمەوە هەمبوو کـە ئـەو کتێبانـەی حـەزم لێیـان بـوو چەنـد جارێـک

دەمخوێندنەوە. ئەدی پیاوێکی پیر چی بکات؟ماڵێکی گەرمی پڕ کتێب، کاتێکی زۆر و بێدەنگییەکی زۆرتر، زستانێکی سەخت و تەنیاییەکی سەختتر.

بەو پێیەی کچەزاکەم هیچ هەواڵێکی نەبوو دڵنیا بووم لە شار بارودۆخەکە شلۆقە، منیش بەو بەفر و سەرمایە لە خۆم ڕانەدەبینی ئەو ڕێگا چۆڵ و دوورە بگرمە بەر و سوسەیەک بکەم بزانم چی خەبەرە. وردەوردە لە نەورۆز نزیک دەبووینەوە و بەردەوام ئەو دێڕە شیعرەی حاجی قادر لە سەر دەمم بوو:

ڕۆژتە ئەی بادی نەورۆزی لە بن بەفری گران

کانی پێی سڕ بوو چناریش دەستی چوو پەنجەی تەزی

ئەو ئاوەی لە بەفری تواوەی لاپاڵ و دوندی شاخەکانەوە دەهاتە خوارێ ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبوو، بە قەدی چیاکەدا دەهاتەخوارێ و دەڕژاو دەیدا لە بەرد و تاوێرەکان و بەناو دۆڵەکەدا ڕووە و کەژەکە ملی دەنا و خوڕەوهاژەیەکی دڵنشینی دروست دەکرد،، ڕۆژانە نێرگزم دەبینی کە لە خاکی تەڕ و گەرمەوە سەریان دەرهێنابوو، باڕێزەی شلک و ڕێواسی ناسکی تازەم دەبینی خۆیان لە بن بەفرەکە ڕادەپسکاند، لە دەشتە تەختەکەی بەردەم نواڵەی شاخەکە و پەنا بەردەکان کنگرم دەبینی و هەموو ئەوانە هەستێکی گەرمی ژیان و مانەوەی دەدامێ. لەگەڵ سەگەکان دوو جار تاکو گردەکانی خوار زنجیرە شاخەکە چووم و بە دووربینە ڕووسییەکەم کە پاشماوەی سوپای عێراق بوو و لە بازاڕی ڕەش کڕیبووم بە ئاراستەی شاردا ڕوانیم، بەڵام جگە لە گردۆڵکەکان و درەختە پەرتەوازەکانی قەراخی

Scanned with CamScanner

ڕێ و جارێکیشیان ڕێویەکی بچووک کە بە کلکێکی زلەوە ڕایدەکرد هیچی دیکەم نەبینی. سەگەکان لەناو گیای تەڕی تازە لە خاک دەرهاتوودا ڕایاندەکرد و هەڵدەبەزینەوە و جاروبار ڕامالیان بۆ شتێک دەبرد کە من نەمدەبینی و نەمدەزانی چییە. بەو پێیەی کچەزاکەم هیچ دەنگ و هەواڵێکی نەبوو تەواو گەیشتبوومە ئەو بڕوایەی قەدەغەی هاتوچۆ بەشێوەیەکی توندو گردەبڕ جێبەجێ دەکرێت کە ئەوەش خۆبەخۆ نیشانەی خراپی دۆخەکە بوو. هەموو شتەکانی ناو سروشت مژدەی تازەبوونەوە و ژیان و ئومێدیان دەدا، چیاکان کە ئیتر بەفرەکەیان دەتوایەوە و گیا بە ڕەنگی سەوزی تێرەوە دەردەکەوت، شەتاوەکان و ئاوی قەڵبەزە بە هاژەو خوڕەوە دەیاندا لە تاوێرەکان و دەبوونە تۆز و لەبەر پرشنگی خۆرەکەدا دەبوون بە هەڵم، مارەکان لە خەوی درێژی زستانەی خۆیان ڕادەبوون و دەڕۆیشتن و دەیانفیشکاند، گەواڵە هەورەکان لە پەنای لوتکەکانەوە دەردەکەوتن و بەسەر دۆڵەکەدا نزم دەبوونەوە و ڕێزە بە ڕێزە دەبارین و دەڕۆیشتن و دیار نەدەمان و دیسانەوە پەیدا دەبوونەوە و دەبارین و دیار نەدەمانەوە، کەچی هەموو ئەوانە لەبەر دەم تەوژمی ئەو بێهیوایی و نادیاری ئەو چارەنووسەدا کە شارەکەمانی گەمارۆ دابوو لەناو دڵمدا دەبوونەوە بە تەم.

.....

# مردنی سەگێک لە بەرەبەیاندا

ئەمشەو جارجار گوێم لە دەنگی نووزەی سەگەکان بوو، نووزەیەکی هێواش و کورتکورت، نەمدەزانی لە خەونمدا گوێم لەو نووزەیە دەبێت یان لە بێداریمدا، دەنگەکە زیاتر هات و لەناو جێگاکەم هۆشیار بوومەوە. گوێم هەڵخست و بۆم دەرکەوت لە ژووری سەگەکانەوە نووزەکە دەهات. لەناو جێگاکەم هاتمە دەر، سەیری کاتژمێرە برۆنزیە قورس و قەبەکەی دیوارەکەم کرد کە تیشکی کزی مۆمە هێشتا داگیرساوەکە لێی دەدا و لە ژێر ڕووناکییەکی جوڵاودا میلەکانی و پاندۆڵە زلەکەی کە بە تەوەزەلی دەهات و دەچوو دیار بوون. شەو لە نیوەی تێپەڕیبوو. بە لایتێکی دەستییەوە چوومە ژووری سەگەکان، سەگە دایکانەکە نەخۆش دیار بوو، لەسەر کایەکە پاڵکەوتبوو و پێیەکانی کەمێک دەلەرزین کە بەچکەکەی لمۆزی لەسەر دانابوون، دەفەی سنگی لێی دەدا و هانکەهانکێکی نەرم و شێنەیی دەکرد، کە ڕووناکییەکەم خستە سەر دەموچاوی پێڵووە گەورەکانی هەڵبڕین و بە چاوانێکی ماندو و خەواڵووەوە سەیری کردم. نەمدەزانی دەتوانم چی بۆ بکەم، ئاوەکەم



Scanned with CamScanner

بۆ گۆڕی، خواردنم بۆ هێنا و بە ئاگر ژوورەکەم گەرمکرد هەرچەند ئیتر سەرماکە وەک جاران تینی نەمابوو. کەمێک دەستم بە پشت و کەلەکەیدا هێنا و تەنیا کاردانەوەی جولاندنی سەری بوو بە ئاراستەی مندا و نیگایەکی خەمناک و هیلاکی تێگرتم، دووجار هەولمدا یارمەتی بدەم هەستێتە سەر پێ؛ نەیتوانی و هیچ مەیلیشی نیشان نەدا کە بیەوێت. هەرچەندە ئێوارە کەمێک بێواز دیار بوو بەلام ئەوەم بە شتێکی ئاسایی دانابوو لەکاتێکدا سەگەکانیش وەکو مرۆڤەکان هەندێکجار بێتاقەت دەبن، لەبەر خۆمەوە گوتبووم دەبێت بیری بەچکە مردووەکانی نەکات؟ کەمێکی دیکە لەلای سەگەکان خۆم خافلاند و پاشان گەڕامەوە ناو جێگاکەم و خەوتمەوە.

کاتێک خەبەرم بووەوە ڕۆژ هەلاتبوو و سەیرم کرد خۆرەکە ڕمهاوێژێک بۆ ئاسمان هەلکشاوە. بەچکە سەگەکە کە چیتر بەچکە نەمابوو لای دەرگاکەوە وەستابوو و بە نیگەرانییەوە دەهات و دەچوو و سەیری منی دەکرد و دەڕۆیشتە ژوورەوە و دەهاتەوە دەرەوە. دایکانەکە مردبوو. لمۆزی بەسەر قاپی ئاوەکەوە دانابوو و ئاوەکە ڕژابوو. دەستم لە سک و بندەستی خشاند گیانی تەواو سارد ببووەوە و دەموچاوی هیچ گەرمی و ڕەونەقێکی تێدا نەمابوو، چەند جارێک دەستەکانیم جولاند وەک ئەوەی بمەوێت بە موعجیزەیەک زیندوو ببێتەوە، بەچکەکەش بەشێوەیەک سەیری دەکردم وەک ئەوەی بتوانم زیندووی بکەمەوە، بەلام خۆ من مەسیح نەبووم و سەگە مردووەکەش لازارۆس نەبوو.

.....

لە ژوورەکەی پشتەوە کە کەلوپەل و ئامرازەکانی کشتوکالکردنی تێدابوو پاچێک و بێلێکم دەست دایە و بەرەو گردەکەی سەرووی خانووەکەمانەوە بەرێکەوتم و سەگەکەش لە تەنیشتمەوە دەڕۆیشت، دەڕۆیشتم و شەونمی ساردی سەر گیاکان بەر دەلینگی پانتۆڵەکەم و پێڵاو و گوێزینگەکانم دەکەوت، زەوی ژیابووەوە و کانییەکان تەقیبوون و ئاو لە هەموو جێگایەکەوە دەڕژاو هەڵدەقوڵی و دەهاتە خوار. لە پەنا گردەکە بێڵەکەم داناو بە پاچەکە دەستم کرد بە هەڵکەندنی چاڵێک. پاچم دەوەشاند و خاکە نەرم و ئاودارەکە کارەکەی ئاسان کردبووم، بە پاچەکە چاڵەکەم هەڵدەکەند و بە بێڵەکە گڵەکەم لادەدا، سەگەکە سەیری دەکردم و بیرم کردەوە دەبێت بزانێت گۆڕێک بۆ دایکی هەڵدەکەنم؟

عەرەبانەیەکی دەستیم هەبوو کە پەین و خۆڵم پێ دەگواستەوە بەڵام گواستنەوەی لاشەی سەگەکە بە عەرەبانەکە و بەناو خاکی نەرم و گیا و قوڕ و کانیاوی تەقیودا کارێکی نەکردە بوو، بۆیە گوریسێکم کردە قاچەکانی و بەدوای خۆمدا ڕامکێشا، ڕامدەکێشا و لە دوای خۆمانەوە ڕێگایەکی قوڕاویمان لە گیای پێشێلکراو جێدەهێشت. ڕاکێشانی لاشەی سەگێکی زل بەو هەورازەدا و بەناو خاکی تێرئاو و قوڕاوی و گیای تەڕدا و بۆ پیاوێکی حەفتا و ئەوەندە ساڵە کارێکی گران بوو. بێچووە سەگەکە کە چیتر بێچوو نەمابوو لە تەنیشت لاشەکەوە دەڕۆیشت و جارجار بە مەحزوونی دەوەڕی و نەیدەزانی ئەو پیرەپیاوە دایکی بۆ وا لێدەکات. لاشەکەم خزاندە ناو چاڵەکەوە و گوریسە قوڕاویەکەم لە قاچەکانی کردەوە و بە بێڵەکە

خۆڵەکەم کردە ناو قەبرەکەوە و لاشەکەم داپۆشی. بێل و پاچ و گوریسەکەم هەڵگرت و بە سەگەکەم گوت وەرە وەرە وەرە با بڕۆین و ڕۆیشتین. یەکەمجار کەمێک دڕدۆنگ بوو نەیدەویست گۆڕەکە جێبهێڵێت، وەک ئەوەی بیەوێت تێبگات چی ڕوویدا، وەک ئەوەی بیەوێت بزانێت دایکی بۆ کوێ چوو. بە گردۆڵکەکەدا هاتینەخوارەوە و مردنی سەگەکە زەینی داگیر کردبووم. منیش تێنەگەیشتم چی ڕوویدا، ژیانی ئێمەش وایە، لەدایکبوون، گەورەبوون، خەم، نەخۆشی، عەشق و ئازارەکانی و پاشان مردن، پاشان کشان وەک نەیزەکێک لە ئاسمانێکی ساماڵدا و کوژانەوە و ئاوابوون و ونبوونی ئەبەدی لەناو فەزای بێکۆتایی و بێکەوشەندا. تاکو ئەو کارانەم تەواو کرد نیوەڕۆی بەسەردا هات، ملی ڕێگەم گرت بەرەو ماڵەوە و سەگەکە بەناچاری دوام کەوت. لەو ڕۆژەوە ئەویشم هێنایە ناو ماڵەکەی خۆمەوە، بە ڕۆژ لە حەوشەکەدا و لە دەوروبەری خانووەکە دەهات و دەچوو و لەگەڵ مندا بە دەشت و بەندەن و ناو ماڵەکەدا دەگەڕاو شەوانەش من لە ژوورەکەم و ئەویش لە تەنیشت سۆپاکەوە لە هەیوانەکەدا لەسەر لبادێک دەخەوت.

.....



Scanned with CamScanner

# نەدیم چەلەبی دەکەوێتە ناو مێژوویەکی هەڵەوە

بیرتانە گوتم برادەرێکمان هەبوو ناوی نەدیم چەلەبی بوو، دە ساڵ دوای کوژرانەکەی؛ دوای نیوەڕۆیەک بە پانتۆڵ و کراس و هێلەگێکی بریقەدارەوە خۆی کردبووەوە بەماڵدا و گوتبووی خۆ من نەمردووم و بەو گەڕانەوەیەی خوشک و براکانی سەراسیمە کردبوون؟ بیرتانە گوتم خوشک و براکانی لەگەڵ مردنەکەیدا ڕاهاتبوون، گوتم جەنگ و دیلێتی کردبوویان بە پیاوێکی سەیروسەمەرە، گوتم خوشکە بچووکەکەی دەیگوت تۆ برای من نیت من براکەی خۆمم دەوێتەوە کە دەیکردمە قەڵاندۆشکان؟

زۆر دەمێک بوو نەدیم چەلەبیم دەناسی، لە قۆناغی سەرەتایی لە هەمان قوتابخانە بووین، هەمان ئەو مامۆستایە دەرسی پێگوتبووین کە کوشتیان و ژنەکەی دەگریا و دەیگوت: 'دەک ڕەبی هەلاهەلا بن تخوا خەڵک پیرەمێردێکی ئاوا دەکوژێت؟'، بیرم نەماوە نەدیم چەلەبی بۆ ناشتنی مامۆستاکە هاتبوو یان نا، خۆ ناکرێت پیاوێکی پیر هەموو

شتێکی ئەو ساڵانەی بیر مابێت. دوای ئەوەی قۆناغی سەرەتاییمان تەواو کرد نەدیم ڕۆیشت بۆ قوتابخانەیەکی ناوەندی جیاواز لەوەی ئێمە، بەڵام لەگەڵ گروپەکەی ئێمەدا هەر مایەوە، زۆرجار ئێواران هەموومان یەکمان دەگرتەوە و هەندێجاریش ڕۆژانی هەینی کە قوتابخانەمان نەبوو دەچووین بۆ مەلەکردن، دەچووین بۆ تۆپتۆپێن، دەچووین بۆ ماسیگرتن یان هیچمان نەدەکرد ئەوەندە نەبێت هۆرتی هۆرتی بە کۆڵانەکانی شاردا دەسوڕاینەوە و سەیری کچانمان دەکرد کە بەردەرگاکانیان دەشوشت، کە لە درزی دەرگاکەوە سەیریان دەکردین، کە لە دوکانی سەر سوچی کۆڵانەکانیان مژمژەیان بۆ برا بچووکەکانیان دەکڕی، کە لەگەڵ دایکیان لە نۆڕینگەی پزیشکەکان دەهاتنەوە، بە کۆڵانەکاندا دەسوڕاینەوە و منداڵانمان دەبینی خەتخەتێنیان دەکرد، منداڵانمان دەبینی بە دەم ئایسکرێم خواردنەوە کە دەمولووتی خۆیشیان تێنابوو وەک ئەوەی ئێمە بوونەوەری غەریب بین سەیریان دەکردین.

کە جەنگی ئێران و عێراق هەڵگیرسا نەدیم چەلەبی بە سەرباز گیرا، ڕۆیشت و ئیتر ئێمە نەمانبینییەوە، خوشک و براکانیشی نەیانبینییەوە تاکو دە ساڵ دواتر و ئەو دوای نیوەڕۆیەی خۆی کردەوە بە ماڵدا. دوای ئەوەی ڕۆیشت بۆ سەربازی بە ماوەیەکی کەم جەنازەیەکی شێواویان هێنایەوە بە ناو و ناسنامەی تەواوی نەدیمەوە، من خۆم ئەوکاتە سەیری ناسنامەکەیم کرد هەر ئەوەی خۆی بوو؛ بە وێنە تەڵخەکەی منداڵییەوە، بە ناوی سیانی خۆیەوە، بە ناوی دایکیەوە کە لەسەر ناسنامەکان دەنوسرا، بە ڕۆژی لەدایکبوونی خۆیەوە. هەرچەندە تەرمەکە شێوابوو کە ڕوون

نەبوو بەچی وای لێهاتووە، بە ناپاڵمی فڕۆکە یان بە گوللەی تۆپ، هێندە نەبێت کە ئیتر بە لاشەکەیدا نەدەکرا بناسرێتەوە. بەڵام ناسنامەکەی گومانی لەسەر نەبوو ناسنامەکەی نەدیم بوو. هاتنەوەی ئەو تەرمە هاوکات بوو لەگەڵ وردەوردە ڕاهاتنی شارەکەی ئێمە لەگەڵ تەرمەکان، لەگەڵ مەرگ و نەهامەتی و شەڕە بێکۆتاییەکان. ئەو یەکەم کەس بوو لە گروپەکەی ئێمە دیار نەمێنێت، دوای ئەو ڕوداوە گروپەکە پەرت بوو، وەک ئەوەی تۆپێکی تۆپتۆپێن بە توندی بەر شارە مێروولەیەک بکەوێت و مێروولەکان گێژوسەرگەردان و پەرت ببن، گروپەکەی ئێمەش وردەوردە پەرت بوو، ئەو ڕۆژە تەرمەکە هاتەوە، ڕۆژێک یەکێکی ترمان دیار نەما و ڕۆژێکی تر یەکێکی تر و کاتێکمان زانی هەر یەکەمان دوور لەوانی تر کەوتینە ناو ئاگری چارەنووسی خۆمانەوە.

تازە سەرەتای جەنگە، نەدیم چەلەبی لە سەربازگەیەکی نزیک سنوورەکانی ئێرانە لە باشووری وڵات، هێشتا بە دۆخی تازەی سەربازگە نامۆیە، هێشتا لەگەڵ خواردنی ناو قتوو ڕانەهاتووە، لەگەڵ وێنەی سەرەگا و وێنەی ماسی سەر قوتووەکان و لەگەڵ سەموونی خڕ و ئەستوور کە ناوەکەی هەویرێکی زۆرە ڕانەهاتووە، لەگەڵ زمانی پەیڤینی ناو سەربازگەکە کە نزیکەی هەموویان بە عەرەبی قسە دەکەن ڕانەهاتووە، لەگەڵ ئاراستەی خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابوون ڕانەهاتووە کە تێنەگەیشتبوو بۆچی خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدێت و لە خۆرهەڵاتەوە ئاوا دەبێت. ساڵانێکی زۆر دواتر و دوای ڕاپەڕین کە بینیمەوە هەر هەمان قسەی دەکرد، من پێمگوت ئەوە هەستەکانی خۆت بووە بۆ ئاراستەکان پێت وابووە خۆر لە خۆرئاواوە هەڵاتووە،

کەچی ئەو بە چاوانێکەوە کە لە چاوانی پرۆفیسۆری ماتماتیک دەچوون کە بیەوێت لە شتێک تێبگات سەیری دەکردم و دەیگووت: تۆ من بە ولاخ دەزانیت؟ قابیلە نەزانم خۆرهەلات و خۆرئاوا کوێیە؟ ئەو، هێشتا لەگەڵ لمی بیابان رانەهاتبوو کە بایەکانی شەو گردۆڵکەی لێدروست دەکەن و هەر بایەکانی شەویش گردۆڵکەی لێ لادەبەن، لەگەڵ ئەمر ونەهییەکانی سەربازگە کە بەردەوام وەک تەرزە دەیانکوتا، لەگەڵ خواردن و شۆربا بێتامەکانی کە دەیخوارد و دەیخواردەوە دەبووایە چاو بنوقێنێت، لەگەڵ بەتانییە زبرەکانی کە وەک نەشتەر دەچەقینە پشت و مل و کەلەکەی، لەگەڵ خەوە ناخۆشەکانی کە تا ڕۆژ دەبووەوە با تەقەتەق و جیرەجیری لە لەوح و جەمەلۆنەکان هەڵدەستاند، لەگەڵ نیگای حیزی فەرماندەکان کە بە چاوی کراوەی وەک چاوی بازەکان بۆ سەربازی فەقیرۆکە و گەنج و لووس دەگەران بەزۆر سواریان بن، لەگەڵ زوو لەخەو هەڵسانی بەیانییان و ریشتاشینی بەیانییان و پۆستاڵ بۆیاخکردنی بەیانییان رانەهاتبوو کە ڕۆژێک چوار فرۆکەی ئێرانییەکان دێن، وەک باشووکە، وەک هەڵۆی تیژڕەو، خێراو کتوپڕ سەربازگەکە بۆمباران دەکەن، هەرچی تەقەمەنی باریان کردووە وەکو نوقڵەکانی شەوی بەرات فڕێ دەدەنە ناو سەربازگەکەوە، چۆن بە گورجی دێن ئاواش بە گورجی دەگەڕێنەوە.

سەربازگەکە دەشلەژێت، سەربازگەکە خاپوور دەبێت، لەوح و لەتە بلۆک و پارچە ئاسنی ناپاڵم و بارووت و شێلمان و ئینگلاینی درێژ و شۆربا و خوێن تێکەڵ دەبن، نە شووتی ئاگادارکردنەوە و نە ڕادارەکان فریای ئەوە نەکەوتن هیچ کەسێک ڕزگار بکەن، هێرشێکی کتوپڕ و

ویرانکەر. ئەو سەربازانەی نەمردوون بە ورد و حەپەساوی سەیری دوکەڵ و تۆفانی لم و دەست و قاچی فڕیو دەکەن. کە گرمە و ناڵەی فڕۆکەکان و ناپاڵمەکانیان هێور دەبێتەوە، کە زریانی پارچە کۆنکرێت و لاشەی پارچەپارچەبوو و مەنجەڵ و بەردەنوێژی شیعەکان و دەرگای یەخچاڵ و کورسی شکاو دەنیشێتەوە؛ سەربازە زیندووەکان دەیانەوێت بریندارەکان لەژێر پەردووەکان دەربکەن، دەیانەوێت بزانن چی ڕوویداوە، دەیانەوێت بزانن چی ماوە و چی نەماوە لە هەیوان و ژوورەکان، بەڵام کاتێک دەزانن سوپای ئێرانی گەمارۆی داون، کاتێک دەزانن دیلن، کاتێک دەزانن دەستییان خستۆتە سەر سەریان و لەناو ڕیزی سەربازانی یەخسیردا خۆیان دەبیننەوە. ئەویش یەکێک دەبێت لە دیلەکان، یەکێک دەبێت لەوانەی سەر و دەست و قاچیان بە لەفاف پێچراوە و یەکێک دەبێت لەو سەربازە بریندارانەی کە لە ڕیزە درێژەکاندا بە لارەلار دەڕۆن و لە تەلەفیزیۆنی ئێراندا نیشان دەدرێن و ملیۆنان کەس دەیانبینێت، ئەوانە یەکەم دەستە سەربازی دیل بوون کە لە تەلەفیزیۆن نیشان دران و ساڵانی دواتر چەندان دەستەی دیکەی بە دوادا هات. ئینجا تاکە کەناڵە تەلەفیزیۆنیەکەی عێراقیش پڕ بوو لە دیمەنی سەربازانی دیلی ئێرانی کە بە ڕیزی درێژ لەناو لمی بیابانەکاندا، بە تێکشکاوی لەژێر پاسەوانی سەربازانی چەکبەدەستی عێراقی ڕێیان دەکرد، بە جلی سەربازی شەپرێوەوە لەبەردەم کارمەندانی ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی نیشان دەدران، بە هەڵواسراوی بە تەلبەندەکانی مەرگەوە وێنەیان دەگیرا.

ئەوانە هەمووی زۆر بوون بۆ تازەلاوێکی وەکو نەدیم

بیانبینێت، لاوێک کە هێشتا شەرمی دەکرد دراوسێکانیان بە قات و بیجامەوە ببینن و تازە دەستی کردبوو بە ڕیشتاشین و بۆنی مەعجوونی ڕیشتاشینەکەی خوشکە بچووکەکەی خۆشنوود دەکرد، ئەوە زۆر زۆر بوو بۆ کوڕێک لە پڕێکەوە لە پیاسەی کۆڵانەکانەوە بچێت بۆ ڕێکردن لەناو ڕیزی درێژی سەربازانی زامدار و دیل، لە لەخەوهەستانی دەمەو پاییزی سەربانی ماڵەوە و هاتنەخوارە بە پەیژەکەدا بە چەماوەیی بۆ ئەوەی کەس نیگای نەکەوێتە سەر ڕەپبوونەکەی؛ بۆ خەوی ژێر لەوح و جەمەلۆنی سەربازگە دوورەکان، لە کۆکردنەوەی نوێنەکانیەوە بۆ کۆکردنەوەی لاشەی ئەو سەربازانەی کە بە نیگای جێگیر و وشکهەڵاتوویان سەیری بەتاڵایی و پووچیی هەتاهەتاییان دەکرد.

لەکاتی نووسینی ناوی سەربازە دیلەکاندا هەڵەیەکی بچووک لە ناوەکەی ئەودا ڕوو دەدات، هەڵەیەکی بچووک کە بەتەواوی ئاراستەی ڕووداوەکان بۆ شوێنێکی تر وەردەچەرخێنێت. من ئێستاش تێنەگەیشتم بە هۆی بریندارbوونەکەیەوە بووە، بەهۆی ترس و تۆقینەکەیەوە بووە، بەهۆی ئەو ئاخۆران بخۆران و هات‌وهاوارەی کاتی بە دیلگیرانەکەی و کاتی ناوتۆمارکردنەکەیەوە بووە، بەهۆی ئەوەوە بووە کە زمانی کەمێک دەیگرت، بەهۆی ئەوەوە بووە کە ئەو سەربازە ئێرانییەی ناوەکەی تۆمار کردووە خراپ حاڵی بووە یاخود بەهۆی هەموو ئەوانەوە بووە کە ناوەکەی بە هەڵە دەنووسرێت، ماوەیەک دواتر چەند جارێک هەوڵ دەدات ناوەکە ڕاست بکاتەوە، بەڵام نە سەربازانی ئێرانی تێی دەگەن چی دەوێت و نە دەیانەوێت تێی بگەن، ئەویش کۆڵ دەدات. کاتێک کە بۆی دەگێڕامەوە



Scanned with CamScanner

دەیگوت: من چوزانم شتەکان ئاوایان لێدێت، دواجار گوتم خۆ من هەر دیلم، قابیلە چییە، دیل هەر دیل نییە مەگەر؟ دوای هەموو ئەوانە، کاریگەری تەقینەوەکان و برینەکانی سەری و مەینەتییەکانی سالآنی دیلێتی مرۆڤێکی تری لێدروست دەکەن کە هیچ لەو کورپێژگە خۆشمەشرەبەی جاران ناچێت کە لە قوتابخانەی سەرەتایی لەگەڵ ئێمەدا بوو، هیچ لەو تازەلاوەش ناچێت کە لەگەڵ ئێمەدا رۆژانی هەینی بە کۆلانەکانی شاردا دەسوڕایەوە و سەیری کچانمان دەکرد کە چیمەنی حەوشەکانیان ئاو دەدا، لەو گەنجەش ناچێت کە خوشکە بچکۆلەکەی دەکردە قەلاندۆشکان و ئێستا لەبری ئەوەی گەڕانەوەکەی مایەی خۆشنوودی بێت مایەی نیگەرانی و حەپەسانە. وەک نامۆیەک، وەک خێویێک بە کراس و پانتۆلە سەیروسەمەرەکانییەوە کە لە ڕامکەرانی فیل دەچوو لە سێرکەکاندا، بە هێلەگە بریقەدارەکەیەوە کە ببوو بە مارکەی ئەو؛ بێهوودە لە ماڵ دەهاتە دەر و لە چایخانەیەکەوە بۆ چایخانەیەکی تر دەڕۆیشت و هەڵسوکەوتە چاوەڕێنەکراوەکانی، جوڵەی دەست و چاو و قسە و پێکەنینە کتوپڕەکانی ورتەورت و بزەی پڕمانای لە دوای خۆیەوە لەناو ئەو پیاوانەدا جێدەهێشت کە دیارترین بەهرەی ژیانیان بردنەوەی دەستێک دۆمینە بوو لە گازینۆکاندا .

شەڕ بەردەوام دەبێت، ڕۆژێک سوپای عێراق شارۆچکەیەکی ئێران دەگرێت، ڕۆژێکی تر سوپای ئێران بەندەرێکی عێراق داگیر دەکات، ڕۆژی دواتر سوپای عێراق هێرشی پێچەوانە دەکاتەوە و ئەو خاکە دەگرێتەوە کە سەربازگە خاپوورەکەی تێدایە. سەربازەکان لاشەکان

کوڕەکانەوە کە هەندێکیان بەشێوەیەک لەتلەت ببوون زیاتر لە بەشەگۆشتی جوانەگای سەربڕاوی جەژنی قوربان دەچوون و تەرمێک دەدۆزنەوە کە ناسنامەیەکی لە نزیکەوە کەوتووە، ئەوانیش کە دەیانەوێت ئیشەکەیان لەکۆڵ بێتەوە ناسنامە و تەرمەکە دەکەنە تابووتێکەوە و بۆ شارەکەی ئێمەی دەنێرنەوە. ناسنامەکە ناسنامەی نەدیم چەلەبییەکەی خۆمانە و تەرمەکە تەرمێکی ترە، بەڵام ئێمە چۆن بزانین تەرمی کێیە؟ هێندە دەزانین تەرمی پیاوێکی بەدبەختە کە دەبێت بە ناوێکی هەڵە و لە گۆڕێکی هەڵەدا بنێژرێت، شیوەنێکی هەڵەی بۆ بکرێت و پرسەیەکی هەڵەی بۆ دابنرێت و بۆ هەتاهەتایە لە میحنەتی تێکەڵبوونی هەڵەی ناسنامەکاندا ئاوارە بێت. ئێمە نازانین تەرمی ئەو گۆڕغەریبەی بە ناسنامەی برادەرەکەمانەوە ناشتمان کێ بوو، بەڵام هەر دەبێت کوڕی یەکێک لەو پیاوە عەرەبە بەلەنگازانە بووبێت کە جارجار لە گەڕەکێکی شارەکەمان پەیدا دەبوون و بە دیزداشەیەکی سپی و بەختێکی ڕەشەوە، بە چەفتە و عەگالەوە، بە شەرمی کەسانێکی غەریبەوە لە شارێکدا کە زمانەکەیان نازانن و وەک بوونەوەرێکی عەنتیکە سەیریان دەکەن، دەهاتن و هەواڵی کوڕە ونبووەکەیان دەپرسی، دەهاتن و وێنەی کۆنی ڕەشوسپی چرچولۆچیان لە گیرفانی دیزداشەکانیان دەردەهێنا و نیشانی مەلای مزگەوتەکانیان دەدا، وەک چۆن بە نائومێدی دەهاتن ئاواش بە نائومێدی دەڕۆیشتنەوە، دەڕۆیشتنەوە و سیمای خەمناکی کاتی ڕۆیشتنەوەیان لەناو ئوتومبیلەکاندا شایەتی دڵئێشانێکی کوشندە بوو، دەڕۆیشتنەوە و نیگا شکاوەکەیان، لێوە بەبارەکەیان، تێکهەڵئەنگوتنی قاچە

لاوازەکانیان؛ ئەو جوتیارانەی بیر دەهێنایتەوە کە لە دوای سوتانی گەنمەکانیان، لە دوای کڵوکۆدامرکانی دەغڵەکانیان بە دیار ڕەنجی بێحاسڵی خۆیانەوە دۆشدادەمان و سەیری دوکەڵ و سوتماکیان دەکرد.

.....

# فەرەیدوون کوێستانی وەکو مێشێک دەکەوێتە ناو تەونی جاڵجاڵۆکەی شارەکەوە

یەکەم کەس لە دەستەی برادەرەکانی ئێمە کە کەلکەڵەی جێهێشتنی ئەم شارەی کەوتە سەر؛ فەرەیدوون کوێستانی بوو. بە قژێکی درێژ و بژەوە، بە قۆندەرەیەکی بەرزەوە، بە کراسێکی تەسکی مارۆنی یەخە گەورەوە، بە شارستۆنێکی قاوەییەوە کە دەلینگەکانی پانوپۆڕ بوون وەکو مریشکی پەڕلەپێ بە ڕێگادا دەڕۆیشت. لە کلیپی گۆرانییەکی کۆتایی ساڵانی حەفتادا لە تەلەفیزیۆن بە هەمان ئەو جلوبەرگانەوە، لە پشت هەڵپەڕکێی کۆمەڵێک کچۆڵەوە دەردەکەوێت گوڵێکی بەیبوونی بە دەستەوەیە و پێدەکەنێت، پێدەکەنێت و ددانەکانی وەکو ددانی ئێستر تۆکمە دیارن. ئێستا قژەکەی نەماوە و تەپڵی سەری وەکو جێگۆچانی سەر دەهۆڵەکان ساف و لووسە، ددانە تۆکمەکانی وەکو کۆمەڵێک گولەی ژەنگاوی بە شاشوپاشی کەوتوونەتە بەر زەبری تەمەن و جگەرە و عەرەقی هەرزان، شارستۆنەکەی نەماوە و لە جێگەیدا شەرواڵێکی ڕەنگدێزە کە دەلینگێکیانی گرێداوە، دێت

و دەڕوات و فیکە لێدەدات و من هەمیشە وەک سیمبولی ئاواتی وەدینەهاتوو سەیرم کردووە.

عەسرێک، فەرەیدوون کوێستانی پێی گوتین ئەمشەو دەڕوات، پێی گوتین هەموو شتێک ئامادەیە، پێی گوتین ڕێبەرەکەی خزمێکی جێمتمانەی خۆیانە و لە سنوور ئاودیوی دەکات. زۆر هەوڵیدا ئێمەش ڕازی بکات و ڕازی نەبووین، زۆر هەوڵیدا ئێمەش بچین و نەچووین؛ پێی گوتین ئێوە دەڵێی ماری سڕن هەر بە خواردنی خۆڵ ڕازین، پێی گوتین وەک سەگی ئاوی تاکەی لەناو زەلکاوی ئەم شارە دەمشێنن، پێی گوتین خۆتان وەکو قالۆنچە هەر بە شیاکەی مانگای ئەم شارە یاری بکەن، پێی گوتین وەکو ژیژک دڵتان بە کونە تاریکەکانی ئێرە خۆش بێت، پێی گوتین ئێوە مریشکی کڕکەوتوون لەسەر هێلکە پیسەکانی ئەم شارە، پێی گوتین ئێوە وەکو کرم ناتوانن بستێک زیاتر بەردەمتان ببینن، پێی گوتین ئێوە لەگەڵ ئەم شارە وەک کەر و خۆڵەمێشتان لێهاتووە، پێی گوتین ئێوە نابن بە هیچ، پێی گوتین لە قوونی خۆتان و شارەکەتان بەم، وایگوت و بە ددانە ئێسترییەکانی پێکەنی و ئێمەش پێکەنین.

بەڵام ئەوەی لەم شارەدا گیری خوارد فەرەیدوون کوێستانی بوو، هەموومان هەر یەکەی بە هۆکارێک شارەکەمان جێهێشت، ئەوەی وەک مێشێک کەوتە ناو تەونی جاڵجاڵۆکەی ئەم شارەوە و قەت نەیتوانی لێی دەرچێت؛ هەر ئەو بوو. ئەو بوو لە بەردەم سینەماکانی شارەکەدا بلیتەکانی یانسیب و لەسەر سووچی شەقامەکاندا جگەرەی قاچاخی فرۆشت، ئەو بوو لە کوچە ساردەکانی ئەم شارەدا

هەڵەرزی، بەزۆر برابوو بۆ سەیرکردنی مەراسیمی گولەبارانکردنەکان، ئەو بوو لەکاتی ئاخۆران و بخۆرانەکاندا، لە کاتی ڕەشبگیری و ڕاکەڕاکەکاندا لەناو تویکڵەشووتی و تەماتەی ڕزیو و سندووقی شکاوی سێوەکاندا، بە دارشەقەکانییەوە ویستبووی ڕابکات؛ سەرانگری ببوو و کەوتبوو و کەس نەپەرژابووە سەر ئەوەی هەڵیبستێنێتەوە، ئەو بوو شارەکە هەرچی ڕق و بەکەمسەیرکردن و نوکتە و پلارەکانی هەیبوو؛ بەسەریدا ڕژاندبووی، شارەکە ئێمەی ڕاونا، ئێمەی وەکو خواردنێکی پیس تفاندەوە و لەگەڵ فڕێدانمان هەر یەکەمانی بۆ جێگایەک تووڕدا، بەڵام ئەوی نە تفاندەوە بەڵکو خستیە نێوان کەڵبەکانیەوە و هاڕی. ئەو بوو بە شایەتی زیندووی ئەو ئومێدانەی هەر لە بێشکەدا دەمرن، شایەتی زیندووی ئەو خەونانەی هەرگیز نایەنە دی، شایەتی زیندووی ئەو هیوایانەی زڕ و بێسەمەرن، شایەتی زیندووی گۆرانی خەندە بۆ خەم، گۆڕانی ئاو بۆ سەراب و تەم.

ئەو ساڵە ساڵێکی سارد بوو، هەرچەندە هیچ بەفرێک لەناو شارەکان نەباری تەنانەت لە گوندە زۆر دوورەکانی کوێستان و لوتکەی چیاکان نەبێت کە بە هاوینانیش هەر سپی بوون لە هیچ جێگەیەکی تردا نەباری، بەڵام لە هەموو وڵاتدا وشکەسەرمایەک بوو کە ساڵانێکی زۆر بوو سەرمای وامان نەدیبوو. ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتبوونە گوندەکە و دوو ڕۆژ لە ماڵی خزمەکانی مابووەوە و ڕێبەرەکەی پێی گوتبوو چاوەڕێی کاتێکی گونجاو دەکات تاکو لە سنوور ئاودیوی بکات. فەرەیدوون یەکەمجاری دەبێت لە دەرەوەی

شارەکەی خۆی ڕۆژ بکاتەوە. لە دەلاقەی ژوورەکەوە سەیری دەرەوەی کردبوو، گوندێکی بچکۆلانە کە ماڵەکانی لەناو بەردەلانێکدا ببوون و بە دەگمەن مانگایەک یان کەڵەشێرێکی بینیبوو، جارجار پیاوێکی بینیبوو بە گوریسێک گوێرەکەیەکی بەدوای خۆیدا ڕاکێشابوو و سمەکانی گوێرەکەکە بەسەر بەردەکانی گوندەکەدا هەڵخلیسکابوو، ژنێکی بینیبوو لە کانییەک ئاوی هێنابوو. گوندێکی کپ و بێدەنگ کە ئەگەر بانگدانی مەلایەکی گەنج نەبووایە لەسەربانی مزگەوتەکەوە کە ئەویش وەک ماڵەکانی تر لە بەردو قوڕ دروستکرابوو؛ هەستت نەدەکرد ئاوەدانی تێدایە. بیری کردبووەوە ئەم خەڵکە لەناو ئەم بەردەلانەدا چۆن دەژین.

شەوێکی سارد بوو، ئاسمان ساماڵ بوو، کزەبایەک لە کوێستانەکانەوە بەسەر شاخەکاندا هەڵیدەکرد، بە نسارەکاندا دەهات و بەر قەدی کێوەکان دەکەوت، وەک جیوەیەکی سارد بەسەر بەردەلانەکاندا دەڕژا و دەڕۆیشتە ناو دۆڵەکەوە، بە ناو دارمازووەکاندا دەڕۆیشت و دەنگێکی دروست دەکرد کە وەکو ئەوەی شمشاڵێک بژەنێت، بەڵام شمشاڵێک نەوایەکی تۆقێنەری هەبێت زیاتر لەوەی غەمگین بێت. کزەیەکی دەهات، کزەی شەوێکی ساردی ساماڵی زستان بوو کە لە شاخەکانی ئەوبەرەوە وردە بەفری هەڵدەگرت و دەیکرد بە دەموچاو و بەرۆکی ئەو دوو پیاوەدا. ئەو لەگەڵ ڕێبەرەکەدا بەناو دەوەنەکاندا دەڕۆیشت کە وەکو ئەوە وابوو مرۆڤ بن دانیشتبن و لەبەر سەرماکە سەریان کردبێت بەناو کۆشی خۆیاندا، بە شێنەیی بەناو

بەردەکاندا دەڕۆیشتن و دەنگی پێڵاوەکانیان لەسەر بەردەکان وەکو ئەوە وابوو ناڵچییەک بە هێواشی و دوودڵی چەکوش بکێشێت بە بزماری ناڵەکاندا. بلوسێکی ڕەشی ملداری لەبەردابوو لەو بلوسانەی گۆرانیبێژە فەرەنسییەکان لە سالانی حەفتاکاندا لەبەریان دەکرد، پالتۆیەکی ڕەشی فەروودار، شەرواڵێک لە قوماشێکی ئەستوور و پوزەوانەیەک بۆ پاراستنی بەلەکی لە سەرما. دەڕۆیشتن و جگە لەو ڕێنماییانەی جارجارە ڕێبەرەکە دەیدایە هیچ قسەیەکی تریان نەدەکرد. وریابە نەکەویت، ئێرە خزە پێت توند دابنێ، سەیری بەر پێی خۆت بکە، ئێرە جۆگایە نەکەویتە ناوی، خۆت نەوی بکە سەرت بەو داربەلالووکانە نەکەوێت. هەورازێکی ڕک و سەخت، تا چاو بڕی دەکرد بەرد و درەختی ڕووت و دەوەن، بێدەنگییەکی سامهێنەر و ساف و زەلال کە تەنانەت دەنگی تەقەی پێلاوەکانیان لەسەر بەردەکان و وژەی بای سارد و دەنگی خوڕەی جۆگاکانیش نەیاندەتوانی شلوێی بکەن. کات لە نیوەی شەو تێپەڕیبوو و بەلای گوندە بچکۆلە و خامۆشەکاندا دەڕۆیشتن کە دوکەڵێکی باریک لە دوکەڵکێشەکانی ماڵەکانیانەوە بەرز دەبووەوە، جارجار دەنگی وەڕینی سەگێکی دوور و لوورەی گورگێکی دوورتر، چەند قەدپاڵ و نواڵە و نزارێکیان بڕی و گەیشتنە دۆڵێکەوە کە تیایدا ئەم وەک سوپایەکی دڕندە گەمارۆی بەردەکانی دابوو، وەک مار لە قەدی داربەڕووەکان ئاڵابوو. چڕی تەمەکە کە مەودای بینینی کورت کردبووەوە ڕۆیشتنەکەی هێواشتر کردنەوە و بەتەواوی بەرچاوی خۆیان و بزنەڕێ و بەندەنەکانیان نەدەبینی، جۆگەکانیان نەدەبینی کە لێرەولەوێ وەک

تووڵەمار ڕاکشابوون و جارجار قاچیان دەکەوتە ئاوەکەوە و پێڵاو و پوزەوانەکانیانی تەڕ دەکرد، لقی ڕایەڵبووی درەختەکانیان نەدەبینی بۆ سەر ڕێگاکان و شان و سەریان لێدەدا، تەپڵەگوێنییەکانیان نەدەبینی و دەکەوتن بەسەریاندا کە وەکو ڕانەمەڕێک لەو دۆڵەدا مۆڵیان خواردبوو. تەمێکی چڕ و سارد بوو کە وەکو شەونم دەنیشتە سەر شان و مل و کڵاوەکانیان و ئەوان هەر دەڕۆیشتن و دڕیان بە تەمەکە دەدا. لە دۆڵەکە دەرباز بوون و بە قەدی کێوەکەدا هەڵزنان و تەمەکەیان وەک گەواڵەهەورێکی دوکەڵ لە دوای خۆیانەوە و لە پایینی کێوەکە و لەناو دۆڵەکەدا جێهێشت. ڕێبەرەکە دەبووایە ئەو بگەیەنێتە گوندێکی ئەودیوی سنوور و تەسلیمی قاچاخچییەکی بکات، بەڵام ئەوان ڕێگەکەیان هەڵە کردبوو، تەمەکە وایکردبوو ئاراستەکانیان لێ بگۆڕێت، تەمەکە سەری لێتێکدابوون و لەبری ئەوەی بەلای ڕاستی دۆڵەکەدا بە شاخەکەدا سەربکەون ملی لای چەپیان گرتبوو و کەوتبوونە ناو کێڵگەیەکی مینەوە.

دەنگی تەقینەوەیەک و هاواری کەسێکی زامدار پێکەوە ڕێبەرەکەی ترساند و لەگەڵ دەنگ و هاوارەکەدا تاوێر و داربەڕووەکان ڕاچەنین کە هەزاران ساڵ بوو بە پتەوی و شکۆیەکی زۆرەوە لەبەرانبەر بەفر و زریان و شەختە و بەستەڵەکەکاندا ڕاوەستابوون، تەمی دامێنی چیاکە کەمێک ڕەویەوە و تاوێرەکان و باو کێوەکان وەک ئەوە وابوو گوێیان هەڵخستبێت و بیانەوێت بزانن چی ڕوویدا و ئەو دەنگ و هاوارە چی بوو خامۆشی چەندین ساڵەی شێواندن. سکونێک و پاشان ناڵەناڵی پیاوێکی بەدووادا هات کە لەناو بەردەڵان و گەڵای ڕزیوەوە هاواری دەکرد و با

هاوارەکەی بە سەر شاخ و بەندەن و ئەو لقانەدا دەپرژاند کە بای شەو دەیلەراندنەوە. ڕێبەرەکە ڕووە و دەنگەکە چوو، خۆی بوو، فەرەیدوون بوو لەوێ کەوتبوو، بە قاچ و قولی خویناوییەوە، بە شەروالێکی پرزۆلپرزۆل و سیمایەکی تۆقیوەوە کە تەنانەت بەو نیوەشەوەش نەدەشاردرایەوە. ئەو گوتی قاچم قاچم قاچم پەڕی. ڕێبەرەکە گوتی ئاخ ئێرە قەت مینی لێنەبووە، چیمان لێهات؟ تۆزێک ئەوی ڕاوەشاند و سەری خستە سەر باوەشی، بە دەستێکی گرتی و دەستەکەی تریشی بە لەشیدا دەهێنا بزانێت زامەکەی چۆنە. بەشی سەرەوەی ڕانی باش بوو، بەڵام کە دەستی بۆ لای ئەژنۆی برد پەنجەکانی و لەپی دەستی کەوتە سەر خوێنی گەرم و وردەئێسقانی تیژ و شکاو و بۆشایی و تێگەیشت قاچێکی لە ئەژنۆیەوە لێبۆتەوە. ئەو دەیناڵاند و گریە و زاری دەکرد، بە توندی شەویلگەکانی لەسەر یەک دانابوون و جیرەی لە ددانە بەهێزەکانی هەڵدەستاند کە وەکو ددانەکانی ئێستر پتەو بوون، ئەمانە هەمان ئەو ددانانە بوون کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە کلیپی گۆرانییەکی تەلەفیزیۆندا دەرکەوتبوون کاتێک فەرەیدوون لە پشتەوەی ڕیزی دەستەیەک کچۆڵەدا کە هەڵپەڕکێیان کردبوو ، گوڵێکی بەیبوونی بە دەستەوە ببوو و پێکەنیبوو. ڕێبەرەکە تێگەیشت شتێکی ترسناک قەوماوە، بۆی دەرکەوت کار لە کار ترازاوە، هیچ چارەیەکی نەما جگە لەوەی جەمەدانییەکە لە ملی خۆی بکاتەوە و توند قاچی زامداری ئەو بپێچێت. ئەو یەکەمجار ئاه و ناڵە و هاوار و نەفرەت و پاشان وردە وردە دەنگی وەک ڕۆشنایی فانۆسی دووری ناو بەلەمێک کوژایەوە. ڕێبەرەکە کەوتە دۆخێکی سەختەوە. هەوڵیدا



Scanned with CamScanner

فەرەیدوون بکاتە کۆڵی و بە ڕێگای خۆیاندا بگەڕێنەوە، بەڵام زوو تێگەیشت لەبەر قورسی ئەو، کارەکە مەیسەر نابێت بۆیە پشتێنەکەی خۆی لە شان و قۆڵی ئەو بەست و بەناو سەرما و تەم و بێدەنگی جارسکەری دۆڵەکەدا بەدوای خۆیدا ڕایکێشا. ئێمە هیچ دەربارەی ئەو هەموو مەشەقەت و ئازارە لە تاقەتبەدەرە نازانین کە ڕێبەرەکە لە هێنانەوەی فەرەیدووندا بە برینداری بینیویەتی، نازانین چەند نائومێد و خەمبار بووە، نازانین چەند جار شەیتان سواری سەری بووە و ویستوویەتی جێی بهێڵێت، نازانین چەند جار وەسوەسەی ئەوە هاتۆتە سەریەوە کە ئەو ڕەنجەی دەیدات ڕەنجی فەرهادە چونکە تازە ئەو پیاوە بەهۆی خوێن لەبەررۆیشتنەوە هەر دەمرێت، نازانین چەند جار لە پەنا گابەردەکان و تەنیشت جۆگاکان دانیشتووە و سەیری برینەکەی قاچی ئەوی کردووە و توندتر بەستوویەتی، نازانین چەند جار بانگی ئەوی کردووە و ئاوی کردووە بەدەموچاویدا و ویستوویەتی لە زیندوومانەوەی دڵنیا بێت. تەنیا ئەوەندە دەزانین پیاوێکی ساغی بە دوو قاچەوە بردە ئەو کێوانە و بە قاچێکەوە بۆی هێنایەوە، هێندە دەزانین بەری بەیانی ڕێبەرەکە بە خۆی و برینداریکەوە گەیشتە هەیوانی نزیکترین گوند، هێندە دەزانین مەلای مزگەوتەکە و ئەو چوار پیاوەی بۆ نوێژ هاتبوون بە بینینی پیاوێکی شەڵاڵ لە ئارەقە و پیاوێکی تری بریندار و شەڵاڵ لە خوێن حەپەسابوون، حەپەسابوون و کەمترین قسەیان پێویست ببوو تاکو تێبگەن چی ڕوویداوە. خێرا بەو هەتووانانەی کە ئەسپ و ئێسترە بریندارەکانیان پێ تیمار دەکرد، ئاوا قاچی ئەویشیان تیمار کردبوو، خێرا گوێدرێژێکیان هێنابوو

بە کورتانێکی کۆنەوە و بریندارەکەیان بارکردبوو و دوو کوڕی گەنجییان لەگەڵ ڕێبەرەکەدا ناردبوو تاکو نزیکترین شارۆچکەیان هێنابوون.

ئەو بەیانییە ڕێبەرەکە لەگەڵ دوو کوڕی گەنجدا ئەویان سواری پشتی گوێدرێژەکە کردبوو و بە گوریسێک شەتەکیاندا بوو، کوڕێک لە پێشیانەوە ڕێشمەی گوێدرێژەکەی ڕاکێشابوو، کوڕەکەی تریان لەلای ڕاستی کورتانەکەوە و ڕێبەرەکەش لەلای چەپەوە چاودێری بریندارەکەیان کردبوو نەبا بخزێت. فەرەیدوونیش لەنێوان بوورانەوەی بەردەوام و ساتمەکردنی گوێدرێژەکە و بێداری و بیستنی دەنگی هەچە هەچە و هۆش‌هۆشی کوڕەکاندا ناڵاندبووی و حەواسی هێندە پەرت ببوو نەیتووانیبوو مەزەندەی گەورەیی ئەو کارەساتە بکات، کە هەموو چارەنووسی بۆ ئەبەد گۆڕی. لە شارۆچکەکە بردبوویانە لای برینپێچێک هەندێک تیماری سەرەتایی کردبوو، بە دەرمان و دیتۆل برینەکەی شۆردبوو و دەرزی لێدابوو و هەندێک حەبی دژەهەوکردنی دابوویە و بە لەفاف پێچابووی. پاشان کوڕەکان بە خۆیان و گوێدرێژ و کورتانی خوێناوییەوە گەڕابوونەوە و ڕێبەرەکە بە جیپێک هێنابوویەوە خەستەخانە گەورەکەی ناو شار. لە ناو شاریش بەو زامە سەختەی قاچییەوە و بەو زامە سەختەی ڕۆحیەوە مانگێک لەنێوان خەستەخانە و دەزگای ئەمندا هاتوچۆی پێکرابوو و بە چەندین کاتژمێر خرابووە ژێر لێکۆڵینەوەوە کە لەو شاخە دوورەی سەر سنوور چی کردووە، بۆچی گەیشتۆتە ئەوێ، ویستوویەتی چی بکات و بۆ کوێ بڕوات.

کاتێک فەرەیدوون کوێستانیمان بینیەوە قاچێکی نەمابوو، هەروەها ئەو پێکەنینەشی نەمابوو کە زۆرتر لەوە دەچوو بە توندی بە ددانە گەورە و پتەوەکانی کە وەکو ددانی ئێستر وابوون گاز لە شتێک بگرێت. ئێمە پەرت بووین و هەر یەکەمان شەقی چارەنووس فڕێی داینە قوژبنێکەوە، بەڵام ئەو وەک بارمتەیەک وابوو لەم شارەدا، وەک ئەوە وابوو ئەم شارە توند کلکی گرتبێت و نەهێڵێت بەهیچ لایەکدا بڕوات؛ نەیتووانی بڕوات و بۆ ئەبەد لەبەردەم مزگەوتەکان و سینەماکانی ئەم شارە، لەسەر سووچی شەقام و ناو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی، لەپەنا عەرەبانەی قاورمە و لەفەفرۆشییەکانی مایەوە. ساڵانێکی زۆر دواتریش کە گەڕامەوە و فەرەیدوونم بینییەوە هەر وەک چۆن قاچە بڕاوەکەیم نەبینییەوە، ئاواش پێکەنینەکەیم نەبینییەوە، ددانە بەهێزەکانیم نەبینییەوە، ئەو هیوایانەم نەبینییەوە کە لە چاوە خومارەکانیدا و لە شەوەزەنگی کۆتایی ساڵانی حەفتاکاندا وەک گوڵەئەستێرە دەدرەوشانەوە، باسی ئەو ئومێدانەی نەکردەوە کە وەکو هەنگ لەناو سەریدا پوورەیان دابوو، جارێکی تر باسی ئەو خەونانەی نەهێنایەوە سەر زوبان کە وەکو پۆلێک پەڕەسێلکە فڕین و نەهاتنەوە، ئەو مەینەتییانەی ساڵانی هەشتاکان لەم شارەدا بینیبووی بەڕادەیەک کەوڵییان کردبوو هیچی نەدەچووەوە سەر ئەو کوڕەی جاران کە سەرکۆنەی ئێمەی دەکرد بۆچی ئەم شارە جێناهێڵین.

.....

هیچ هەواڵی ناوشار نازانم، هەواڵی کچەزاکەم، شەو و

ڕۆژێکە بەردەوام بارانێکی بەخوڕ و دەنک گەورە دەبارێت، بایەکان هەوری ڕەش دێنن و دەشریخێنن و چەخماخە دەدەن و بارانەی دەڕژێنن. بارانی سەربەکڵاوە وەکو کوندەی سەرەوژێر دەبارێت و من و سەگەکە لە جامخانەی هەیوانی ماڵەکەوە سەیری دەکەین دەڕژێتە سەر تاوێرەکانی قەدپاڵی چیاکە، گیا و لالەزاری ئەم سەرەتای بەهارە دەکوتێت و دەژاکێنێت. تێناگەم چی ڕوویداوە، کچەزاکەم گوتی ئەگەر دۆخەکە خراپتر بێت ڕەنگە منیش بێم بۆ لات، نەهات، ئەوە مانای چییە؟ کەواتە بە گوێرەی ئەوەی ئەو لە شارەکە ماوەتەوە، دۆخەکە نابێت خراپتر بووبێت، ئەی بۆ سەردانم ناکات؟ ئەو پێی گوتم نابێت بەهیچ شێوەیەک ئێرە جێبهێڵم. دەبێت بە قسەی بکەم.

.....

# نەزهەت دەبێتە یەخسیری دڵە بێگوناهەکەی خۆی

نەزهەت چۆن کەوتە ناو ڕیزی ڕێکخراوە نهێنییەکانەوە ئێمەش نەمانزانی، کوڕێکی شەرمنی ناو گروپەکەمان کە کەمترین قسەی دەکرد و ئەو کاتانەش قسەی دەکرد چاوەکانی یەکبینە پرتەپرتیان دەکرد. هەموومان دژبەری حکومەت بووین و هاوسۆزی چەکدارەکانی شاخ بووین، بەڵام هێندەی بکرایە بە ناڕاستەوخۆ و بە خوازە باسی شۆڕشمان دەکرد. من لە شاردا نەمابووم کاتێک نەزهەت گیرابوو، بەڵام لە هەواڵەکانی ئێزگەی ڕادیۆی شۆڕش و زانیاری برادەرەکانمان و ئەو قسانەشی کە دایکی نەزهەت و پاشان فەرەیدون بۆیان گێڕامەوە؛ ئینجا سەیرکردنی ڤیدیۆکەیش دوای ساڵانێکی زۆر گەڕانەوەم بۆ ناو شار توانیم پارچەکانی چیرۆکەکە بەیەکەوە ببەستمەوە و بۆم دەرکەوت لەگەڵ ئەو سێ کوڕانە گولەباران کراوە، کە بەسەرهاتی کوژرانەکەیان لەناو شاردا هەموو کەس دەیزانی. ئەوکاتەی لەناو شاردا بووین و ئێوارانی ڕۆژی

هەینی بە کۆڵانەکاندا دەسوڕاینەوە هیچ زانیاریمان نەبوو لەوەی نەزهەت لەژێرەوە لەگەڵ شانەیەکی نهێنی گروپێکی دژبەردا پەیوەندی دروستکردووە. چەند جارێک نەزهەتم لەگەڵ نەژاد بەگی قەسابدا بینیبوو کە کوڕێک بوو چەند ساڵێک لە من گەورەتر بوو و تێکەڵی گروپەکەی ئێمە نەدەبوو، لەشێکی کەتەی هەبوو و بە شەرواڵێکی زلەوە دەهات و دەچوو، ئەوە هەمان ئەو نەژاد بەگە بوو کە دوای ڕاپەڕین بوو بە یەکێک لە سیما ناشیرین و دیار و بەدەسەڵاتەکانی شار کە ناوبانگی بە کوشتنی خۆپیشاندەران و ئەشکەنجەدانی زیندانیان ڕۆیشتبوو.

چەند پارتێکی سیاسی لە شاخ بوون و دژی حکومەت لە جەنگدا بوون؛ لەناو شاریش شانەی نهێنییان هەبوو، دواتر بۆمان دەرکەوت نەزهەت هاوسۆزی ئەو پارتە نەبوو کە ئێمە هاوسۆزی بووین، بۆیە بە نهێنی لەگەڵ نەژاد بەگی قەسابدا پەیوەندی گرتبوو و ببوو بە ئەندامێکی نهێنی لای ئەوان، ماوەیەکی زۆر پاشتر ئێمە توانیمان تێبگەین کە بۆچی لەگەڵ دەستگیرکردنی نەزهەتدا نەژاد لە شار نەبینرایەوە و کەوتە شاخ و لە شەڕی نێوان شۆڕش و حکومەتدا ئازایەتییەکی زۆری نواندبوو و لە ململانێ خوێناویەکانی نێوان پارتە سیاسییەکانیشدا دڵڕەقییەکی زۆری نیشاندابوو کە کردبووی بە ناوێکی دیار.

هێشتا ماوەیەکی کەم دەبێت نەزهەت لەگەڵ شانە نهێنییەکەی نەژاد بەگی قەساب دەستبەکار دەبێت کە ڕایدەسپێرن شەوێک هەندێک وێنە و بەیاننامەی دژی حکومەت بە دیوارەکانی قوتابخانەیەکدا هەڵواسێت، بەڵام



Scanned with CamScanner

هێنده تازەکار دەبێت کە لەو کاتەدا هەرکەسێک بینیبووی هەستییان پێکردبوو کە نەزهەت ئاسایی نییە، دایکی دەیگوت نەزهەت لە عەسرەوە نائارام و بێئۆقرە دیار بووە، ڕۆیشتۆتە دەرەوە و دوای کەمێک گەڕاوەتەوە ماڵەوە، لە ژوورەکەیدا نەختێک خرتەخرتی کردووە و دواتر دیسان ڕۆیشتۆتە دەرەوە، شاگردی ئەو چایخانەیەی کە زۆربەی جار ئێمە لێی دادەنیشتین بۆی باسکردم کە نیوەڕۆکەی نەزهەت هاتووە و بە خەیاڵێکی پەرتەوە چای خواردۆتەوە و سەیری دەرەوەی کردووە و چاوەکانی لە هەمیشە زیاتر پرتەپرتیان کردووە.

نەزهەت تاقانە منداڵی ژنێک بوو کە مێردەکەی لەکاتی کاری ئاساییدا کارەبا کوشتبووی و بەو پارەیەی خانەنشینی مێردەکەی نەزهەت گەورە کرابوو. نەزهەت کاراکتەرێکی شەرمنۆک بوو کە ڕۆیشتن و هەڵسوکەوتێکی شل و خاوی هەبوو، کوڕێکی دەستوپێ سپیلکە کە کارێکی زۆر ئاساییشی بە شپرزەیی بۆ ئەنجام دەدرا؛ هەرگیز بیرمان بۆ ئەوە نەدەچوو بچێتە ناو تەونێکی هێندە مەترسیدارەوە. هەر ئەو کارنەزانیی و بێئەزموونییەی وایلێکردبوو ئەو شەوەی ویستبووی وێنە و بەیاننامەکان بە دیواری مەکتەبەکەوە چەسپ بکات؛ کاتێک مەفرەزەیەکی گەڕۆکی دەزگای ئەمنی حکومەت دەیبینن و لایتی سەیارەکەیان دەکەوێتە سەری هێندە دەپەشۆکێت توانای نابێت ڕابکات. نەزهەت هێندە تازەکار دەبێت لەبری ئەوەی لە پشت دیوارەکەوە فیزماڵکێک لێبدات و خۆی بکات بەناو کۆڵانە تەسکەکانی گەڕەکەکەدا؛ وەک کەروێشکی دەستوپێ بەستراو دەکەوێتە شەوارەوە.

کاتێک چەکدارەکان بەو نیوەشەوە کوڕێک دەبینن خەریکی هەلواسینی کۆمەڵێک کاغەزە بە دیوارێکەوە لەناو مرخێش مرخێشی هێنانەوەی میلی تفەنگ و هاتوهاواردا چواردەوری دەگرن، نەزهەتیش وەک باڵندەیەکی ترساو سەری دەخاتە ناو کۆشی و لە پەنای دیوارەکە گلۆڵە دەبێت. نەزهەتی بەنازپەروەردە؛ساڵانی درێژی بێباوکی و گەورەبوون لەژێر چاودێری و خەمخۆری توندی دایکیدا پرزەیان لێبڕیبوو و کوڕێکی شەرمن و دەستەپاچەیان لێدروست کردبوو کە بۆ ئیشکردن لە شانەیەکی نهێنی دژی حکومەتدا و هەلگرتنی باری کارێکی ئاوا مەترسیداردا نەدەگونجا، بۆیە هەر دوای ئەوەی دەیگەیەننە فەرمانگەی ئەمن، گریانە چاوەڕێنەکراوەکەی پیاوانی ئەمن تووشی سەرسوڕمان دەکات. ئەوان پێشتر ئەزموونیان لەگەڵ کەسانی کەلەڕەق و خۆڕاگردا هەبوو کە بە چەندان مانگ دەیانخستنە ژێر ئەشکەنجەوە بچوکترین زانیاریان لێیانەوە دەست نەدەکەوت، بۆ ئەوان کە پێشتر چەندان کەسیان گرتبوو و چەندان جۆری ئەشکەنجەیان بۆ گۆڕیبوون و ئەشکەنجەدراوەکان قسەکانیان نەگۆڕیبوو؛ گریانی گیراوێک و ڕمانی ورەی دەمودەستی وەک ئەوە وابوو گەنجینەیەک لەناو حەوشەی خۆیاندا ببیننەوە، ئێستا بەو شەوە و لە ماوەیەکی یەکجار کەمدا نەزهەت بەشی ساڵێک زانیاری دابوو پێیان. هەر زوو نەزهەت دان بە هەموو شتێکدا دەنێت، بەوەی لەگەڵ چی پارتێکدا کار دەکات، لەگەڵ کێ پەیوەندی هەیە، کێ بەرپرسیانە، ناوی ئەندامانی شانەکەیان، هەر هەمان شەو؛ دوای چەند زلە و هەڕەشەیەک، دوای چەند ڕاوەشاندنێک و هاواربەسەرداکردنێک و چاولێسوورکردنەوەیەک هەموو

شتێک دەدرکێنێت. هەمان شەو سێ کەسی تر دەگرن کە لە هەمان شانەی ئەو ببوون و بۆ بەری بەیانییەکەی هەر چواریان لەناو بینا ترسناکەکەی ئەمندا و هەر یەکەیان لە ژوورێکی بچووکدا خۆیان دەبیننەوە، خۆیان دەبیننەوە مات و مەبهووت دانیشتوون و پیاوانی ئەمن ئەوەندەیان شت لەسەر دەزانن هەموویان زارەترەک دەبن. سەرەڕای ئەوەی سێ کەسەکەی تر هەموو جۆرە پەیوەندییەکییان بە نەزهەت و شانە نهێنییەکەی دژبەری حکومەت ڕەتکردەوە، بەڵام دانپێدانانەکانی نەزهەت و بەڵگەکان گردەبڕ بوون و بچووکترین دوودڵی لەلای پیاوانی ئەمن دروست نەکرد بەوەی بە خەیاڵێکی ڕاحەتەوە فەرمانی گولەبارانکردنەکەیان بۆ دەربکەن. هەر هەمان شەویش هێزەکانی ئەمن دەچنە سەر ماڵی نەژاد بەگ، بەڵام نەژاد ئەو شەوە لە ماڵی خزمێکیان دەبێت لە گوند و دواتر کە خەبەرەکە دەزانێت ئیتر ناگەڕێتەوە و چارەنووس دەیهێڵێتەوە بۆمان تاکو لە شاخ ببێتە عەرابی کوشتنی دیلەکان و پاسادەری شەڕی ناوخۆ و داهێنەری دڵڕەقییەکی بێپێشینە لە هاڕینی نەیارەکانیدا و پاشانیش یەکێک لەو سەرکردانەی شۆڕش کە دوای ڕاپەڕین ناوی لەگەڵ بازرگانی قاچاخی نەوت و قاچاخچێتی چەک و جگەرە و دەرماندا دەهات، ناوی لەگەڵ ملهوڕی و داگیرکردنی شوێنە خۆشەکانی شار بۆ دروستکردنی باخ و ئەو ڤێلایانەدا دەهات کە شەونشینییەکانی پڕ بوون لەو لەشفرۆشانەی لە وڵاتان و شار و مەملەکەتەکانی ترەوە دەیانهێنان، ناوی لەگەڵ ئەشکەنجەی گیراوان و کوشتنی خۆپیشاندەراندا دەهات.

شەو نەزهەت نەگەڕابووەوە ماڵەوە ئەوەش بەس بوو

بۆ ئەوەی دایکی تاکو بەیانی خەوی لێنەکەوێت، تاکو بەیانی دەروژوور بکات، تاکو بەیانی لە هەیوانەکەوە بڕوات و لە پشت دەرگەی حەوشەوە هەست ڕابگرێت. ئەو دڵەڕاوکێیەی ئەو شەوە هاتە گیانییەوە تاکو مردنیش لێی نەبووەوە. ساڵانێکی پاشتر کە بینیمەوە لە ژنێکی خان و مان و سەلارەوە ببوو بە ژنێک کە لەنێوان نۆبە گریانە کتوپڕەکانی و نۆبە پێکەنینە کتوپڕترەکانی بە جدییەتێکی زۆرەوە لێی دەپرسیم: ئەوە نەزهەت چی لێهات؟

.....

# بەسەرهاتی کوڕەکان لە ڕۆژێکی زستاندا

لەناو وڵاتدا زۆر دەربارەی گولەبارانکردنی نەزهەت و سێ کوڕەکەی تر گوترابوو و یەکێک بوو لەو ڕوداوانەی کە لە یادەوەری زۆر کەسدا مابووەوە، فەرەیدونیش بۆی باس کردبووم، کە چۆن گولەبارانکرابوون، بەڵام دوای ڕووخانی بەعس و دەستبەسەراگرتنی فەرمانگەی ئەمن زۆر بەڵگە و زانیاری کەوتنە دەست خەڵک و حیزبەکان و پاشتر دران بە ڕێکخراوە جیهانییەکان کە شایەتی نیزامێکی زۆر دڕندە و ترسناکیان دەدا، شایەتی قودرەتی مرۆڤیان دەدا لە سەرکێشیکردن و خەیاڵبازی و داهێنانی دڵڕەقی و بێڕەحمیدا، شایەتی لەسەر توانای مرۆڤ لە دۆزینەوەی ڕێگا و تەکنیکی جیاواز لە ئەشکەنجە و زەلیلکردنی نەیارەکانیدا. لەناو بەڵگە و دۆکیومێنتەکاندا، لەپاڵ کۆمەڵێک کاسێتی تردا، کاسێتی گولەبارانکردنی نەزهەت و سێ کوڕەکەی تر هەبوو کە هەموو وردەکارییەکی تێدا تۆمار کراوە، هەر لە ڕۆژی پێش گولەبارانکردنەکەوە کە کەسوکاری کوڕەکان هاتوون کوڕەکانییان بۆ دواجار ببینن، تاکو دیمەنی هێنانەدەرەوەی

کورەکان لە زیندان و ڕیزکردنیان و گولەبارانکردنیان و ماندانی ئەو خەڵکەی لەوێ کۆکراونەتەوە بۆ چەپڵەڕیزان. ساڵانێکی دواتر و لەگەڵ تەقینەوەی شۆڕشی ئینتەرنێتدا ئەو ڤیدیۆیە و ڤیدیۆکانی تر بە فراوانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبوونەوە و من خۆم چەند جارێک سەیرم کردووە.

ڕۆژێکی ئاسایی وەرزی زستانە، نە سارده نە گەرمە، بای نایەت، خۆرەتاوە بە گەرمییەکی کزەوە، پیاوانی ئەمن خەڵکی ناو بازاڕ و دوکاندار و ڕێبوارەکانی ئەو دەوروبەرەی نزیک زیندانەکە کۆدەکەنەوە و دەیانهێنن بۆ لای دیواری حەوشەی زیندانەکە کە کەوتووەتە سەر جادەی سەرەکی نزیک بازاڕەکە. فەرەیدوون کوێستانی لەو بەیانییەدا لەسەر کورسییە کۆنەکەی لای عەرەبانەکەیەوە لەبەر دەم سینەماکەدا دانیشتووە و وەک ڕۆژانی تر بلیتەکانی یانسیب دەفرۆشێت؛ کاتێک چەکدارانی ئەمن لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی تردا پێش خۆیان دەدەن و دەیانبەن بۆ لای دیواری زیندانەکە. هەرچەندە فەرەیدوون بە بیانووی قاچییەوە دەیەوێت خۆی بدزێتەوە، بەڵام گوێی لێناگرن و بەزۆر دەیبەن. لە ڤیدیۆکەدا فەرەیدوون دەرکەوتووە لە پشتەوە لەسەر قاچێک بە یارمەتی دارشەقەکانی وەستاوە و قەمسەڵەیەکی قاوەیی و شەرواڵێکی خاکی لە بەردایە کە دەلینگێکیانی گرێداوە. خەڵکەکە بە بێوازی وەستاون کە کەسانی جۆراوجۆرن، مەلا بە مەندیلەوە، مامۆستا و قوتابی بە کتێبەکانیانەوە و کرێکار بە چەکوش و تاسی بەتاڵی چیمەنتۆوە، دوکاندار بە کلیلەکانی دەستیانەوە، پەرستار و پزیشک بە چاکەتی شین و سپییەوە، ژنان بە عەباوە و ژنان بەبێ عەبا لەوێ بوون، بە خەمناکی وەستابوون



Scanned with CamScanner

بەڵام دەبوایە بیشارنەوە کە خەمناکن. چوار ستوونی درێژ و قایمی چیمەنتۆ لەلای حەوشەکە ڕیزکرابوون کە بەڵگەی ئەوەیە ئەو کەسانەی گولەباران دەکرێن چوار کەسن. بێدەنگییەکی ناخۆش و بێزارکەرە کە جارجار هاوارێکی زیقن بە وتنی هەلە بیک هەلە هەلە دەیشلەقێنێت. جیرەی شمشێرێک دێت و دەرگای گەورەی حەوشەی زیندانەکە دەکرێتەوە، کە دەرگایەکی ئاسنی ناقۆلا و بەرزە. دوو پیاوی زیندانەوان بە یونیفۆرمی فەرمی و دەمانچەی قەدیانەوە دەردەکەون و لە دوایانەوە چوار کوڕ دێن کە یەکێکیان نەزهەتی خۆمانە، کوڕەکان بە ترس و نیگەرانی و دوودڵییەکی زۆرەوە هەنگاو دەنێنە دەرەوە و چاویان دەکەوێتە سەر ئەو خەڵکەی لەوێ کۆکراونەتەوە. نەزهەت قەمسەڵەیەکی کورتی نیللی لەبەردایە و زنجیرەکەی داخستووە بۆ ئەوەی سەرمای نەبێت، بەڵام سەرماکەی نەزهەت لە جەستەیدا نییە، سەرماکەی نەزهەت کزەبایەکی تەزیوە لە قوڵاییەکانی ڕۆحییەوە دێت، لە بنی بنەوەی بوونیەوە هەڵدەکات و ئەو جەستە بنێس و بێداروبارەی دەخاتە لەرزە. لە ڕاستیدا نەزهەت ناڕوات، بەڵکو بە ناچاری و بێزاری قاچەکانی بە زەوییەکەدا دەخشێنێت، قاچەکانی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت، نەزهەت لە قاچەکانی بێزارە. یەک بە دوای یەکدا و هەر یەکەیان لە ستوونێکی کۆنکرێتی شەتەک دەدەن، چاوەکانییان بە پەڕۆیەکی ڕەش دەبەستن، فەرەیدوون دەیگوت لەو دوورەوە بینیومە چاوەکانی نەزهەت پێش ئەوەی بیانبەستن پرتەپرتیان کردووە، پێش ئەوەی چاوانییان ببەستن نەزهەت و کوڕەکان سەیری خەڵکەکەیان کردووە کە بە نیمچەبازنەیی لە دەوریانن



Scanned with CamScanner

پاشان سێ کوڕەکەی تر سەیری نەزهەتیان کردووە وەک ئەوەی پێی بڵێن: باشە نەزهەت؟ ئەمە باشە؟ ئینجا پیاوێکی دەرەجەدار بە جلی ئەمنەوە بڕیارێک دەخوێنێتەوە کە بڕیاری گولەبارانکردنی کوڕەکانە و باسی تاوانەکەیان و خیانەتکردنیان لە نیشتیمان دەکات و قسەکانی دەنگی چەپڵەیەکی زۆرەملێی بە دوودا دێت. پاشان فەرمان بە دەستەی گولەبارانکردن دەدرێت بە خۆیان و تفەنگەکانیانەوە بێنە پێش و هەرکەسە و بچێتە بەرانبەر ئەو کوڕەی بۆی دیاریکراوە گولەبارانی بکات.

کوڕەکان بێدەنگ و زەلیل وەستاون، لەو ماوەیەی زینداندا هەموو جۆرە ترسێکیان تاقیکردۆتەوە، ئەوان پێیان گوترابوو سبەی گولەباران دەکرێن، هەموو شەوەکەیان لەناو تۆقین لە مەرگ و سەرەخولێ و قورگ وشکبوون و ئاوخواردنەوە و میزکردندا بەسەر بردبوو، بۆیە کاتێک لەبەردەم دەستەی گولەبارانکردندا ڕیزکرابوون وەکو کۆمەڵێک پەلاس بێدەنگ و هەست هەموو ترس و نیگەرانییەکییان تێپەڕاندبوو، هەرچەندە ئەوانەی لە ڕۆژی گولەبارانکردنەکەدا لەوێ ببوون دەڵێن کوڕەکان پێش گولەبارانکردنەکە لە ترسا بوراونەتەوە، بەڵام من کە سەیری ڤیدیۆکەم کرد بۆم دەرکەوت، کە ئەوان گەیشتبوونە خاڵێک بەسەر ژان و میحنەتی خۆیاندا زاڵ ببوون، کەوتبوونە هەرێمێک کە هەرێمی بێباکی بوو، وەکو ئەوە وابوو ئەوان سەیری گولەبارانکردنی کەسانی تر بکەن، وەکو ئەوە وابوو ئەو ڕووداوانە پەیوەندی بەوانەوە نەبێت، گەیشتبوونە شوێنێک کە دڵنیا ببوون هیچ شتێک ناتوانێت ڕێگە لەو کارەساتە بگرێت، کە خەریکە ڕوو دەدات، بۆیە تەسلیم ببوون،



Scanned with CamScanner

چۆکیان دادابوو، واقیعەکەیان وەک ئەوەی هەبوو قبوڵ کردبوو، لەودیو مەرزەکانی ترسەوە بێجەواس و بێباک بە تێکشکاوی و زەلیلییەوە وەستابوون، وەستابوون و خۆری بێتینی ئەو زستانە دەموچاوە بێگوناهەکانیانی نەوازش دەکرد، کاتێکیش گوللەبارانکران هاوارێک نەبیسترا، چونکە ئیتر وەک ئەوە وابوو کۆمەڵێک تەرم گوللەباران بکرێن، وەکو ئەوە وابوو لەکاتی ڕاهێنانی نیشانەشکێنیدا کۆمەڵێک نیشانە بپێکرێن. دوای گوللەبارانکردنەکە چەند هاتوهاوارێکی بژی سەرۆک و بژی وڵات و دیسانەوە هەڵە بێک هەڵە و چەپڵە بەرزبووەوە، ئینجا پزیشکێک دێت، یەک یەک سەیری گوللەبارانکراوەکان دەکات، یەک یەک شادەماری مەچەکیان دەگرێت تاکو لە مردنەکەیان دڵنیا بێتەوە و پەڕاوێک ئیمزا دەکات، پاشان بە خەڵکەکە دەگوترێت دەتوانن بڕۆن و دەتوانن تەرمەکان ببەنەوە.

فەرەیدوون کوێستانی لەبەر خۆیەوە دەڵێت ئینجا من بە قاچێکەوە کوا تەرمم بۆ دەبرێتەوە؟ دەچێت داوا لە چەند ناسیاوێکی دەکات لە دوکاندار و شاگردەکانی دەوری سینەماکان، تویۆتایەک بەکرێ دەگرن، لاشەی نەزهەت لە ستوونە کۆنکرێتییەکە دەکەنەوە و دەیخەنە ناو تویۆتاکەوە و دەیبەنەوە مزگەوتی گەڕەکەکەیان. فەرەیدوون کوێستانی بە تەنیا، بە دارشەقەکانییەوە لەلای تەرمەکەی نەزهەتەوە لەناو تویۆتاکە دانیشتووە و بیری لەو ڕۆژانە کردۆتەوە کە هەموومان بەیەکەوە لە دەوری عەرەبانەیەکی شێلمفرۆشی گردبووینەتەوە و شێلممان خواردووە، بیری لە چاوە پرتەپرتکەرەکانی نەزهەت کردۆتەوە و گریاوە، بە کەساسی گریاوە و دوکاندارەکان سەیریان کردووە،

شۆفێری ئۆتۆمبیلەکان و ڕێبوارەکان سەیریان کردووە، پاسکیلسوارەکانی قەراخی جادەکە سەیریان کردووە، سەوزەفرۆشەکان و مریشکفرۆشەکان بە چەقۆکانی قەدیانەوە، پۆلیسی هاتوچۆ بە دارەکانی دەستیانەوە، کچانی خانەی مامۆستایان کە بە کۆمەڵ لە جادەکە پەڕیبوونەوە و بۆنی عەتری پرچەکانیان نەیتوانیبوو بۆنی ساردی خوێنەکەی نەزهەت داپۆشێت سەیریان کردووە، پیاوێک کە تراکتۆری لێخوڕیوە گۆرانی گوتووە و سەیری کردووە، بزنێک لە دواوەی تیۆتایەکی ترەوە سەیری کردووە، منداڵان کە لە کۆڵان یارییان کردووە سەیریان کردووە.

بوونی فەرەیدوون کوێستانی لەناو خەڵکەکەدا ڕێکەوتێک بوو دەتوانین بڵێین تۆزێک بە خێر شکایەوە بۆ نەزهەت و هەر سەعاتێک دواتر تەرمەکەیان بردەوە، بەڵام تەرمی کوژراوەکانی تر تاکو ئێوارە درەنگ لەو شوێنە مانەوە. کەس نەیدەزانی بەو زستانە ئەو هەموو مێش و مەگەزە لە کوێوە پەیدابوون و دەوری برینی کوژراوەکانیان دا؛ ئەگەر دڵنەرمی چەند ژن و پیاوێک نەبووایە کە بە عەبا و گوێنی و پارچە موقەبا تەرمەکانیان داپۆشی، ئەوا بوونی سێ تەرم بە خوێنی ڕژاو و مەییوەوە لە پەنا دیواری ئەو شوێنە گشتییەی شاردا ڕێبوارەکانی دەتۆقاند.

.....

# سەرگوزەشتەی ئەو پیاوەی هەموو تەڵەکان بە کلکی دەتەقێنێت

بە گیرانی نەزهەت و کوڕەکانی تر نەژاد دەکەوێتە شوێنگەیەکەوە کە ئیتر ناتوانێت بگەڕێتەوە ناوشار، هەرچەندە نەزهەت هەموو شتێکی دەربارەی ئەویش گوتبوو، دانی پێدانابوو کە نەژاد سەردەستەیانە، بەڵام بوونی نەژاد لەو شەوەدا لە دەرەوەی شار وایکرد دەستگیر نەکرێت، ئایا بوونی نەژاد بەگ لە دەرەوە و لە ماڵی خزمەکانی لە گوند لەو شەوەدا کە بڕیارە نەزهەت چالاکییەک بکات تەنیا ڕێکەوتێکە یان شتی تری لە پشتەوەیە، ئەوەیان مەتەڵێکە هەرگیز ئێمە بۆمان هەڵنەهات و نهێنییەکە ڕەنگە هەتاهەتایە بە پەنهانی بمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نەژاد لەگەڵ چارەنووسی خۆیدا ڕۆیشت و هەموو زیرەکی و لێهاتوویی خۆی تەرخان کرد بۆ قۆستنەوەی هەموو ئەو دەرفەتانەی ژیانە جەنجاڵەکەی دەیخستنە بەردەستی، نەک هەر ئەوە بگرە لە هیچی نەبوو فرسەتی دەخولقاند و

بچوکترین دەرفەتی دەقۆزتەوە بە قازانجی خۆی. ئێمە دواتر بۆمان دەرکەوت کە ئەو هەر قەسابێکی ئاسایی نەبووە لەو قەسابانەی لە پەنا گۆشتفرۆشییەکەیاندا سەرقاڵی ژنبازی بوون و بە پلار و تەوس بە مشتەرییەکانییان گوتووە 'زمانەکەشی تێبکەم'، بەڵکو بە ناوی جیاجیا سەرپەرشتی کۆمەڵێک شانەی نهێنی و کۆمەڵێک کاری ترسناکی کوشتن و ڕفاندنی کردبوو، پەیوەستبوونیشی بە هێزە چەکدارەکانی شاخەوە زوو دەرفەتی ئەوەی خستە بەردەم دڵڕەقی و بێڕەحمی خۆی لە شەڕی دژی حکومەت و دژی حیزبە نەیارەکانی تردا تاقیبکاتەوە کە لەو شاخە لە ململانێیەکی خوێناوی سەختدا بوون و مێژووی عەبەسیی میلەتێکییان دەنووسییەوە کە لەبەردەم زریانی قڕکردندا بوو. کەس ناتووانێت نکوڵی لەوە بکات نەژاد ئازا بوو، چاونەترس و بوێر بوو، بەڵام ئازایەتییەک خاڵی لە هەموو جوامێری و فەزیلەتێک کە لە شەڕدا هەرچی وزەی شاراوەی خۆی بوو دەیگۆڕی بە توندوتیژییەکی لغاونەکراو و هەر بەڕاستی نەیارەکانی دەتۆقاند، هەمیشە تەکنیکێکی هەبوو لە شەڕدا کە پێشدەستی دەکرد و کتوپڕ و گورچکبڕانە وەک خۆی دەیگوت دەستی دەوەشاند، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن بیرێکی تیژ و بیرکردنەوەیەکی ورد و حیساب بۆکراو بوو، کە ئێمە دواتر زیاتر زانیاریمان دەربارەی دەستکەوت بەلامانەوە سەیر بوو ئەو پیاوە چۆن ئەو ساڵانە ڕازی بووە لە دوکانێکی بچوکدا گۆشت بفرۆشێت، سەرمان سوڕما کە ئەو بەو هەموو خواستە زۆرەوە بۆ هێز و دەسەڵات چۆن لە دوکانێکی دوو مەتر بە دوو مەتردا جێگای بۆتەوە، دواجار هەلپەی بێهەوساری ئەو بۆ هێز، ئازایەتییەکەی کە

تێکەڵەیەک بوو لە بوێری و وەحشیگەری، زیرەکییەکەی کە وەکو سەگی پشکنین بۆنی مەترسییەکان و دەرفەتەکانی دەکرد کردبووی بە کەسێکی دیار کە هەم سەرچاوەی ترس بوو هەم سەرسامی وایدەکرد بە ئاسانی کەسانی دەوروبەری خۆی ڕام بکات و هەندێکیان بە زەلیلی و هەندێکی تریان بە ڕقێکی شاراوەوە سەروەرییەکەی قبوڵ بکەن. یەکەمجار سەرکردایەتی حیزب پێویستییان بە درندایەتییەکەی بوو بۆ بۆ شەڕی نەیارەکانییان و بۆ هەرجێگایەکییان دەنارد وەکو گورگی هار دەکەوتە پەلامار، پاشان پێویستییان بە زیرەکی و بوێرییەکەی بوو لەسەر سنوورەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قاچاخچییەکان و وەرگرتنی گومرگ و سەرانە، ئیتر کار بە جێگایەک گەیشت کە سەرەڕۆیی و بەرزەخوواستییەکەی بە حیزب و بە شۆڕشیش جڵەو نەدەکرا و کاتێکییان زانی بوو بە یەکێک لەو کەسە دیارانەی بەشداربوون لە هەڵسوڕاندنی ماشێنی شۆڕش و دوای ڕاپەڕینیش لە حکومەتە خۆماڵییەکەدا هەر ڕۆژەی پۆستێکی هەبوو، زیرەکییەکەی، چاونەترسی و چاوقایمییەکەی و پاشانیش دوای لافاوی گەورەی پارەی نەوت و داهات چاوچنۆکییەکەی بۆ سامان و ئارەزووبازی، هەلپەرستییەکەی و وردەوردە زمانە لووس و درێژەکەی کە بە ڕەوانبێژییەکی سادە و ڕووکەش، بەڵام کاریگەر ناوپۆشی دەکرد وایلێدەکردیت بپەشۆکێیت، دەیتوانی وا بکات سوور بزانیت ئەوەی دەیجوڵێنێت خولیای ئەوە بۆ هێز و دەسەڵات و پارە، سوور بزانیت ئەو لەناو نارەواییدا نقوم بووە، سوور بزانیت درۆزن و دووڕووە، لەگەڵ ئەوەشدا ناحەقت بە حەق بەسەردا ساخ بکاتەوە، درۆت



Scanned with CamScanner

بۆ بخاتە کەولی ڕاستییەوە. نەژاد ترسناک بوو چونکە بە زمانە برندەکەی گەماڕۆی دەدایت، بە ڕەوانبێژیە پیسەکەی ئەبلەقی دەکردیت، دەیتوانی خۆیت لێبگۆڕێت، دەیتوانی وەکو مار کاژ فڕێبدات، دەیتوانی هەر ڕۆژەی لە فۆرمێکدا دۆنادۆن بکات، هیچ جارێک نییە لە تەلەفیزیۆن بینیبێتم قێزم نەکردبێتەوە و دوو ڕۆژ تەبیعەتم تێک نەچووبێت، کە بەرگری لە توێژی فەرمانڕەوا دەکرد دەتزانی درۆ دەکات، کە دژیان دەوەستایەوە دەتزانی درۆ دەکات، کە بەرگری لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکرد دەتزانی درۆ دەکات، کە دژی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ بوو بە هەمان شێوە ، کە پشتیوانی دین و پیاوانی دینی دەکرد بە بۆنە و بێ بۆنە بیسمیلا و ئایەتی قورئان و حەدیسی دەخستە قسەکانییەوە هێڵنجم دەهات چونکە دەمزانی ئیشێکی بەو ئایەت و حەدیسانەیە، کە خۆی وەک کەسێکی لیبڕاڵ و بەرگریکەر لە مافەکانی مرۆڤ نیشان دەدا نەفرەت و تفم دەکردە تەلەفیزیۆنەکە، ڕۆژێک لە ئاهەنگی کردنەوەی مزگەوتێک بەشدار دەبوو و بە کاتژمێر دەربارەی گرنگی مزگەوت و دین و پیاوانی دینی قسەی دەکرد، ڕۆژێک لە کردنەوەی سەنتەرێکی دیالۆگی ئایینەکان، ڕۆژێک لە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕۆژنامەی حیزبەکەی وتاری دەنووسی، شەوێک لەگەڵ نووسەران بوو، شەوێک لەگەڵ قاچاخچییەکانی نەوت و دەرمان و مادەی هۆشبەر، ڕۆژێک لە کڵێسا بوو ڕۆژێک لە مەلها بوو، ڕۆژێک لەگەڵ قومارچییەکان بوو لە قوبروس، ڕۆژێک لە تەکییەک دەتبینی باسی گرنگی تەریقەتەکانی دەکرد. کە دەمبینی لە جێژن و بۆنەکان قسەی دەکرد نەمدەتووانی تووڕە نەبم،

نەمدەتوانی نەفرەتی لێنەکەم، نەمدەزانی پیاوێک چۆن دەتوانێت ئەو هەموو ماسکە بگۆڕێت، نەمدەزانی چۆن ئەو هەموو دژایەتییە لەناو خۆیدا کۆدەکاتەوە. بەلام هەرچی نەژاد بەگ بوو، هەر باکی نەبوو، بێباک و چاوقایم، ئەمرۆ ستایشی شۆڕشی فەرەنسی دەکرد و باسی گرنگی بزافی مافەکانی مرۆڤ وەک خۆی دەیگوت دەکرد بۆ سبەی دەمبینی لەبەردەم کامێرا دا بە دەمێکی پەل و قژێکی رەشی بۆیاخکراوەوە لەگەل کۆمەلێک شێخ و دەروێشدا لە هۆلی خانەقایەکدا دانیشتبوو و قورئانێکی بە دەستنووسراو کە بەرگێکی چنراوی تێگیرابوو لەسەر مێزەکەی بەردەمی بوو.

بەلام خۆ نەژاد بەگ هەر لەسەر ئاستی کەسی تالاوی نەدەکرد بە گەروماندا، ئەو زوخاوەی دەیکرد بە هەناوماندا هەر گرفتی کەسێک نەبوو کە خواستێکی وەحشییانە بۆ هێز و پارە و مێژوویەکی دەردەدار ئەو تەیرەی لێدروست کردبوو، بەلکو کێشەیەکی قوولی ئەخلاقی بۆ دروست دەکردین. من زۆرجار لە خۆمم دەپرسی باشە تۆ بلێیت نەژاد بەگ کوری بایۆلۆجی و مندالی راستەقینەی شۆڕشی کورد نەبێت؟ ئەگەر وابێت چی بکەین؟ چۆن پاساوی ئەو هەموو سالانە بدەینەوە، کە هەندێکجار بە کرداریی و هەندێکجار بە مەعنەوی و ئەخلاقی بەرگریمان لەو شۆڕشە کردووە، کە نەژاد بەگ یەکێک بووە لە دەمڕاستەکانی، دلمان بەو حکومەتە خۆمالییە خۆش بووە کە نەژاد یەکێکە لە بەرپرسەکانی. لە هەمووی سەیرتر؛ هەموو سەردەمەکان سەردەمی ئەو بوو، باران بباریایە ئاشی دەگەڕا و باران نەباریایە جووتی دەگەڕا، لەو هەموو شەڕ و ئاشووبەدا خوێن لە لووتی نەهاتبوو، بەسەر ئەو هەموو فاقە و داوەدا

بازی دابوو ساچمەیەکی بەر نەکەوتبوو، ئەو هەموو تەڵەیەی تەقاندبوو ڕۆژێک نەببوو کلکی بە تەڵەیەکەوە ببێت.

.....



Scanned with CamScanner

# هەمیشە بۆ دڵتەنگیی بیانوویەک هەیە

ئەمڕۆ دڵم تەنگە، یەکێکە لەو ڕۆژانەی مرۆڤ کە لە خەو هەڵدەستێت بەبێ هیچ هۆیەکی دیاریکراو دڵی تەنگە، بەبێ ئەوەی شتێک ناڕەحەتی کردبێت هەست دەکات دنیا خۆش نییە، هەر وەک چۆن هەندێک جار بەبێ هۆیەکی زانراو دڵمان خۆشە. من لە ژیانمدا ئەو ڕۆژانە گەلێک زۆر بوون کە لە خەو هەستاوم و هەستم کردووە خەمبارم، هەستم کردووە 'تاوێک نەگەڕاوە بەختی موخالیف بە حیسابم'، لە هەرزەکاریمەوە ئەو حاڵەتانەم هەبووە، بەیانییان لەناو جێگاکە وەکو گریگۆری سامسای کافکا هەستم کردووە بووم بە دەعەجان، خۆم بە جێگاکەمەوە نوساندووە و نیگەرانی و خەمێک لەسەر شان و ملم بوون نەیانهێشتووە هەستم. ساڵانێک دواتر بە ڕێکەوت کەوتم بە سەر فرۆید دا و تێگەیشتم هیچ شتێک لە خۆڕایی نییە، نە دڵخۆشییەکانمان، نە نیگەرانی و دڵتەنگییەکانمان، ڕەنگە ئێمە هۆیەکەی نەزانین، بەڵام مێشکی مرۆڤ لەوە ئاڵۆزترە عەقڵمان بتوانێت هەموو کونجوکەلەبەرەکانی درک بکات،

مێشکی هەر مرۆڤێک هێندەی شت تێدایە بەشی بێتاقەتکردنی خێڵێک بکات بەبێ ئەوەی بهێڵێت ئەو کەسانە هەست بکەن بەچی بێتاقەت کراون، بۆیە خەمناکییە بێهۆکانم، تەپلۆسی و عاشقەنوێنییەکەی بەیانییانی هەندێک ڕۆژم، تەوەزەلی و بێتینی و بێتواناییم، دڵتەنگییە زۆر قووڵەکەم کە وەک ئەوە وابوو ژان و مەینەتی هەموو دنیایان پێدابم؛ ڕاستە نەمدەزانی بە دیاریکراوی چی خەمناکی کردووم، بەڵام من پیاوێک بووم خەیاڵم پڕ بوو لە وێنەی جەنگ، وێنەی ڕاکردن و هەڵاتن، تیمەکانی ئیعدام، بۆردومانی فڕۆکەکان، تەرمەکان و گۆڕەکان، ساڵانی خۆشاردنەوە و ئەزموونکردنی ترس تاڕادەی زمانشکان، بینینی مەرگی ئەو کەسانەی ڕۆژانێک تەنیا تایەکی کەمی ئەوان بەس بوو سەری ئاسمانمان لێ بێنێتەوە یەک، وێنەی دیلەکانی شەڕ کە ساڵانێک خەونیان بینیبوو گەورە ببن و ببن بە پزیشک، بریندارانی بێنەوا، عاشقانی سەوداسەر کە لافاوی کولتوور و ئایین و سیاسەت ڕایماڵین و لەگەڵ گروپێکی ترسناکی مەرگچێندا لە گوندێکدا بینیماننەوە پیاوێکی مەیخۆریان قامچیکاری دەکرد، لە ڤیدیۆکاندا بینیماننەوە فەتوای کوشتنی ئێزیدییەکانیان دەردەکرد، لە زیندانە نهێنییەکاندا بینیماننەوە ئەشکەنجەی نەیارەکانیان دەدا، ژنان کە لە وێنە کۆنەکاندا گەنجن و بە مینی ژۆپەکانییان کە شلکەی ڕانییان دیارە، بە چاکەتە خۆڵەمێشییەکانیانەوە و بە نیگا سادە و جوانەکانیان لەبەردەم زانکۆکاندا وەستاون و بزەیان کردووە و ئێستا پیربوون و لەناو ڕیزی درێژی سەرەی ناونووسین بۆ حەج و عەمرە ئومێدێکیان دۆزیوەتەوە، وێنەی هاوڕێکانمان کە ئاشی زەمان وردی کردن، وردی کردن و هاڕینی و نەبوون

بە ئارد، بەڵکو بوون بە تۆز و با بردنی و بڵاویکردنەوە و پاشان لەسەر شووشەی یادەوەری ئێمە نیشتن. تەمەنمان کە وەکو جۆگایەکی سازگار ڕژایە ناو درزی گەورە و خاکی وشکی ئەم مێژووە نەعلەتییە و دیار نەما و نەمانبینییەوە.

سەگەکە دەزانێت کاتی لە خەو هەڵسانم تێپەڕیوە، دێتە لای دەرگای ژووری خەوەکەم کە بە تەواوی دامنەخستووە، بە ڕاڕاییەوە کەمێک لمۆزی دێنێتە ژوورەوە و پاشان هێمن و دوودڵ هەنگاو دەنێت بۆ لام، دەڵێم وەرە وەرە وەرە ، دەمی دەخاتە لای گەردن و سنگم و منیش دەست دەهێنم بە سەر و ملیدا و نەوازشی دەکەم، بە ددانەکانی یەخەی چاکەتی بیجامەکەم دەگرێت و بەنەرمی ڕایدەکێشێت وەک ئەوەی بڵێت ' وەرە دەرەوە لە جێگاکەت' ، لە جێگاکەمدا خۆم ڕاست دەکەمەوە و کەمێک دادەنیشم، پاشان بە قسەی دەکەم و هەڵدەستم. هەرچەندە بوونی سەگەکە لە ماڵەکەدا سەبوورییە، بەڵام مات و مەحزوون قاوەیەک ئامادە دەکەم، شتێک دەدەمە سەگەکە بیخوات، دەرگاکە دەکەمەوە و دەچێتە حەوشەکە، خۆرەتاوێکی خۆشی مانگی خاکەلێوەیە، دوێنێ ئێوارە باران بوو، بەڵام زەوی کزر بۆتەوە، هەرێزی حەوشەکە تەڕ و کەیفسازە، سەگەکە لەناو گیاکەدا پێیەکانی و سکی تەڕ دەبێت و بە تەڕدەماخییەوە ڕاوی مێش و مەگەزەکان دەنێت کە بە چوار دەوریا لە تەوافدان، دەرگای حەوشەکە دەکەمەوە و سەگەکە ڕادەکاتە دەرەوە و پێچێک بە دەوری ماڵەکەدا لێدەدات و دێتەوە لای خۆم. بیری کچەزاکەم دەکەم و دڵم لایەتی و هیچ هەواڵێکی ناوشار نازانم، بەڵام بە گوێرەی ئەوەی دیار نەبوو دەبێت بارودۆخی ناوشار خراپ بێت، لەم ڕۆژانەی دواییدا لەگەڵ



Scanned with CamScanner

سەگەکە هەموو ئەو دەوروبەرە تاکو مەودایەکی دووریش گەڕاین بۆ ئەوەی کەسێک یان ماڵێک بدۆزینەوە و هەواڵێک وەربگرین کەسمان نەبینی، تەنیا دوو خانوومان بینی، بەڵام چۆڵ بوون، کە زستان تازە هاتبوومەوە ناو ئەم خانووە ڕۆژێک لەناو بەفرەکەدا لە دوورەوە پیاوێکم بینیبوو، لەوە دەچوو ڕاوچی بێت، بەڵام نەمبینییەوە.

هەموو ڕۆژەکە بەو وردە کارانەوە بەسەر دەبەم کە کردن و نەکردنیان وەکو یەک وایە، تۆزێک هەرێزی سووچی حەوشەکە هەڵدەکێشم، دارەکانی سوتاندن لە لای چەپی ژوورەکەوە بۆ لای ڕاست دەگوازمەوە، بە پشتی خاکەناز نەختێک بانی کولانەی مریشکەکان دەکوتمەوە کە نە مریشکیان تێدایە و نە پێویست بەو کوتینەوەیەش دەکات، چەکوشێک دێنم نەختێک دەیکێشم بە چوارچێوەی دەرگای حەوشەکەدا و لە ڕاستیدا چوارچێوەکە هیچ عەیبێکی نییە ئەگەر ئەو چەکوش وەشاندنەی من بۆی دروست نەکردبێت، ئاوێنە بچکۆلەکەم لە چەکمەجێکی ژووری خەوەکەم دەردەهێنم و بە موکێش لەبەر خۆرەتاوەکە نەختێک دەستکاری مووەکانی سمێڵم دەکەم و کاتێک دەزانم تێکمداوە بەناچار بە مقەستێک هەمووی کورت دەکەمەوە و ڕیسەکەم دەکەمەوە بە خوری. دوای نیوەڕۆ تاکو هەورازەکەی پشت ماڵەکەم دەچین، گۆڕی سەگە دایکانەکە لەوێیە، کەمێک سەیری دەکەین، سەگەکەس سەیری دەکات، تۆ بڵێیت بزانێت دایکی لەوێدایە؟ دوو کۆمەڵە گڵی تازە لە نزیک گۆڕەکەوە دروست بوون، ئەوە کاری مشکەکۆرەکانە. دەمەو عەسر چایەکم لێنا و کورسیەکم بردە سەربان، سەگەکەشم برد، من چام دەخواردەوە و ئەویش لەلامەوە هەڵکورمابوو، لەپڕ

شتێکی سەیر ڕوویدا، لە نواڵەی شاخەکەی ئەوبەرەوە کە لەوێوە دەشت و دۆڵەکە دەستی پێدەکرد و تاکو ماڵەکەی ئێمە درێژدەبووە شتێکم بینی دەجولێتەوە، پنتێکی ڕەش کە بە حاڵ چاوم دەیبینی، وردە وردە دەجولایەوە، یەکەمجار دڵنیا نەبووم پێم وابوو چاوم ڕەشکەوپێشکە دەکات، بەڵام تا زیاتر سەرنجم دەدا زیاتر بۆم دەردەکەوت کە بە هەڵەدا نەچووم، ڕۆیشتمە خوارەوە دووربینەکەم هێنا، تەواو سەیرم کرد و بۆم دەرکەوت، بوونەوەرێکە، دووپێیە، مرۆڤە و دەجولێتەوە. کە من بە جدیەتێکی زۆر و سەرنجێکی وردەوە بە دووربینەکەم سەیرم دەکرد سەگەکەش قولاغ بوو، هەستایە سەر پێیەکانی و سەیری هەمان ئاراستەی کرد کە من سەیرم دەکرد. ئیتر هەڵدەستامە سەرپێ و دادەنیشتمەوە و دووربینەکەش هەر بە چاوانمەوە بوو، پاشان بۆم دەرکەوت مرۆڤێکە و بە ئاراستەی ئێمە دێت، کە نزیکتر بووەوە ئیتر هیچ گومانم نەما خۆی بوو، بەژنە باریک و زراڤەکەی کە وەک نەونەمامێک هەڵچووبوو، ڕۆینەکەی کە دیار بوو لە ماندوێتیدا دەلەنگی، جولاندنی دەستەکانی کە کتومت لە دایکی دەچوو، خۆی بوو.

بە قادرمەکاندا دابەزیم و بەلەز لە حەوشەکە چوومە دەرێ و سەگەکەش بە دوامدا هاتە دەرێ و بەرەوڕووی ئەو ڕۆیشتین، ئیتر بەبێ دووربینیش دیار بوو خۆیەتی، لە خۆشیدا چاوەکانم ئاویان تێزا و ئەویش بە زەردەخەنەوە بەرەو ڕوومان هات کە هەر زەردەخەنەکەی دایکی بوو بە میرات بۆی بەجێمابوو.

.....

# بەشی دووەم

Scanned with CamScanner

## دروستبوونی دەستەی پیرکوژان، یاخود
## کەڵکەڵەی دروستکردنی شارێکی گەنج

کە پەتاکە لەناو شاردا بڵاوبووەوە، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەرپرسانی حکومەت و خەڵک و پزیشکەکان هێندە بە خەمساردی دەیانگوت هیچ نییە تەنیا پیرەکان دەکوژێت من دڵم دەگوشرا. باپیرم هەم پیر بوو هەم نەخۆش، بۆم قووت نەدەچوو خەڵک هێندە بە زمانێکی سارد و بێخەم باسی مردنی باپیرم بکەن، کە هەمیشە بۆ من نمونەی ئینسانی جوان بووە. هەرچەندە باپیرم زۆربەی کات لە ژوورەوە بوو، بەڵام دڵم ئۆقرەی نەگرت و پێداگریم کرد بیبەم بۆ خانووە هاوینییەکەی دەرەوەی شارمان کە لە بناری چیایەک بوو. دواتر کە زریانی شێتی هەڵیکرد و پیرەکان کەوتنە بەر هێرشی قەڵاچۆکردن ئینجا تێگەیشتم گواستنەوەی باپیرم بڕیارێکی دروست بووە.

هێشتا بڕیاری قەدەخەی هاتوچۆ نەدرابوو کە دواتر کەرەنتینەکردنی تەواوی شارەکەی بەدوادا هات من خواردن و پێداویستی زۆرم کڕی بوو و باپیرم بردبووە



Scanned with CamScanner

ئەویێ. یەکجار دەرفەتم بۆ ڕەخسا سەردانم کرد و کۆمەڵێک شتی تریشم بۆ برد کە لەڕاستیدا پێویستیشی نەبوون، بەڵام گوتم دنیا هەزار شتە، خواردن زۆر بێت باشترە لەوەی کەم بێت. دڵم لای بوو، بەڵام دڵنیاش بووم بێتاقەت نابێت چونکە بۆ ئەو ماڵەوە هەر ماڵەوەیە و خانووەکەی دەرەوەی شاریشمان هەموو پێداویستییەکی ئەوی تێدابوو، لە سەرووی هەموویشیەوە دنیایەک کتێبی تێدا بوو، کە بۆ ئەو لە خواردن پێویست تر بوون، جگە لەوەش ئەو جارەی کە سەردانم کرد دوو سەگ هاتبوون بۆ لای کە ئەو پێی دەگوتن 'میوانەکان' ئەمەش وایکرد تەواو خاترجەم بم کە باپیرە بێتاقەت نابێت. دواجار کە سەردانیم کرد پێم گوت ڕەنگە منیش بچمەوە بۆ لای، بەڵام دۆخەکە زۆر شلۆق بوو و شارەکە کەرەنتینە کرا، هیچ دەرەتانێک نەما، لەگەڵ ئەوەشدا ئاسوودە بووم، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەستم دەکرد ئەویێ بۆ ئەو سەلامەت ترە، بەتایبەت، کە دیاردەیەک لە شارەکەدا دەرکەوت هەرگیز بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات ڕۆژێک ئەم شارە بەم ڕادەیە دڵڕەقی و بێڕەحمی لەخۆی نیشان بدات؛ ئەویش ئەوەبوو گرووپ و دەستەی گەورەی گەنجان پەیدا بوون پیرەکانییان دەکوشت، دەیانکوشتن و بە خەیاڵێکی ڕاحەتەوە دەسوڕانەوە وەک ئەوەی کارێکی گرنگ و پێویستیان ئەنجام دابێت. سەرەتا کوشتنی پیرێک وەک ڕوداوێکی ڕاگوزەر و ڕێکەوت لێکدرایەوە، بەڵام چەند کوشتنێکی دیکەیشی بەدوادا هات. شارەکە دەیەویست بوونی گرووپێکی پیرکوژ ڕەتبکاتەوە، بەڵام ئیتر لەگەڵ زۆربوونی پەتاکە و ئەو کەشوهەوا دەروونییەی حکومەت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پزیشکەکان خولقاندبوویان

هەموو تیرەکان ڕووی لە پیرەکان بوو، چیدی کوشتنی پیرێک مایەی داخی کەس نەبوو تاکو وایلیهات هەموان کۆک بوون لەسەر ئەوەی بەلاکە بەهۆی پیرەکانەوەیە، گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی بە نەمانی پیرەکان دەرد و بەلاکەش نامێنێت، ئەو باوەڕە چووبووە کەلەیانەوە کە تەنیا لەناو خۆڵەمێشی قەقنەسی پیرەکاندا شارێکی گەنج دەکرێت سەردەربهێنێتەوە.

کوشتنەکان بەشێوازی جۆراوجۆر ڕوویان دەدا، بە کۆمەڵ کوڕی گەنج دەچوونە سەر ماڵێک و بە چەقۆ ژنێک، یان پیاوێکی پیریان دەکوشت، لە کۆڵانێک بە سەیارە پیرێکیان دەشێلاو بە مردویی جێیان دەهێشت، پیرێکیان بە بیانووی هاوکاریکردنەوە دەبردە ناو سەیارەوە و دەیانخنکاند و لە قەراخ جادەیەک فڕێیان دەدا، پیرێک خەریکی قایمکردنەوەی بۆری سەربان ببوو و بە قەناسە تەقەیان لێکردبوو و وەکو دالاشێکی پێکراو لە سەربانەوە کەوتبووە خوارەوە. ئیتر وەکو چۆن سالانێکی زۆر بوو کوشتنی سەگەکان و ژەهرخواردکردنیان لەلایەن کارمەندانی شارەوانییەوە هیچ هەستکردن بە گوناهـ و عەزابی ویژدانی لای کەس دروست نەدەکرد ئاواش کوشتنی پیرەکان جۆرە پاساوێکی بۆ دەهێنرایەوە کە منی دەتۆقاند. وایلیهات پیرەکان وەکو باڵندەی بێنەوا لە پەناو پەسیوی مالاندا خۆیان دەشاردەوە، دەچوونە ناو تەنکی ئاوی سەربان، لە حەوشەی ماڵەکانیاندا کونی ژێرزەمینییان لێدەدا و خۆیان تێدەئاخنی، بە دزییەوە و بە پارەیەکی زۆر لەلایەن قاچاخچییەکانەوە لەشار دەردەکران و دەگەیەنرانە گوندە دوورەکان، لە کولانەی مریشکەکاندا لە باخچەی پشتەوەی ماڵدا دەخەوتن.

بەڵام کێ بڕیاری دەدا کێ پیرە و کێ گەنجە؟ ئەو گروپ و دەستانەی دروست ببوون دەستییان بەسەر شاردا گرتبوو سەرەتا تەنیا ئەو کەسانەیان دەکوشت کە زۆر پیر بوون، ئینجا شەوێک ڕۆیشتن دەرگای سەرەکی خانەی پیرانی شارەکەیان داخست و ئاگریان لە خانەکە بەردا و هەموو ئەو ژن و پیاوە پیرانەی لەوێدا بوون سووتان. پاشان وردەوردە ئەو پێوەرانەیان گۆڕی کە بۆ دیاریکردنی کەسێکی پیر دیاریان کردبوو تاکو وایلێهات قەلاچۆکردنەکە بەشێکی زۆری خەڵکی دەگرتەوە جگە لە کەسانی زۆر گەنج و جگە لە منداڵان. زۆری نەبرد ئەو پیاو و ژنە کامڵانەش کەوتنە بەر پەلاماری کوشت و کوشتار کە هەمووی چەند هەفتەیەک پێشتر لە بەر دەرگا و سەر کۆڵانەکان وەستابوون و بە لاجانگێکی سپییەوە گوتبوویان بەخوا ئینسان پیر بێت هەر بۆ مردن باشە، ئێستا بەڵاکە سەری خۆیانی گرتبووەوە. شارەکە شێت ببوو، شارەکە وەک ئەوە وابوو کرمێک چووبێتە مێشکییەوە و هیچ جۆرە ئاوەزێکی پێ نەهێشتبێت، وەکو ئەوە وابوو دوپشکێک بێت بە خۆیەوە بدات و خۆی بکوژێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموان هاواریان دەکرد ئێمە شارێکی گەنجمان دەوێت، شارێکی تازە، بێ پیر و بێ دەرد و پەتا.

لە قۆناغی یەکەمدا گروپ و دەستە پیرکوژەکان بە نهێنی دروست ببوون و دەستییان کرد بە کوشتنی پیرەکان، هێشتا کەس نەیدەزانی کە کوشتنەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو و پلانبۆدانراو بەڕێوەدەچن، وردەوردە شێوازی کوشتنەکان و ئامانجەکان گومانی لای کۆمەڵێک خەڵک دروست کرد. پیرێک لە ماڵەوە بە چەقۆ کوژرابوو من گومانم بۆ ئەوە



Scanned with CamScanner

چوو کە پاڵنەری کوشتنەکە بردنی پارەکەی بووبێت. ئەم کوشتنەیان وەک هەر کوشتنێکی تری شارەکە مامەڵەی لەگەڵدا کرا و بەو پێیەی لە شارەکەماندا تەنانەت پێش بڵاوبوونەوەی پەتاکەش دەزگای پۆلیس هێندە توانا و حەوسەڵەی لێکۆڵینەوەی نەبوو؛ لە کاتی پەتاکەش هەر زوو لە دۆسیێکەیدا تۆمار کرا کە چەند دزێک ئەو پیاوە پیرەیان کوشتووە و پارەکەیان بردووە، بەڵام من کونجکۆڵیەکەم پاڵی پێوەنام خۆم بگەیەنمە دراوسێکانی و هەواڵی پیاوەکە بپرسم، دەرکەوت ئەو پیاوە هیچ پارەی نەبووە و لەسەر کۆمەک و هاوکاری دەرودراوسێکانی ژیاوە. دووەم حاڵەتی کوشتن ژنێکی پیریان خستبووە ناو ئۆتومبیلەوە بە بیانووی ئەوەی دەیانەوێت هاوکاری بکەن و لە نزیک بازاڕەوە بیگەیەننەوە ماڵەوە، ژنەکە بە سوپاسگوزاریەوە سواری ئۆتومبیلەکە ببوو، بەڵام هێندەی پێناچێ دوو کوڕ لەناو سەیارەکە قوڕگی دەگرن و دەیخنکێنن. دۆسێی ئەو ژنەش هاوشێوەی دۆسێی پیاوەکە وەک حاڵەتێکی کوشتن لە پێناو زێڕەکانی تۆمار کرا، لەکاتێکدا ئەو پیرێژنێکی نەدار بوو کە بە گەنجیش خاوەنی هیچ زێڕ و خشڵێک نەبوو خۆی پێ بڕازێنێتەوە. سێهەم حاڵەت کوشتنی پیاوە پیرەکەی سەربان بوو کە بۆری بەرمیلی سەربانی قایم کردبووەوە و بە قەناس تەقەی لێکرابوو هیچ گومانێکی لای من نەهێشت کە ئەو کوشتنانە کارێکی ڕێکخراوە، بەڵام هێشتا پێم وابوو حکومەت لە پشت ئەو کارە ڕێکخراوەوەیە و ئەوەش بۆچوونێک بوو زۆر کەس هەیبوو و پاشتر ڕوون بووەوە کە بۆچوونێکی هەڵە بووە.

کوشتن بە قەناسە، گۆڕانێکی دراماتیکی بوو لە کەیسەکاندا

و هۆشداریەکی توند بوو بۆ پۆلیس، بەڵام کێشـەکە ئەوە بوو هەلومەرجێکی دەروونی و ئەخلاقی خولقابـوو کە پۆلیس نەیدەتوانی و نەیدەویست لەسـەر کوشتنی پیرەکان خەڵک بخاتـە زیندانـەوە؛ ئەوە لەکاتێکدا بەهـۆی پەتاکەوە ڕەوشی زیندانەکانیش خەریک بـوو لـە گریژەنەدەچوو و وتوویژ لەسـەر ئازادکردنی تاوانبارەکانیش دەکرا نـەک ئەوەی تاوانباری تر بگیرێن و بخرێنە زیندان، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی گرووپ و دەستەی چەکدار لەنـاو شـاردا و کوشتنی خەڵک بەبێ لێپرسینەوە و بەبێ ئاگاداری حکومـەت کێشـەیەک بوو پۆلیس دەبوایە بـە هەنـدی وەربگرێت. بـەڵام پۆلیس چی پێدەکرا؟ گرووپـە چەکدارە گەنجـەکان ڕۆژبـەڕۆژ بەهێزتر دەبـوون، دڕندەتر و سەرکێشـتر دەبوون و بەسـەیارەی پڕ لـە چەکدارەوەو لـە دوواوەی تویۆتـاکان و میکزەمینییەکانەوە بـە تفەنـگ و تەقەمەنی زۆرەوە سـەری خۆیـان بـە پەڕۆیەکی ڕەش دەبەسـت و بەبەرچـاوی پۆلیسـەوە فڕکەیـان دەهـات، دەچوون لـە خەسـتەخانە ژنـان و پیاوانی پیریـان دەهێنایە حەوشـەی خەسـتەخانەکە و گولەبارانیـان دەکردن، لـە گەڕەکەکانـدا وەکـو دەسـتەی ڕشـاندنی دەرمانی مەلاریا بڵاودەبوونـەوە و ڕاوی پیرەکانیـان دەکـرد و ژنـان و پیاوانی پیریـان لەژێر قەنەفەکان، لەنـاو دۆڵابی جلـەکان، لەنـاو میچی خانـوو کـە وەکـو کۆتـر دەچوونـە ناویانـەوە دەدۆزیـەوە. تاکو وایلێهات ئـەوەی حوکمـی شـارەکەی دەکـرد ئـەو گروپ و دەسـتە پیرکوژانـە بـوو کـە چیتـر کارەکەیـان بـە پیرکوشتنەوە نەوەسـتا، بەڵکو دەسـتیان کـرد بـە نـەزم و نیـزام و دانانی ڕێسـا و یاسـای تایبـەت بـە خۆیـان و بـە کرداریـی حوکمـی شـارەکە کەوتـە دەسـت ئـەوان.



Scanned with CamScanner

دوو ڕوداو ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان بینی لەوەی شارەکە بکەوێتە دەست دەستەی گەنجانی پیرکوژ و ئیتر شتێک نەمایەوە بەناوی دەزگای پۆلیس، هەردوو ڕووداوەکەش لە مانگی ئازاردا ڕوویاندا، ئەوانیش شکاندنی زیندانە گەورەکەی شار و ئازادکردن و هەلاتنی زیندانییەکان لەگەڵ سوتاندنی خانەی پیران و کلۆکۆدامرکانی ئەو ژن و پیاوە پیر و بەلەنگازانەی هەموو کەیف و سەفایەکییان ببووە سەیرکردنی دراما تەلەفیزیۆنییەکان و خواردنی شۆربا و تریتی ماست و نان و دانیشتن لەبەر بەرۆچکە و کاوێژکردنەوەی ڕۆژانی ڕابردوویان، کە هێندەش خۆش و پڕ شەوق نەژیابوون و خەیاڵیان چیرۆکی سەیر و سەمەرە و نەبوویان لەسەر زەمانی گەنجییان دروست دەکرد.

.....

# بەندییەکان حەزیان لە ئاشووبە

شکاندنی زیندانەکەی شـار زەحمەتییەکی زۆری نەویست. وەک هـەر جێگایەکی تری دنیا لەناو شـارەکەی ئێمەشدا ئارامـی لـە قازانجی زیندانییـەکان نییە و هەموو جۆرە شلۆقی و ئاخـۆران و بخۆرانێک بـە گیانـی خۆیان دەکرن. هەر پێشتر قاو و قیلێکی زۆر لەناو زیندانییەکانـدا بڵاوببووە و ڕۆژانە لە پۆلیس و بەندییەوانـەکان یاخـی دەبوون و ملیان بە ڕێساکانی زینـدان نـەدەدا و ڕۆژێک پاسـەوانێکیان دارکاری دەکرد، ڕۆژێک سـەلاجەی ژوورەکانیـان دەشکاند، ڕۆژێک نوێنـی زیندانییەکیـان ئاگر تێبەردەدا، ڕۆژێک چەند کەسێکیان خۆیـان ڕووت دەکـردەوە و بـە گەڵو و گونـی ڕووتەوە لەسـەر ڕیتمـی مارشـی سـەربازی بـە هۆڵەکانـدا دەهاتن و دەچـوون و ئـاژاوە و بێسـەروبەرییان دروسـت دەکرد، بۆیـە کـە هەواڵـی نیـازی شـکاندنی زیندانەکـە بڵاوبووەوە زیندانییـەکان کەوتنەخۆیـان و یاخیبـوون و مرخێشمرخێشی زیندانییـەکان لەگـەڵ پاڵ و لەقـەی گەنجەکانـی دەرەوەی زینـدان یەکیگرتـەوە و دەرگای زیندانەکەیـان لـە ڕێسمە برد؛

زیندانییان وەکو لافاو ڕژانە سەر جادە و ناو کۆڵانەکانی نزیک زیندانەکە. سەرەتا زیندانەوانەکان ویستیان پرکێشی بکەن و ڕووبەڕووی چەکدارەکان ببنەوە، بەڵام کە سۆسەی دۆخەکەیان کرد زانییان فیتنەیەک بەردەرگای پێگرتوون بەوان بەربەست ناکرێت بۆیە هیچ بەپێویستییان نەزانی بچنە مەیدانی شەڕێکی خۆتڕێنەوە و لە دەرگای پشتەوەی زیندانەکەوە ڕایان کرد و بە پێی پەتی و سەری ڕووتی بێکڵاوەوە خۆیان بە کۆڵانە تەسکەکانی شاردا دەکرد و ون دەبوون.

سەرەڕای ئەوەی کەرەنتینەکردنی شارەکە و ئەو دۆخە تازەیەی لە شارەکە سەروەر بوو ڕێگەی لە سەردانیکردنی کەسوکاری زیندانییەکان بۆ لایان گرتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە هەواڵی پچڕپچڕ دەربارەی پەتاکە و بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندنی، هەواڵی کەرەنتینەکردنی شارەکە و ڕێگریکردنی هاتوچۆی ئۆتومبیل و داخستنی بازاڕ و دوکانەکان هەر دەگەیشتە ناو زیندان. هەواڵی کوشتنی چەند پیرێک گەیشتبووە زیندانەکە، بەڵام هێشتا هۆکاری کوشتنەکان هەر وەکو کوشتن بۆ پارە و زێڕ و کێشەی کۆمەڵایەتی بڵاوبوو، بۆیە کە بەندییە پیرەکان دوای ساڵانێکی زۆری زیندان و نائومێدبوون لە ئازادبوون و پاشان هەڵچنینی هیوایەکی زۆر لەسەر ئەو ئاژاوە و پشێویەی بڵاوببووەوە بە جلی زیندانەوە هەڵاتن و هەرچی شنگ و برستی ماویانە خستبوویانە گەڕ بۆ ڕاکردن؛ هیچ لەوە تێنەدەگەیشتن بۆچی دەستەی گەنجانی چەکدار دەیانگرن و لە تەنیشت دەڕابەی داخراوی دوکانەکان و لە



Scanned with CamScanner

کوچەی چۆڵی قەیسەریەکان و لە پشت ئوتومبێلی شکاوی بەجێهێڵراودا وەکو کەڵەشێری ئاوەڕووتکراو دەیانکوژن.

.....

Scanned with CamScanner

# هیچ کەسێک نییە پیرەکان بپارێزێت

سوتاندنی خانەی پیرەکان وەکو شکاندنی زیندانەکە نەبوو پێویستی بەهێز و بازوو بێت، حەوجێ بە ڕاونانی پۆلیس و شکاندنی قوفڵی گەورە و هەراوهەنگامە بکات. سوتاندنی خانوویەکی غەمگین و تەریک کە وەک پشیلەیەکی بێنەوا لە قەراخی شار هەڵکورمابوو و تاکە یەک پاسەوانی هەبوو کە ئەویش یەکێک بوو لەو بێکارانەی لەو ساڵانەی دواییدا یەکێک لە حیزبەکان دایانمەزراندبوو. کابرای پاسەوان کە ئیشەکەی تەنیا ئەوەبوو لە بنکەی پاسەوانی بەردەم دەرگاکە تاکو بەیانی چا بخواتەوە و لە مۆبایلەکەیەوە سەیری ئەو ڤیدیۆ هەزەلییانە بکات کە زۆر خێراتر لە پەتاکە بڵاودەبوونەوە، هیچ جۆرە ڕاهێنان و مەشقێکی سەربازی و بەکارهێنانی چەکی نەکردبوو، بۆیە ئەو شەوەی چوار چەکدار کە پەڕۆی ڕەشیان لەسەریان پێچابوو لە خانەی پیران نزیک دەبوونەوە هەر ئەوەندە خۆی سەخڵەت کرد هاوار بکات هێی کێن ئێوە چی دەکەن لێرە. هەر کە پیاوەکان زیاتر نزیکبوونەوە لێی پاسەوانەکە تفەنگەکەی لە

شانی داگرت، بەڵام ئازایەتییەکەی بایی ئەوە نەبوو میلی تفەنگەکە ڕابکێشێت، پاشان بیری کردەوە گریمان غیرەتی ئەو کارەشی هەبووایە کە نەیبوو، بۆچی بیکات؟ کاتێکیش چەکدارەکان گەیشتنە لای و یەکسەر بە ڕوون و ڕەوانی پێیان گوت دەیانەوێت ئەم خانەیە بسووتێنن، هیچ دەرفەتێک بۆ سین و جیمی کابرای پاسەوان نەمایەوە، وەختێک خۆی بینییەوە دەرگا سەرەکییەکەیان بۆ دەکاتەوە و دوای پێنج دەقە چەکدارەکان لەگەڵ پاسەوانەکە لە ژووری ئەو دوو کەسە بوون کە یەکێکیان کارمەند و ئەوەی تریان پەرستارێک بوو. کارمەند و پەرستارەکە ویستیان بەرگری بکەن و بە ڕاکێشانی بەزەیی چوار چەکدارەکە لە سوتاندنی خانەکە پەشیمانییان بکەنەوە، بەڵام چاوسوورکردنەوەیەک و دوو پاڵ کۆتایی بە مشتومڕەکە هێنا کە لە ڕاستیدا ئەگەر بەهۆی نەداری زمانەوە نەبوایە من ووشەی مشتومڕم بۆ بەکار نەدەهێنا، هێندەی پێنەچوو کارمەند و پەرستارەکە لەگەڵ پاسەوانەکە خۆیان لە دەرەوەی خانەی پیران بینییەوە. کارمەندەکە و پەرستارەکە چوونە ناو ئۆتومبیلێکەوە کە لە بەردەم خانەکە ڕاگیرابوو و هەمان ئۆتومبیلی کارمەندەکە بوو کە کاتژمێر شەشی ئێوارە لەوێ ڕایگرتبوو و کەمێک لە خانەکە دوور کەوتنەوە، لەناو ئۆتومبیلەکەوە هەندێک تەلەفونیان ئەنجامدا و پەیوەندییان بە پۆلیسەوە کرد، بەڵام زوو نائومێد بوون چونکە پۆلیس هیچ مەیلێکی نیشان نەدا بۆ بەهاناوەچوونیان، ئەوەش باری عەزابی هەردووکیانی سووک کرد و بەبێ ئەوەی وتووێژی زۆری لەبارەوە بکەن هەردووکیان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە پۆلیس خۆی لەو بابەتە نەگەیەنێت ئەوان دەسەڵاتیان چییە. پاسەوانەکەش



Scanned with CamScanner

بە تفەنگەکەیەوە لە دەرەوە وەستابوو و هیچ کاتێک وەک ئەو ساتە هەستی نەکردبوو کە ئەو تفەنگەی چەند لێ زیادە بۆیە زوو زوو تفەنگەکەی لە شانی دادەگرت و بەدەستییەوە دەگرت و دیسان دەیکردەوە شانی و خاترجەم بوو لەوەی بۆ تەقەی خۆشی، یان ڕاوە چۆلەکە نەبێت قەت بەکاری ناهێنێت. لەو کاتەدا کە کارمەند و پەرستارەکە لەناو ئوتومبیلەکە تەلەفونیان بۆ پۆلیس دەکرد و پۆلیسیش دەیگوت ناتوانن بە هانایانەوە بچن و پاسەوانەکە لە دووری خانەکەوە نەیدەزانی چی لە تفەنگەکەی بکات و ناچار بەرەو ئوتومبیلی کارمەند و پەرستارەکە کەوتەڕێ؛ یەکێک لە چەکدارەکان لە حەوشەی خانەکەدا خەریک بوو قومی لە سۆندەیەک دەدا تاکو بەنزینی تانکی ئەمبولانسێک کە لە گۆڕەپانەکە ڕاگیرابوو بکاتە ناو دەبەیەکەوە، ئەمبولانسەکە هەمان ئەو سەیارەیەیە، کە دواتر چەکدارەکان جامەکەی دەشکێنن و بە سویچێکی جۆکەر دایدەگیرسێنن و لێیدەخوڕن و بەلای کارمەند و پەرستارەکە و پاسەوانەکەدا بە قریوەقریو تێدەپەڕن و ئەوانیش بە نیگایەکی حەپەساوەوە کە بەڵگەی بێچارەییەکی گەورەیە سەیریان دەکەن، دەبە بەنزینەکەش هەمان ئەو دەبە بەنزینەیە کە چەند دەقەیەک دواتر کاری چەکدارەکان ئاسانتر و پرشەوقتر دەکات.

بیرمە منداڵ بووم هەمیشە بۆم پرسیار بوو کە بۆچی پیرەکان زوو لە خەو هەڵدەستن، ڕۆژێک وەڵامەکەیم زانی و ئاسانی وەڵامەکە پەستی کردم، کە چۆن دەبێت بیرم بۆی نەچووبێت. پیرەکان زوو دەخەون. ئەو شەوەش زوو خەوتبوون، کاتێک چەکدارەکانیش هاتبوون بۆ خانەکە و چووبوونە ژووری کارمەند و پەرستارەکە هەر خەبەریان

نەبوبووەوە، لە ڕاستیشدا هۆکارێک نەبوو خەبەریان ببێتەوە، چونکە هەموو شتەکان هەر لە گەیشتنی چەکدارەکان بۆ لای پاسەوانی بەر دەرگاکە و هاتنەژوورەوەیان و کردنەدەرەوەی پاسەوان و کارمەند و پەرستارەکە بە پاڵ و هێنانی دەبەیەک بەنزین لە حەوشەکەوە ماوەیەکی کەمی خایاندبوو و بەبێ تەقە و ڕەقە تێپەڕیبوو، تەنانەت ئەو کاتەیش چەکدارەکان بەنزینیان کردبوو بە دەرگای ژوورەکان و دیوار و قەنەفە و کورسی و بەڕە کۆن و پەردەی پەنجەرەی موبەق و داڵانەکەدا هێشتا کەس خەبەری نەبوبووەوە، دوور نییە پیرێک، یان دوانییان بە بۆنی بەنزینەکە خەبەریان بووبێتەوە و بەدەم وەنەوزەوە وایان زانیبێت کارمەندانی پاککەرەوەی ژوورەکانن هاتوون ژوورەکان پاک بکەنەوە و یەکسەر خەوتوونەتەوە.

.....

چل پیر بوون، دابەش ببوون بەسەر هەشت ژووردا، هەر ژوورێک چوار یان پێنج کەسی لێبوو، هەر یەکەیان لەسەر قەرەوێڵەیەک دەخەوتن کە ڕێکخراوێکی خێرخووازی بۆی کڕیبوون، تەنیا پیاوێک نەبێت کە بە گەنجی وەرزشکاری بەرزکردنەوەی قورسایی ببوو بە تەنیا لە ژوورێکدا بوو ئەویش بەهۆی ئەوەی لەگەڵ کەس نە دەسوڵحا و بۆ بچووکترین شت بەزمێکی ساز دەکرد و بۆ دوو ڕۆژ کەشوهەوای خانەکەی گرژ دەکرد. خانەکە هەر خۆی پڕ بوو لە مەینەتی و کەساسی و ئەو پیرانە کە هەر یەکەی زیاتر لە بەشی خۆیان کولەمەرگی و نەهامەتیان بینیبوو هەرچەند سەریان دەهێناو دەبرد هیچ پێویستییان بە مەینەتی زیاتر نەبوو لە خۆیانی بار بکەن، بۆیە هەمووان



Scanned with CamScanner

گەیشتنە ئەو باوەڕەی ئالوگۆڕکردنی جێگای هەندێکیان هیچ نییە لەچاو نیعمەتی ئەوەی ئەو کۆنەوەرزشکارە لەلایان نەخەوێت، دواجار بەوە ڕازی بوون ئەو پیاوە بە تەنیا لە ژوورێکدا بێت و ئەوەی جارجار لە نیوەشەودا تەقەی کردنەوە و پێوەدانی دەرگایەک، شالاوی کێچ و ئەسپێکان، خەونێکی ناخۆش خەوی دەزڕاند و دەستی دەکرد بە جنێودان هیچ دەردەسەریەکی بۆ کەس دروست نەدەکرد .
کابرای بێحەوسەڵەی کۆنەوەرزشکار سەردەمێک ئەستێرەی دیار و پیاوی بەهێزی شار بوو ئێستا بۆی قووت نەدەچوو لەسەر نۆرەبڕی سەرەی نیسکێنە و نۆرەبڕی خۆشۆردن لە شۆرگەکە دەمەدەمی لەگەڵ بکرێت؛ بۆیە هەرچی داخی خۆیەتی لە دنیا کردبوویە بۆڵەبۆڵ بەسەر پیرێژن و پیرەمێردانی خانەکە و بە حەق و ناحەق بە پیسکردنی تاوەی پەتاتە سوورکردنەوە و پیسکردنی ئاودەستەکان و خۆکێشان بە کورسیەکەیدا کاتێک نانی دەخوارد خەتاباری دەکردن. لەگەڵ ئەوەشدا دەستکەوتنی ژوورێک بە تەنیا بۆ خۆت لەو کوڵبەیی ئەحزانەدا غەنیمەتێکی هێندە کەمیش نەبوو. ئەگەر کەسێک وردەکاری ناو خانەکە بزانێت و ڕۆژێک لەوێ ژیابێت و جارێک شۆربای ناخۆشی هەڵقوڕاندبێت و تەنیا جارێک بۆن ساردی موبەق و بۆنی کەسکوونی ئاودەستەکان هاتبێت بەسەریدا کە ئەو هەموو دیتۆڵ و دەرمانەی پێیاندا دەرشت نەیدەتوانی هێڵنجت پێنەدات و کەسێک شەوێک کەوتبێتە بەر هێرشی لەشکری کێچ و ئەسپێکان کە وەک جەنگاوەرانی مەغۆل هەڵیان دەکوتایە سەر سەرین و ناو ڕیش و پرچ و بەری ئەو پیرانەی کە تەختی بەختییان سەرنگون ببوو؛ ئینجا

دەزانێت ژوورێکی سەربەخۆت هەبێت لەو خانەیەدا وەک ئەوە وایە لە بەردەم ئوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی لە فلۆریدا بە شۆرتێکەوە کە وێنەی ئاڵای ئەمریکای لەسەرە و بە تیشێرتێکی سپییەوە کە بە ئینگلیزی لێی نووسراوە 'دڵخۆش بە' و بە چاویلکەیەکی ڕەشەوە لەسەر کورسیەکی درێژکۆلە لەبەر خۆرەتاو پاڵکەوتوویت و سەکسوکەیەکت داناوە و کۆکتێلێک دەخۆیتەوە و سەیری دەریا دەکەیت.

فەرەیدوون کوێستانیش لەوێ بوو، لەگەڵ سێ پیاوی تردا لە ژوورێکدا بوو. فەرەیدوون دوای ئەوەی ویستبووی لە شارەکە ڕابکات، شارەکە وەکو ماسییەک بە قولاپەکانی خۆی ڕایکێشابووەوە، وەکو باڵندەیەکی زامدار خستبوویەوە ناو تۆڕەکانی. شارەکە دوای ئەوەی بە دڵی خۆی فەرەیدوونی هێنا و برد، بە دڵی خۆی هەموو پلار و سووکایەتییەکانی خۆی بەسەردا قلْپ کردەوە، بە دارشەقێکەوە هەموو کوچە و کۆڵانەکانی خۆی پێ پێوا، بە خەونێکی ناکام و دڵێکی شکاوەوە لەسەر سووچی شەقامەکان پاکەتی جگەرە و لەبەر دەم سینەماکاندا بلیتی یانسیبی پێ فرۆشت، ناچاری کرد شاهیدی مەراسیمی گولەبارانکردنی برادەرەکانی بێت، پاشان پیر و کەنەفتە فڕێی دایە ناو خانەیەکی پیرانەوە تاکو ببێتە قەرەبرووت و بۆ ئەبەد بیکاتە سیمبولی چارەنووسی کەچ و لار و بەدبەختی.

چەکدارەکان دوای ئەوەی بەنزینییان بە هەموو شوێنێکدا کرد، بەنزینیان بەو جلەکۆنانەدا کرد کە بە دەرگای دۆلابەکانی هۆڵەکە و بە ڕانک و چۆغە و کراسی ژناندا کە بە بزمار و سەر تەنافی ڕایەڵکراوی نێوان حەمامەکە

و ژووری کەلوپەلە فەرامۆشکراوەکاندا کرد، بەنزینیان بە دەرگا تەختەیی و کورسی کۆن و قەنەفە دڕاو و ڕەنگ پرتووکاوەکان و مێزە پۆلیشنەکراوەکاندا کرد؛ دەرگای خانەکەیان داخست و یەکێک لە چەکدارەکان دەنکێک شقارتەی داگیرساوی لە ژێر دەرگاکەوە کردە ژوورەوە و جێیان هێشت.

.....

# بەسەرهاتی قەقنەسە کلۆڵەکان

یەکەمجار پارچە بەڕەیەکی بەرپێیان لەودیو دەرگاکەوە گڕی گرت، ئاگرەکە بەهۆی بەنزینە ڕژاوەکەوە یەکسەر لە ڕێڕەوەکەوە تەنییەوە بەرەو دەرگای ژوورەکان. ژنێک کە لەوانی تر گەنجتر بوو بۆ ساتێکی کەم خەبەری دەبێتەوە و وای هەستکردبوو خەون دەبینێت و لە خەویا خانەکە گڕی گرتووە، بەڵام هەر زوو ئەو حیکمەتە دێتە مێشکییەوە کە خەون زیانی بۆ کەس نەبووە تاکو بۆ ئەو هەبێت بۆیە دیسانەوە خەوی لێدەکەوێتەوە. کابرای بێحەوسەڵەی کۆنەوەرزشکار کە ژوورە ڤی ئای پییەکەی کەوتبووە تەنیشت ژووری پەرستارەکە دەکۆکێت، دوکەڵ دەچێتە ژوورەکەیەوە و ژوورەکەی کە چیدی ژووری هوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی نییە وەکو کونی ئەو ڕێویانەی ڕاوچییەکان دەیانەوێت ڕاویان بکەن بە دوکەڵ قانگ دەدرێت و دیسانەوە دەکۆکێت و بەدەم خەوەوە جنێو دەدات و وادەزانێت ژنەکانی ژوورەکەی تەنیشتین دەیانەوێت بۆ پارشێو هێلکەو ڕۆن بکەن، بەڵام لەپڕ خەبەری دەبێتەوە و بۆی

دەردەکەوێت ئەو بۆنە بۆنی ڕۆنی قرچاو نییە و دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە و ئاگر شالاوی بۆ دەهێنێت. لەگەڵ کشانەوەی بۆ دواوە هاوار دەکات ئاگر ئاگر و هاوارەکەی بە قورسی بەناو دوکەڵ و زمانەی گڕەکەدا دەڕوات و دەگاتە ژوورەکان، ئەو ژنەی وای هەست کردبوو خەونی بینیوە و خەوتبووەوە گوێی لە هاوارەکە ببوو و وایزانیبوو دیسان کابرای فلۆریدایییە سکالا لەدەست کێچەکان دەکات، بەلام نا ئەوە هاوارە دەڵێت ئاگر ئاگر. ئیتر بۆنی دوکەڵ بۆ هیچ کام لە ژوورەکان بۆنێکی دوور نەبوو و هەموویان بۆنیان کرد و دوکەڵ لە ژێر دەرگاکان و جێکلیلی کونی کێلۆنەکانە قەتارەی بەستبوو بەرەو ژوورەکان و ژنەی خەونبین دەرگاکەی کردەوە و لەناو دوکەڵ و بلێسەوە و لەبەردەم دەرگای هۆتێلە پێنج ئەستێرەییەکەوە کابرای کۆنە وەرزشوانی بینی بە گیانی گڕاویەوە خۆی ڕادەوەشێنێت و هاوار دەکات و دەیەوێت پەنا بباتە بەر بەلوعەی ئاوی ئاودەستەکان، بەلام ئەوە هەمووی ساتێکی زۆر کورتی خایاند و کردنەوەی دەرگای ژوورەکە بۆ ئاگرەکە وەک ئەوە وابوو بەربەستێکی ئاو دەرچەیەکی بۆ کرابێتەوە و بە هوروژم خۆی کرد بە ژوورەکەدا و ژنەی خەونبین گڕی گرت، گڕی گرت و گڕەکەی پەڕیەوە بۆ بەتانیە کۆنەکان و بۆیاخی دیوارەکان و دۆشەکە ئیسفەنجەکان و سەرینی پەڕ و کراسە هەڵواسراوەکانی قەد دیوارەکە. ئیتر هەر بلێسە بوو تاوی دەسەند و هەر ژن و پیاوی پیر بوو وەکو ڤامپایەری ناو ئەفسانەکان گڕیان دەگرت و هاواریان دەکرد و کۆمەڵێک پشیلەی بێدەرەتان بوون خۆیان دەکێشا بە دیوار و دۆلاب و دەرگاکاندا، خۆیان دەکێشا بەیەکدا و

خۆیان دەکێشا بە کورسی و تاکە قەنەفەی کۆنی دانراوی ڕاڕەوەکاندا، هەرچەندە هیچ بڕستی هەڵاتنیان نەبوو، بەڵام دەیانەویست ڕابکەن و قاچیان لە تەنەکەی خۆڵەکان گیر دەبوو و وەکو گۆیەکی ئاگرین بەناو ژوورەکاندا خلۆر دەبوونەوە، وەکو نەیزەکێک بەناو ڕاڕەوەکاندا بە هێواشی دەکشان، بەسەر قەرەوێڵەکاندا دەکەوتن و لەگەڵ خۆیاندا گریان بڵاودەکردەوە، دەیانەویست لە پەنجەرەکانەوە ڕابکەن بەڵام پەنجەرەکانی خانەکە وەکو پەنجەرەکانی زیندان بەرزبوون و ژنان و پیاوانی پیر بڕستی ئەوەیان نەبوو بیانگەنێ. فەرەیدوون کوێستانی بە هاتوهاواری پیاوەکان و ژنەکان خەبەری بووەوە، خەبەری بووە و ناو قورگ و سییەکانی پڕ بوون لە دوکەڵ، دەستی ڕاکێشا بۆ تەنیشت قەرەوێڵەکەی بەڵام دارشەقەکەی نەدۆزییەوە، بەسەر کۆمەدی و مێزەکەی تەنیشتیدا دەستی دەکوتا و دوای ئەوەی ئینجانەیەکی خستە خوارەوە و پەرداخێکی نیوە لە ئاوی ڕژاند هیچی تری دەستگیر نەبوو، ناچار لە دۆزینەوەی دارشەقەکەی نائومێد بوو کە بەهۆی تێکچڕژان و تەقەلای پیرەکان بۆ ڕزگاربوون کەوتبووە ژێر دۆلابی جلەکانەوە، بۆیە دەستەکانی خستە سەر کاشییەکانی ژوورەکە و لەسەر قەرەوێڵەکە دابەزی و بە گاگۆڵکێ و سکەخشێ ڕووی کردە لای دەرگاکە، بەڵام کەوتە ناو کڵپە و بڵێسەوە و کەوتە ناو پیاوانی گڕدارەوە کە وەکو باڵندەکانی ناو ژوورێک خۆیان دەکێشا بە دەرگا و دیوارەکاندا. ئاگر لە هەموو شوێنێک بوو، بە پەردەی پەنجەرەکانەوە، بە تابلۆی سەر دیوارەکانەوە کە نیگارکێشی ناشی کێشابوونی و بەزۆری وێنەی پیاوێک بە جلێکی شڕی گەدایانەوە بە دیار سفرەیەکی خاڵییەوە

سەبیلێکی بەدەمەوە بوو و سەیری جێگایەکی نادیاری دەکرد، یان وێنەی منداڵێکی سواڵکەری کەڵپۆس لەکۆڵ بوو لە بەر دەرگای قوتابخانەیەک سەیری ناو پۆلێکی دەکرد کە منداڵان وانەیان دەخوێند و ئاگر پیاوە شرپۆشەکە و منداڵە سواڵکەرەکە کەڵپۆس لەکۆڵەکە و قوتابخانەکەی دەسوتاند و هێندەی تر ترس و شکۆی ئاگرەکەی زیاتر دەکرد و چیتر ئاگرەکە بە تەنیا لە ژوورەکاندا نەبوو، بەڵکو ئیتر گڕ و دوکەڵ لە پەنجەرەکانەوە، لە دەرگاکان و دوکەڵکێش و دەلاقەکانەوە دەچووە دەرەوە.

.....

لەوکاتەدا کوڕە چەکدارەکان لە دەرەوەی حەوشەکە وەستابوون چاوەڕوانی ئەنجامی کارەکەیان بوون، وەک چۆن لەکاتی هەڵبژاردنی پاپای تازەی ڤاتیکاندا کە دوکەڵ لە دوکەڵکێشی کڵێسای گەورەی ڤاتیکان بەرزبێتەوە ئیتر مانای ئەوەیە گەورەقەشەکان لەسەر هەڵبژاردنی کەسێک بە پاپا ڕێککەوتوون، ئاواش کاتێک چەکدارەکان دوکەڵ و گڕ و بڵێسەیان بینی لە خانەکە بەرزبووەوە ئیتر سەیری یەکتریان کرد و وەک ئەوەی کارەکەیان مەیسەر بووبێت سواری ئەمبولانسەکە بوون و ڕۆیشتن.

کابرای پاسەوان کە چەکدارەکان ڕۆیشتن نیمچە گێژ و سەرگەردان لەو ناوە دەسوڕایەوە و نەیدەزانی دەبێت چی بکات، تفەنگەکەی گرتبوو بە دەستییەوە و لە هەموو ژیانیدا وەک ئەو شەوە لە تفەنگەکەی بێزار نەبوو، هەرگیز وەکو ئەو شەوە هەستی بەوە نەکردبوو کە نەدەبووایە ئەو چەکەی پێبێت. ئێمە نازانین ئەگەر پاسەوانێکی تر بووایە



Scanned with CamScanner

لە جێگای ئەو چی دەکرد و چۆن بەرەوڕووی چەکدارە گەنجەکان دەبووەوە، ئایا ئەویش وەک پاسەوانەکەی خۆمان سووک و ئاسان خانەکەی تەسلیمی چەکدارەکان دەکرد یان جەربەزەییەکەی بایی ئەوە دەبوو لەگەڵ کۆمەڵێک گەنجی دێوانەدا بکەوێتە شەڕێکەوە کە وەکو ڕۆژی ڕوون دیار بوو کێ دۆڕاوەکە دەبوو. بە نیگەرانییەکەوە کە تەواو دیار نەبوو لە چی نیگەرانە، بە دوودڵییەوە کە هیچ ڕوون نەبوو لە چی دوودڵە، لە هەستکردن بەبێدەسەڵاتییەکەوە کە نەیدەزانی ئەگەر دەسەڵاتی هەبووایە چۆن بەکاریدەهێنا و چی دەکرد، پاش ئەوەش کە دڵنیا بوو چەکدارە دێوانەکان زۆر دوور کەوتوونەتەوە؛ میلی تفەنگەکەی ڕاکێشاو یەک مەخزەنی تەواوی ڕووە و ئاسمان تەقاند، لەگەڵ ئەوەشدا نەخۆی تێگەیشت بۆ وایکرد نە پەرستار و کارمەندەکەش کە لەگەڵ چەند پیاوێکی خەواڵوو لەماڵەکانی نزیک خانەکەوە دەهاتن و دەچوونە ناو خانەکەوە و لە حەوشەکە سۆندەیان ڕادەکێشا و بۆری ئاویان دەکردەوە و سەتڵیان پڕ دەکرد لە ئاو و بێهوودە دەیانکرد بەو بڵێسەی ئاگرانەی لە خانەکەوە هەڵدەستان، هاواریان دەکرد و لەگەڵ هاواری ئەوان و دەنگی تەقەکانی کابرای پاسەوان کە هەندێک خەڵکی خەبەر کردبووەوە کەسانی دیکەش دەهاتن و دەیانەویست ئاگرەکە بکوژێننەوە. لەبەر ئەوەی شتێکی دیکەیان لەدەست نەدەهات بیکەن بۆیە لەو کاتەدا کە بە سەتڵ و بە سۆندەی ئاودانی چیمەنی حەوشەکە ئاویان دەکرد بە ئاگرەکەدا لە هەمیشە دڵنیا تر بوون کە ئەو ئاگرە بەو ئاوە دانامرکێت، ئەوەش وایکرد هەندێکیان بە نائومێدی و هەندێکیان بەبێزارییەوە سەیری ستوونی دوکەڵ بکەن، کە لە خانەکەوە بۆ ئاسمانی



Scanned with CamScanner

ئەو شەوە درێژ ببووەوە و تێکەڵی ئەو هەورە پەرتەوازانە بین کە لێرە و لەوێی ئاسمانی شار بڵاوببوونەوە.

کە بەیان ئەنگوت هەرچەندە کولوکۆی خانەکە دامرکابوو بەڵام هێشتا لێرەولەوێ پارچە تەختەیەک، لەتەدەرگایەک، پێچکە کورسیەک، یاخود ئێسقانی لاشەیەکی سوتاو دوکەڵی باریکیان لێهەڵدەستا، هێشتا جارجار کەوتنەخوارەوەی پارچە شووشەی پەنجەرەیەک خامۆشی سپێدەکەی شلوێ دەکرد. کابرای بێحەوسەڵەی کۆنەوەرزشکار کە چیدی بێحەوسەڵەییەکەی نەمابوو هەروەک چۆن دەمێکیش بوو وەرزشکاریش نەمابوو؛ لەوکاتەیدا ویستبووی بگاتە بەلوعەی ئاودەستەکان، ڕێک لەبەر دەرگای ئاودەستەکان نیوەی لاشە سوتاوەکەی لەناو ئاودەستەکان و نیوەکەی تری لە ڕاڕەوی خانەکە کەوتبوو و بۆ هەتاهەتایە ڕزگاری ببوو لەدەست یادەوەری سەردەمی توانا و هێزەکەی کە بەناو ڕیزی هەوادارانی سەرسامدا بە قۆڵێکی ئەستوور و ماسولکەی پتەوەوە دەڕۆیشت و ملە پانەکەی وەکو ملی گای ئیسپانی بەملاولادا دەسوڕاند. لاشەی ژنەی خەونبین کە هەر بە زیندوییش زۆر بێجورم بوو و ئێستا لە فۆرمی کۆمەڵێک ئێسقانی سوتاو لەژێر قەرەوێڵەیەکدا بوو کە دوای ئەوەی دوکەڵ و کڵپەی بێئامانی ئاگرەکە لە ژووری پەرستارەکەوە ڕێگەی چوونەدەرەوەی لێگرتبوو خۆی خزاندبووە ژێر قەرەوێڵەیەکەوە کە ئەوەش هیوایەکی بێبەرە و هەر کەسێکی تر بووایە لەوکاتەدا پەنای بۆ دەبرد، بەڵام بۆ کوێ دەڕۆیشت؟ ئەوە شتێک بوو لەو کاتەدا بەبیری هیچ پیرەژن و پیرەمێردێکدا نەدەهات کاتێک دەرگاکەیان لە دەرەوە لێ گاڵە دابن.

# ئەمجارەیان مردن دەبێتە ڕاستی و چیتر پیاوێک بە جلی سەیروسەمەرەوە نابینین

پردێکی بەرز هەیە گەڕەکێکی تازەی شار بە گەڕەکە کۆنەکانی شار دەگەیەنێت و خانووگەلی گەورەی بە دیزاینی ئاڵۆز و ناشیرینەوە لێیە؛ کە هێندەی نیشانەی پارەزۆریە، هێندەی ڕەمزی دەوڵەمەندبوونی بێڕەنج و بێئارەقەیە هێندە نیشانەی زەوق و سەلیقەیەکی ئەریستۆکراتی نییە، هەر کەسێک بیەوێت سەردانی خانەی پیران بکات دەبێت بەسەر ئەو پردەدا تێبپەڕێت و لە گەڕەکە کۆنەکانەوە ڕووە و ئەو گەڕەکە تازەیە بڕوات، پێش ئەوەی بگاتە ئەوێ بە لای ڕاستی ڕێگایەکدا باداتەوە و بەرەو خوار بڕوات و تەواو دوور بکەوێتەوە تاکو دەگاتە خانەی پیران.

دەمەدەمی نیوەڕۆیە، پیاوێک شەپقەیەکی مۆری لەسەردایە لەو شەپقانەی ئەکتەرانی فیلمی کاوبۆی دەیکەنە سەریان و لەلای چەناگەیەوە بە لاستیکێک بەستوویەتی بۆ ئەوەی با نەیبات، بە کراسێکی پەمەیی و پانتۆڵێکی شینەوە، بە هێلەگێکی بریقەداری سوورەوە پاسکیلێکی زەرد

لێدەخوڕێت و بەسەر ئەو پردەدا دەڕوات، بێخەم و خەیاڵ پاسکیل لێدەخوڕێت و فیکە لێدەدات و هەر کەسێک بیبینێت دەزانێت بۆ پیاوێکی پیری وەک ئەو پایدەرلێدانیش جۆرێکە لە بڕست و توانا، پاسکیل لێدەخوڕێت و بەو جڵانەوە زۆرتر لە ڕاهێنەرێکی سێرک دەچێت کە لەبەردەم شێرەکانیدا پاسکیل لێبخوڕێت نەک پیاوێک کە سەفەرتاسیەکی خواردنی لەناو قەفەزی پاشکۆکەیدا داناوە و دەیەوێت سەردانی برادەرێکی خۆی بکات لە خانەی پیران. دوای ماوەیەک خۆ حەپسکردن لە ژوورەوە لە ترسی پەتاکە، ڕۆژێک بڕیار دەدات سەردانی فەرەیدوون کوێستانی بکات لە خانەی پیران و خواردنی بۆ ببات، ئەوەش کارێک بوو مانگی جارێک دەیکرد و تاکە کەسێکیش بوو کە سەردانی فەرەیدوونی دەکرد، پایدەر لێدەدات و دەڕوات و ئاگای لە کوشتوکوشتاری شار نییە، بێخەبەرە لە ڕاوی پیران و دروستبوونی دەستەی گەنجانی چەکدار، ئەوەی بیری بۆی نەچێت ئەوەیە کە دوای چەند دەقەیەک ببێتە نێچیری گروپێک گەنج کە لەوسەری پردەکەوە وەستاون و لە دوورەوە دەبینن پیاوێک بە جلی سەیروسەمەرەوە بە پاسکیلێک بەرەو ڕوویان دەچێت. لەو کاتەدا کە خەریکە تەواو لە پردەکە تێدەپەڕێت قووتبوونەوەی چوار گەنج بە حیلکەحیلکەوە لەبەردەمیا ناچاری دەکات ئیستۆپ بگرێت و پاشان پێیەکی بخاتە سەر جادەکە. گەنجەکان هیچ گوێ بەوە نادەن کابرا چی دەڵێت، یەکێکیان شەپقەکەی لە سەر دادەگرێت و دەیکاتە سەری خۆی و سەیری ئەوانی تر دەکات و پێدەکەنن، یەکێکیان لە پاشکۆی پاسکیلەکەدا سەفەرتاسییەکە دەکاتەوە و بۆنی فاسۆلیای گەرم دەکات و دایدەخاتەوە و پێی دەڵێن 'خۆ هێشتا بەهار

بە تەواوی نەهاتووە بۆ سەیران و فاسۆلیا خواردن، تاکو کابرای پاسکیلسوار وەڵامی یەکێکیان دەداتەوە یەکێکی تریان پرسیارێکی ناماقوڵتری لێدەکات و بە قسە و پلار و قۆشمەبازی لەسەر پێڵاوە نووکتیژەکانی و پانتۆڵە شینەکەی و کراسە پەمەییەکەی و هێلەگە بریقەدارەکەی کابرای پیر دادەگرن، یەکێکیان قۆڵی کابرا دەگرێت و دەیەوێت لە پاسکیلەکە دایبەزێنێت، یەکێکی تریان دەسکی پاسکیلەکە دەگرێت و دەیەوێت لێی بسەنێت، کابرای پیرە پرکێشی دەکات و چەند جارێک دەڵێت 'پاسکیل پاسکیلی خۆمە' و کەمێک دواتر بۆی دەردەکەوێت لێسەندنی پاسکیلێک هیچ نییە لەچاو ئەو دەردەی دەیدەنێ. دوای راکێشراکێشێکی زۆر پاسکیلەکەی لێدەستێنن و یەکێکیان شەیالەکەی دەگرێت و پێی دەڵێت هەموو مەرجەکانی راهێنەرێکی سێرکت تێدایە و بەڵێنی پێدەدات نمایشەکەی ئەمڕۆی لە هەموو ئەوانی تر نایابتر بێت، یەکێک لە کوڕەکان پاسکیلەکە دوور دەخاتەوە و سێ کوڕەکەی تر کابرا بەرەو ناوەڕاستی پردەکە ڕادەکێشن و گوێ نادەن بەوەی کابرا تاکێک پێڵاوی لە پێ دادەکەنرێت و دەیەوێت بگەڕێتەوە بیکاتەوە پێی و بێئاگایە لەوەی ئیتر لەمەودووا پێویستی پێی نابێت، گوێ نادەنە ئەوەی کراسەکەی کابرا لە پانتۆڵەکەی دێتە دەرەوە و هەموو سک و سنگی دەردەکەوێت کە بە مووی تەنکی سپی داپۆشراوە و بێهوودە دەیەوێت خۆی پۆشتە بکاتەوە. کابرا تێناگات چی دەگوزەرێت، ئەو ساڵانێکی زۆرە کۆڵان و شەقامەکان تەیدەکات و جلەکانی هێندەی مایەی خۆشنوودی خەڵک بوون هێندە مایەی بێزاری نەبوون، ئەو هەمیشە لە جیاتی هەمووان ڕەنگە جیاوازەکانی لە شارێکدا پۆشیوە



Scanned with CamScanner

کە ئەگەر ڕەنگی ڕەش و سپیان لێبسەنرایەتەوە دەبووایە بە قوونڕووتی بسووڕێنەوە، لەوەش واوەتر ئەو سیمبولی زیندووبوونەوەی دوای مەرگ بوو و بە گەڕانەوەکەی دوای دە ساڵ لە پرسەکەی هیوای دابوو بەو ژن و پیاوانەی کوڕەکانییان کەوتبوونە ناو گەرووی ئاشی مێژوویەکی چەپەڵ، بۆیە ئێستا هیچ تێنەدەگەیشت بۆچی چنگی ئەو کوڕانە وەکو چنگی شەهێنێکی وەحشی ملە چرچەکەی بریندار دەکەن، کاتێکیش لە مەترسیداربوونی دۆخەکە تێگەیشت ئەو کاتە بوو کە کوڕێکیان شەیالەکەی لە قوڕگی قایم کردبوو و یەکێکی تریان دەستەکانی گرتبوو، هاوکات یەکێکی تریان هەردوو قاچی گرتوو لە جادەکە بەرزی کردەوە. بەرزەفتکردنی پیاوێکی پیر هێندەش زەحمەت نەبوو بۆ سێ کوڕ کە لە هەڕەتی لاویدا بوون و بێسەروبەری شار و گەرا زۆروزەوەندەکانی بیرۆکەی پۆخڵ لە مێشکیاندا هێندەی تر متمانە و توانای دابوونێ، بۆیە کە کابرایان بۆ لای شیشەبەندی پردەکە ڕاکێشا هێندەی سەرنجیان لەسەر ئەو چێژە بوو کە پاش کەمێکی تر لە فڕێدانەخوارەوەی پاسکیلسوارەکە دەیبینن هێندە گوێیان بەوە نەدا کە کابرا دەیگوت 'بابە پاسکیلەکە بۆ خۆتان بەس وازم لێبێنن.'

پیاوێک لە سەر شیشەبەندی پردەکەوە دەفڕێت. هێلەگێکی سووری بریقەداری لەبەردایە و لە دوورەوە دەبریسکێتەوە، کراسێکی پەمەیی لەو کراسانەی پێشکەشکاری بەرنامەی منداڵان لە تەلەفیزیۆن دەیانپۆشی و پانتۆلێکی شینی تۆخ کە ئێستا و ئەوساش نەزانرا ئەو ڕەنگە دەگمەنانە لە کوێ دەکڕێت، دەفڕێت و بە پەلەکانی کە لە هەوادا بێهەدادان ڕایاندەوەشێنێت دڕ بە هەوای گەرمی ئەو دەمەدەمی

نیوەڕۆیەی بەهار دەدات و بەشێوەیەکی ناڕێکوپێک دەکەوێتە خوارەوە، تاوێک دەموچاوە ترساوەکەی ڕووی لە قیری ڕەقی جادەکەیە و تاوێک پێیەکانی بە تاکێک پێلاوەوە، پیاوێک ئەگەر ناویشی نەهێنم ئێوە دەزانن نەدیم چەلەبی خۆمانە، ئەو پیاوەی بۆمبەکان و ناپالمەکان و ساچمەی تۆپەکان و ئاوارەبوون لەناو ناسنامە و ناوە هەڵەکان و دیلێتی و فەرامۆشی نەیکوشت بۆ ئەوەی ئێستا لە سەر ئەو پردەوە بفڕێت و دوو ڕۆژ تەرمەکەی لە قەراخی جادەکە چاوەڕێی پیاوانی شارەوانی بکات بە قێزوبێزەوە بیخەنە عەرەبانەیەکەوە و بیبەن و لەگەڵ چەند کەسێکی تردا بیانخەنە چاڵێکەوە.

.....

Scanned with CamScanner

# هاوێرگە

ئێستا من نازانم پەتاکە چییە، ئەو نەخۆشییەیە کە کۆمەڵێک خەڵک گرتوویەتی و هەندێکیان چاک دەبنەوە و هەندێکیان دەمرن یان ئەو کرمەیە کە چۆتە ناو سەری گەنجانی چەکدار و وەکو دێوانە دێن و دەڕۆن و تینوێتی ترسناکی ئەوانە بۆ کوشتنی پیرەکان؟ لە شارەکە ترس و تۆقاندنێکی زۆر سەروەرە، پۆلیس و هێزە چەکدارەکانی حکومەت نەماون و ئەوەی حوکم دەکات ئەو گەنجانەن کە بوون بە میرغەزەبی شار و ڕێگاکانیان گرتووە، چوار دەوری شاریان تۆقداوە و بە خوواستی خۆیان پزیشک و پەرستارەکان بەکاردەهێنن. ئیتر ئەو پیرانەی لە شارەکەدا بوون، یان کوژران، یان خۆیان شاردۆتەوە، ئەوە جگە لەوانەی لە سەرەتای ئاژاوەکەدا بە قاچاخ لە شارەکە دەرچوون.

ئەو ڕۆژەی هەواڵی سوتانی خانەی پیران بڵاوبووەوە من دوو هەفتەبوو لە هاوێرگەدا بووم کە لە ڕاستیدا هیچ مەرجێکی تەندروستی و گونجاوی بۆ چاکبوونەوە و پشوو

تێدانەبوو، بەڵکو لە خراپترین جۆرەکانی زیندان پیستر بوو. تاکە شتێک وایکردبوو ئەو جێگایە هەڵبژێرن گەورەیی شوێنەکە بوو کە ئەوەش خۆی خەسڵەتێک بوو شایانی پێداهەڵگوتن بوو. زیاتر لە پەنجا کەس دەبووین لە ژن و پیاو و خرابووینەوە ناو بینایەکەوە کە بە جەمەڵۆن و ئینگلاین دروستکرابوو کە پێشتر شوێنی عەمبارکردنی کەلوپەلی کشتوکاڵکردن و ئامرازی یەدەگی تراکتۆر بوو، پڕ بوو لە خەرماشەی کۆن و تازە و گاسنی گەورە و بچووک، پڕ بوو لە پێمەڕە و خاکەناز و درمغ، لە هەر سووچێکی ئەو جێگە گەورەیەدا دەمی زیادەی تەشوێ و پاچت دەبینی، شەنی دار و ئاسنت دەبینی، کلکەخاکەنازی هەڵچنراوت دەبینی کە وەکو لیژنەدار تاکو بنمیچەکە دانرابوون. لە هاوێرگەکەدا بە درێژایی و پانایی جێگەکە ستوونی ئاسنی بچکۆلە چەقێنرابوون و بە قوماشی سپی ژوورۆچکەی بچووکیان لێدروست کرابوو و هەر کەسێک خرابووە یەکێک لەو ژوورۆچکانەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ژوورۆچکەکان بەسەریەکەوە بوون و ڕایەڵەکانی قوماشەکە نزم بوون دەمانتووانی قسە لەگەڵ یەکتردا بکەین. هەریەکەمان دۆشەکێک و بەتانی و سەرینێکیان دابووینێ و جێیان هێشتبووین، ڕۆژانە دکتۆرێک یان پەرستارێک دەهات و هەندێک پشکنینی زۆر سەرەتایی و زۆرجار ناپێویستی بۆ دەکردین و دەڕۆیشتن. هەرچەندە لە هەفتەی یەکەمدا چاودێری جێگاکە زۆر توند بوو و بەردەوام گەنجانی چەکدار بە سەری بەستراو بە پەڕۆی ڕەشەوە دەهاتن و دەچوون، بەڵام دوای ئەوە تەنیا چەند پاسەوانێک مابوونەوە کە هەندێکیان چەکیشییان پێنەبوو،

شەوانەش دوو ئێشکگری لێبوون بە سەرە ئێشکییان دەگرت و ئەوەی وایکردبوو لەوێ بمێنینەوە تەنیا خوواستنی خۆمان بوو بۆ دڵنیابوونەوە لە وەزعی خۆمان. ئەوەی وایکردبوو هاوێرگەکەمان پیس و نەگونجاو بێت ئاودەستەکان بوون کە بە لەوح دروستکرابوون و لە تەنیشت هاوێرگەکەمان بوون، لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی خواردنی ڕێکوپێک و خواردنەوەی گونجاو هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی کەمترین جار ڕێمان بکەوێتە ناویان. ئەوانەی گومانیان لێکرابوو پەتاکەیان گرتووە لەناو شارەکەدا بەسەر چەند هاوێرگەیەکی وەک ئەوەی ئێمەدا دابەشکرابوون، دواجار لە هاوێرگەکەی ئێمە تەنیا پێنج کەس پەتاکەیان هەبوو و ئێمە کە نەمانبوو چەندجارێک داوای ئەوەمان کرد ڕێگەمان پێبدرێت بڕۆین، بەڵام تاکو هەفتەی سێیەم نەمانتوانی ڕەزامەندی ئەوان وەربگرین.

بەیانییەک زۆر زوو دوو پزیشک لەگەڵ دوو چەکدار هاتن و چەند کاغەزێکیان بەو کەسانەمان واژوو کرد، کە پەتاکەمان نەبوو و ڕێگایان داین بڕۆین.

.....

# خولیای جێهێشتنی شار

شەوی ڕابردوو باران باریبوو، کە لە هاوێرگەکە هاتینە دەرەوە دنیا تەڕ و تازە و بۆنخۆش بوو، بۆنی زەوی تازە و گیا و دەشتی تەڕ دەهات، شەقام و کۆڵانەکان و جادەی قیر هێشتا تەڕ و چۆڵ و خامۆش بوون و جارجار ئوتومبیلێک تاکوتەرا بێدەنگی جادە و بێدەنگی سپێدەکەیان دەشێواند. ئەو ڕۆژانەی لە هاوێرگە بووین هەموو هەواڵیکی ورد و درشتی ناو شارمان دەزانی، کوشتنی پیرەکان، کەوتنی حکومەت و پۆلیس و دەستبەسەراگرتنی شار لەلایەن گرووپی گەنجانی چەکدار، شکاندنی زیندانەکە و سوتاندنی خانەی پیران، بۆیە کە لە هاوێرگەکە هاتمە دەرەوە تاکو گەیشتمە ماڵەوە بە پێ، بە کوچە تەنگەبەرەکاندا، بە لاڕێ و شەقامە لاوەکییەکاندا ڕێگاکەم قەدبڕ دەکرد و بیرم لەوە دەکردەوە چۆن شارەکە جێبهێڵم و بڕۆم بۆ لای باپیرم. هەرچەندە جێگاکەی باپیرم ئەمین و بێمەترسی بوو و هیچ بەڵگە و باسێک نەبوو لەوەی لە دەرەوەی شارەکەی ئێمە پیرکوژی کرابێت، بەتایبەت کە باپیرەم لە جێگایەکی چەپەک بوو لە

پێچی جیایەکدا و کەسێکی شارەزا نەبووایە نەیدەتوانی ڕێی بکەوێتە ئەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئارەزوویەکی ڕامنەکراو و بێهەوسار لەناوەوە پاڵی پێوە دەنام بڕۆم بۆ لای. لە بنەڕەتیشدا هۆکارێکی بەهێزم نەمابوو بمێنمەوە، چونکە دیار بوو شارەکە لە تاریکییەکەوە بەرەو تاریکییەکی تر دەڕوات، هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە بوون کە گرووپی گەنجانی چەکدار کە دەستپێکی حوکمەکەیان کوشتن و قەڵاچۆکردنی پیرەکان بوو دەبن بە سەردار و میرغەزەبی شار، وەک ئەوەی ئەو هەموو خوێن و فرمێسکە کەم بووبێت، وەک ئەوەی ئەو هەموو ماتەمینیی و نەهامەتییانەی زەمان کە وەکو قامچی پشتی شارەکەی داخ کردبوو بەس نەبووبێت.

دواتریش کە گەیشتمەوە ماڵەوە و هەندێک لە دراوسێکانم بینی بۆم دەرکەوت، کە پێدەچێت نەخۆشییەکە تاڕادەیەکی زۆر نەمابێت، بەڵام ڕاوی پیرەکان بەردەوام بوو، هەرچەندە ئیتر لە شارەکەدا پیرەکان نەدەبینران تەنانەت ئەو کەسانەش نەدەبینران، کە تەمەنییان کەمێک هەڵکشاو بوو. باس باسی کوشتن و ڕاوکردنی پیران بوو، باسی خۆشاردنەوەیان و ونبوونیان بوو لە شارەکە. لەگەڵ دراوسێکانم ویستم باسی هاوێرگە و پەتاکە بکەم، بەڵام کەمترین مەیلیان بۆ ئەو بابەتە نیشان دا و منیش دوای پێچەبەدەورەیەک بە مەسەلەی پەتاکە ئیتر بابەتەکەم گۆڕی.

.....

Scanned with CamScanner

# ئیبلیس دەچێتە ناو کەوڵی شارێکەوە

شارەکە لە مێژووی خۆی یاخی ببوو، دوای ئەو هەموو جەنگ و کوێرەوەریە، دوای ئەوەی شارەکانی دنیا تازە دەبوونەوە و لەناو جەنگ و کارەساتەکانەوە هەڵدەستانەوە و دەگەشانەوە، دوای وێرانبوون و بۆردومانی فڕۆکە و ناپاڵمەکان ئاوەدان دەبوونەوە و سەرلەنوێ دەبوونەوە بە مەڵبەندی مۆسیقا و ئۆپێرا و شانۆ و ئەدەب، دەبوونەوە بە مەکۆی ئازادی و شکۆی مرۆڤ، شارەکەی ئێمە هەر لە قوڕی نەزانیی و خورافەدا چەقیبوو، ساڵانێک بە دروستکردنی مۆڵە گەورەکان و ڤێلای گرانبایی و باخی فراوان هەوڵی دەدا بیماریەکانی خۆی داپۆشێت، لە تەقەلای ئەوەدا بوو پەردە بدات بەسەر ئەو هەموو بێدادیەدا کە وەک ژەهر بە دەمارەکانی شاردا دەگەڕا، چاو لەو هەژاریە بپۆشێت کە وەکو لافاو منداڵانی گەڕەکە هەژارەکانی فڕێ دەدایە ناو باوەشی گروپە توندڕەوەکان و هەڵدێری مادە هۆشبەرەکان و دەستەی تاوانکاری و دواجاریش ڕایدەدانە ناو کونجەکانی زیندان. بەڵام زامەکانی ئەم شارە وەکو

زامی زۆربەی شارەکانی تری ناوچەکە؛ کەونارا و بێهارە بوون، بۆیە وەکو ئەوە وابوو ئەسپێکی چەمووش بەلەسە ببێت و مێخزنجیرەکەی هەڵبکەنێت و بێهودە و بێئاراستە ڕابکات، دوای ئەوەی نائومێد ببوو لە ڕووی ئەخلاقییەوە تازە ببێتەوە، دوای ئەوەی دەستی لە نوێبوونەوە لە ئاستی کولتوور شۆردبوو دەیەویست بە کرداریی لە ڕووی فیزیکییەوە تازە ببێتەوە. ئێستا ئیتر شارەکە پەتاکەی تێپەڕاندبوو، دەردەکە چیدی کۆکە و هەناسەتەنگی و سووربوونەوەی دەموچاو نەبوو، بەڵکو پەتای ڕاستەقینە هەوڵی شارێک بوو دەیەویست پیرەکان قەڵاچۆ بکات و دوور لە هەموو میتافۆڕ و سیمبولگەراییەک هەر بە کرداریی گەنج ببێتەوە، دەیەویست دەرچەیەک بدۆزێتەوە و وەکو قەقنەس لەناو سوتماکی خۆیدا زیندووببێتەوە و بفڕێت، بەلام من دەمزانی مێژوویەکی تازە بە کوشتنی پیاوانی پیر لە سووچی مزگەوتەکاندا دەست پێبکات، سوتاندنی خانەی پیران و خنکاندنی ژنانی پیر لەناو ئوتومبیلەکاندا دەستپێبکات جگە لە بەشێکی تری کتێبێکی ترسناک زیاتر نابێت، جگە لە پەردەیەکی تری شانۆگەرییەکی خەمناک، سۆناتایەکی تری ناو ئۆرکێسترایەکی مەرگهێن زیاتر نابێت.

.....

# من کوڕی کووچە و کۆڵانە غەمگینەکانم

من خۆم منداڵی شارەکەم، کوڕی کووچە و کۆڵانەکانیم، ئاشنای دوکان و بازاڕەکانیم، لە ڕووبارەکانی دەوری کە وەکو مار لە قەدی شارەکە ئاڵاون مەلەم کردووە و ماسیم گرتووە، لەسەر گردۆلکەکانیەوە سەیری ماڵەکان و بورجەکان و تەلارەکانیم کردووە، لە باخچە و پارکەکانی هاتووم و چووم، لە پەنا دار سنەوبەرە نیانەکانی دانیشتووم، لە زەماوەندە کەمەکانی دڵخۆش و لە شیوەنە زۆرەکانی دڵتەنگ بووم. هەموو گەڕەکەکانی شارەزام، بۆیە ئەگەر بمەوێت لەم شارە دەرچم هەمیشە دەتووانم ئەو توولەڕێیانە ببینمەوە، کە دەمبەنە دەرەوەی شار، دەتووانم پەی بەو بزنەڕێیانە ببەم کە کەسانی دی پەیان پێنابەن. هەرچەندە دەستەی گەنجانی چەکدار ئیتر تەواو دەستییان بەسەر شاردا گرتبوو و هەموو ڕێ و بانەکانییان تەنیبوو، ورده ورده ئەو کەسانەی ئامانجی کوشتنەکانیان بوون کەم ببوونەوە، بەڵام هێشتا چواردەوری شاریان تەوق دابوو و هێشتا کاری توندوتیژانەیان دەکرد کە مەبەستییان ئەوە

بوو هەموو مەیل و خوواستێکی بەرگری ساواخنکێن بکەن چاوترسێنکردنەکانییان بکاتە ئەوەی هەموو خولیایەکی لارەملیکردن لە سەری خەڵکیدا نەزۆک بکەن. بەڵام من بریاری خۆم دابوو شارەکە جێبهێڵم. سەرەڕای ئەوەی لەو کاتەدا هیچ هۆکارێکی ئاشکرا نەبوو من بکرێمە ئامانج، بەڵام دەمزانی ئەو ڕوداوانە خوێنی زۆری تری بەدوادا دێت، دەمزانی ئەوە دەبێتە سەرەتای قۆناغێکی تری کوشتار و کاولکاری، هەر وایش بوو، دوای ماوەیەکی کەم دەستە و گرووپی تر دروست بوون کە لەسەر بەڕێوەبردنی شارێکی لاچەپ کە ئەگەر ئەو شارە هەر نەبوایە دنیا شتێکی وای کەم نەدەبوو کەوتنە جەنگ و جەدەل لەگەڵ دەستەی گەنجانی پیرکوژ و ئەو شتە دروست بوو، کە پێیان دەگوت شەڕی ناوخۆ لەکاتێکدا وەکو شەڕی کۆمەڵێک جەردە وابوو لەسەر کاروانێکی تاڵانکراو. جگە لەوەش بۆ گەنجێکی وەکو من بە ڕۆژیش ڕۆیشتنەدەرەوە لە شار یاساخ نەبوو، بەڵام بەهۆی ململانێی دەستە و گروپەکان و هەواڵی بە قاچاخ دەرکردنی پیرەکان لە شار هەر کەسێک بڕۆیشتایەتەدەر لە شارەکە دەخرایە ژێر پرسیاری وردی زۆر و گومان بۆیە نەمویست ئەو سەر ئێشەیە بۆ خۆم دروست بکەم، هەر وەک چۆن نەمویست کارێک بکەم سەر بکێشێت بۆ ئاشکراکردنی جێگاکەی باپیرم، بۆیە بە قاچاخ ڕۆیشتنە دەرەوە بێئەرکترین بژارەی من بوو، تەنیا هەندێک وریایی و چاوکراوەیی و هەڵبژاردنێکی کات و شوێنێکی گونجاوی دەویست کە ئەوەش کارێک نەبوو نەکرێت.

.....

# شارێکی بەد کە دەبێت جێیبهێڵم

ئەو شەوە هات کە قەرار بوو بڕۆم. کۆڵەپشتیەکم پێچایەوە کە هەندێک نان و خورمای تێدابوو، کۆمەڵێک وردەشتی تری تێدابوو وەکو جلێکی زیادە و چەقۆیەک و سەرەڕای ئەوەی لە ڕێگاکە جۆگا و کانی زۆر هەبوون ئاوی لێبخۆمەوە، بەڵام زەمزەمیەک ئاوم کرد بە قەدمەوە، جلی ڕەنگتاریک بۆ ئەوەی لە شەوەکەدا نەبینرێم و پێڵاوی توندوتۆڵ، هەموو شتێکم ئامادەکرد و چەند ڕۆژێک بوو کنەی ڕێوشوێنی ڕۆیشتنەکەم کردبوو و دەمزانی لە کام ئاراستەی شارەوە دەبێت دەربچم.

لە بەشی باکووری شارەوە کەمێک بەلای ڕۆژئاواوە، جگە لەوەی کۆمەڵێک گردی بچووک و نزمی لێبوو، بەنێوان گردۆڵکەکاندا چەم و جۆبار هەبوون کە لەو بەهارە پڕبارانەدا گیا و زەل و قامیشەکانی دەوری بەرز هەڵچووبوون، لەسەر گردۆڵکەکانەوە چەکداری دیدەوانی و چاودێری هەبوون بەڵام هێندەش چاودێری چڕ نەبوو تاکو هەر کەسێک لەناو ئەو چەم و چوغوردەوە ببینن، بۆیە ڕۆیشتن بەوێداو هیچ

مەترسییەکی دروست نەدەکرد، تاکە مەترسییەک ئەوە بوو ڕێت لێ هەڵە ببێت و پێچەوانەی ویستی خۆت لەبەردەم یەکێک لەو چەکدارانە خۆت ببینییەوە، بەلام من هەر بە هەستی کونگەڕی خۆم و شارەزاییم لە شارەکە متمانەم بە خۆم هەبوو بە چاوی نوقاوەوە بڕۆم.

شارەکە تاریک و خامۆش بوو و لە ئەنجامی پشێوییەکانەوە کارەبا نەبوو، تاکوتەرا بەهۆی موەلیدەی مالانەوە لەملاولای شار گلۆپێک دیار بوو، یان لە مالێک چرایەک دەئایسا. من بە ڕۆژ خۆم گەیاندبووە مالێکی ناسیاوم لە یەکێک لە گەڕەکەکانی قەراخ شار بۆ ئەوەی شەو خۆم لە ڕۆیشتن بەناو کوچەکانی شار لابدەم. شەو کەمێک لەنیوەی تێپەڕی و من کەوتمە ڕێ. بەناو گیاو زەمەندی پشت مالانەوە کە بەهۆی بارانی زۆری ئەم وەرزەوە تاکو ئەژنۆ هاتبوون وەکو نسێ خوشیم ، دەڕۆیشتم و پێ و بەلەکم بە خوناو تەڕ دەبوو، دنیا مات و خامۆش بوو جگە لە خشەی نەرمی گیا کە ڕۆیشتنەکەم دروستی دەکرد هیچ دەنگ و سەدایەک نەدەهات، شار لەژێر تریفەی مانگی مەست و خەرامانددا وەک مندالێکی ساوا خەوتبوو، خەوتبوو و لەو ساتەدا هەستی بەزەیی لەلای مرۆڤ زیاتر دەجولاند وەک لە هەستی نەفرەت، نەدەکرا سەیری ئەو شارە بکەیت و لەو کاتەدا بیر لەوە نەکەیتەوە کە چۆن شارێکی ئاوا کپ و بێگوناهـ دەتوانێت ئۆبالی ئەو هەموو خوێن و تاوانە هەلبگرێت. لە گردۆلکەیەکی پشتی مالانەوە بە نەرمی دابەزیم بۆ لێڕەوارێک و پاشان بۆ قەراخی جۆبارێک کە کاڕوش و جەگەن تاکو زینی ئەسپ بەرز ببوونەوە، لەو تاریکییەشدا تووڵەڕێیەکم بینییەوە و لایەکم قامیش و

پونگەی قەراخ جۆگاکە و قیرەی تاک و تەرای بۆقەکان بوو لەناو قەوزەکەوە، لایەکەی ترم کێڵگەی گەنم و دەغڵی بەرز و بە دەماغ بوو و بەو شەوە هەستت بە شنەشنەکەی دەکرد، بەشی زەحمەتی ڕێگاکەم هەر ئەوە بوو تاکو لە باسکەکانەوە ئاودیو بووم و کەوتمە پشت ئەو گردۆڵکانەی چەکدارەکانی دیدەوانی لێبوون، ئیتر بەناو تاریکی و گیا و زەوی تەڕدا ڕۆیشتم و تا گەیشتمە شوێنێک کە ئیتر لە حوکمی چاودێری چەکدارەکان و لە حوکمی بڕکردنی فیشەکەکانیشیاندا نەمابووم و ئیتر ئاسایی و بێمەترسی دەمتوانی بڕۆم.

کاتی کازیوە من تەواو لە شار دوور کەتبوومەوە و بە قەدپاڵی شاخێکدا هەڵدەگەڕام و زنارەکان جوان و تازە لەبەردەممدا قوت ببونەوە، کاتێکیش خۆر هەڵات، تیشکەکانی بەر ڕەوەزەکان کەوتن و لەسەر کەڤرە زلەکان جوانییەکیان دروست دەکرد مات و حەیرانی دەکردیت. کە لە چیاکە ئاوابووم کەوتمە دەشتێکەوە و ئیتر خۆر تەواو لە ئاسمان بوو، دەغڵ و گیا و گوڵە خاشخاشەکان بە هەتاو و شنەی نیان دەشنانەوە و شەونمی سەر گیا و گوڵەگەنمە سەوزەکان دەلەرزین و جۆلانەیان دەکرد، تا چاو هەتەری دەکرد سەوزایی و تەڕایی و ڕەنگاوڕەنگی گوڵە کێویەکان بوو، هەزاران شەیتانۆکەم بینی بە شاخە نەرمەکەیانەوە لەناو گیا و قەراخ و سەر ڕێگاکان هاتبوونە دەرەوە و قاقلە ڕەقەکانییان لەسەر پشتییان بوو؛ بەناو مێرووستانەکاندا دەڕۆیشتن و مێرووڵەکانیان پەرتەوازە دەکرد و دەجوڵانەوە و بەسەر دەرزیلەکاندا دەخزین و لینجاوێکی ڕوونیان دەردەدا و هەتاوی گەرم و دڵنشینیان هەڵدەمژی.



Scanned with CamScanner

کرمە سەوز و ڕەنگاوڕەنگەکان وەکو شەمەندەفەری پڕ بە نورسی دەڕۆیشتن و پێستییان لەبەر خۆرەکە دەبریقایەوە، مەشکەدڕەکان و کولە بۆرەقنەکان و سەوزەکان بە بە باسکە مشاریەکانیانەوە لەسەر گوڵی فەریکەجۆ دیلانییان دەکرد، مارمێلکەی بزێوی خاکی کە ئەگەر چاوە ڕەشەکانییان نەبووایە لەگەڵ بەردەکان جیانەدەکرانەوە بە ڕۆیشتنەکە خێراکەیان جاترە کێوییەکانیان دەلەراندەوە و بۆنێکی دلنشینییان بە هەوای گەرم و شێداردا بڵاودەکردەوە، فیستیڤاڵێکی بەهاریی بوو هەمووان لەوێ بوون، قالۆنچەکان بە بنباڵە سوور و شینەکانییان لەسەر گوڵ و بەری زەردی خەرتەلەکان دەنیشتنەوە، سەدان جۆری پەپوولە بەو هەموو ڕەنگ و دیزاینە سەرسوڕهێنەیانەوە، خاڵخاڵۆکەکان کە هەندێکیان تەپ و حۆڵ لەناو گەڵای دڕکاوی و قەدی چاوبازەکاندا خۆیان مت کردبوو و هەندێکیان عەجول و بێهەدادان دەسوڕانەوە، زەردەمارەکان و بۆرەمارەکان و تورلەمارەکان هەندێکیان بە جیاجیا و هەندێکیان بە تۆپەڵ تێکئاڵابوون و دەلەنجان و تەپاوتل دەبوونەوە، هەزارپێیەکان بە خێرایی لە کونێکەوە دەهاتنە دەر و بەهەمان خێرایی ون دەبوون و دیسان دەردەکەوتنەوە و ون دەبوونەوە، چۆلەکەکان لەوێ بوون، چۆلەکەکان لە هەموو شوێنێکن، مێرگ و گوڵجاڕەکان لەلای ڕاستمەوە و ئاودڕێک لەلای چەپمەوە کە ئاوی شاخەکانی دەهێنا و لە هەندێک جێگا گۆلی بچووکی دروست دەکرد، هەورەکانیش بەسەر سەرمەوە لە ئاسمان لە شێوەی کاروانی درێژی حوشترەکاندا بوون بە بار و بەچکە و حوشترەوانەکانەوە، منیش وەکو کوڕەشوانێک بە خۆم و توێشووی قەدمەوە بە دڵخۆشی



Scanned with CamScanner

بە تەنیشت تەپۆلکەکاندا، بە مەزراکاندا، بەناو سێپەرەکاندا، بەناو پشقلی کەروێشکە کێوییەکاندا بەرەو ڕووی ئەو چیایە دەڕۆیشتم کە لە دامێنەکەی ئەودیویەوە باپیرەم و ماڵەکەمانی لێبوو و شەماڵ لەشە ئارەقکردووەکەمی نەوازش دەکرد.

.....



Scanned with CamScanner

# من بۆچی کەوتمە لای باپیرەم؟

هێشتا منداڵ بووم دایک و باوکم لە ڕووداوێکی ئۆتومبێلدا مردن، منداڵ بووم، بەڵام نەک هێندەش منداڵ کە بیرم نەیەت، جگە لەوەش، منیش لەناو ئۆتومبێلەکەدا بووم لەگەڵیان، باوکم ئۆتومبێلەکەی لێدەخوڕی کە مازدایەکی جگەری بوو، یەکێک بوو لەو ڕەنگە ناباوانەی کە خەڵکی بۆ ئۆتومبێلەکانیان ئارەزوویان لێی نەبوو، تەمەنم نۆ ساڵان بوو و لە کورسی دوواوە بە قایش بەسترابوومەوە، دایکم لە تەنیشت باوکم لە کورسی پێشەوە دانیشتبوو و جارجارە ئاوڕی بۆ من دەدایەوە و دەیگوت کوڕم ماندوو نیت؟ باوکم لە کار گەڕابووەوە و ڕۆیشتبوو لە فەرمانگە دایکمی هەڵگرتبوو؛ پاشان هەردووکیان هاتبوون بە دوای مندا کە لە قوتابخانە بووم. من بەدەم سەیرکردنی ئۆتومبێلە تیژڕەوەکانی سەر جادەکە کە وەک تێسکەی تفەنگ تێدەپەڕین ئەو گەنمەشامییەم دەخوارد کە باوکم بۆی کڕیبووم، دایک و باوکم قسەیان دەکرد، بیرم نەماوە باسی چییان دەکرد، بەڵام دەزانم بابەتێکی زۆر ئاسایی

ڕۆژانە بوو، ڕەنگە باسی نرخی بەنزین بووبێت، باسی قەرەباڵخی ڕێگا و بانەکان، باسی ئەو هەموو شۆفێرە ناشی و هەڵەشانەی سەر شەقام، یان هەر باسی ئەوە بووبێت چی بۆ خواردنی ئێوارە ئامادە بکەن، دوای ڕۆژێکی پڕ هیلاکی کارکردن بە خۆشییەوە دەگەڕانەوە ماڵ، بارانێکی نەرم دەباری و فلچەی جامی ئوتومبیلەکە بە تەوەزەلی دەهات و دەچوو و جامەکەی پاک دەکردەوە، دەنگی گۆرانییەکی هێمن کە لەگەڵ ڕەوتی خێرای ترافیک و هاتوچوونی ئوتومبیلەکان هەماهەنگ نەبوو بە هێواشی لە تەسجیلی ئوتومبیلەکەوە دەهات، من گەنمەشامیم دەخوارد و لەگەڵ جوڵە و تاسەکاندا دەنکەکانی گەنمەشامی لە دەستم و لە زەرفی ناو باوەشم دەکەوتنە خوارێ، ئیتر لە پڕ دەنگی ئیستۆپێکی بەرز و دەنگی تەقە و پێکادانی ئاسن و کانزا، دەنگی قریشکەی دایکم و دەنگی هێمنی گۆرانیەکە تێکەڵ بوون، ئەوەم بیرە کە بەشی پێشەوەی لۆریەکی زەبەلاح کەوتە سەر جامی ئوتومبیلەکەمان و ئەوەم بیرە کە چۆن زەرفە گەنمەشامییەکەی باوەشم بە سەر سەر و پشتی باوکم و دایکم و بەرەو میچی ئوتومبیلەکە بڵاوبووەوە، دوای ئەوە هیچم بیر نییە، ئەوەم بیرە کە لە نەخۆشخانە بووم دەست و قاچم و سەروگوێلاکم بریندار ببوو و هەموو گیانم بە لەفاف پێچرابوو، ئەوەم بیرە باپیرەم بە خەمێکی قورسەوە وەک ئەوەی هێندە قورس بێت بۆی هەڵنەگیرێت، بە دڵێکی شکاوەوە، بە سیمایەکی تازیەبارەوە لەلام بوو و ئێستا کە بیرم دەکەوێتەوە دەزانم چی ڕەنجێکی داوە تاکو ئەو هەموو دڵتەنگیە لە من بشارێتەوە و نەیتووانیوە. ئەوەم بیرە کە دکتۆر و پەرستارەکان دەهاتن بۆ لام و

به چرپەچرپ لەنێوان خۆیاندا قسەیان دەکرد و بەشێوەی سەیرکردنی جارجارەیان دەمزانی باسی من دەکەن. بەلام ئەوەم بیر نییە کە چۆن لۆرییەکە بەشی پێشەوەی ئۆتومبیلەکەمان و دایکم و باوکم دەشێلێت، ئەوەم بیر نییە کە چۆن قەرەباڵخی و هات و هاوارێکی زۆر لە شەقامەکە دروست دەبێت، ئەوەم بیر نییە، کە چۆن هەزاران ئۆتومبیل لەو سەرجادەیە ڕیز دەبەستن و سەدان کەس بەرەوڕووی ئۆتومبیلەکەی ئێمە ڕادەکەن کە چیدی لە ئۆتومبێل ناچێت، بەڵکو لە بنێشتێکی جووراوی فرێدراو دەچێت، ئەوەم بیر نییە کە بە هەزار حاڵ منیان لە ئۆتومبیلەکە دەرهێناوە و کە زانیویانە زیندووم فڕاندوویانم بۆ نەخۆشخانە، بیرم نییە چۆن لاشەی پان و پلیش بووەوەی دایکم و باوکمیان دەرهێناوە، پۆلیس هاتووە، ئەمبولانس هاتووە، باپیرم ئێوارەکەی چەندان تەلەفۆنی بۆ دایکم و پاشانیش بۆ باوکم کردووە بەلام تەلەفۆنەکانیان داخراوە. داخراوە یان زەبری تایە گەورەکانی لۆریەکە مۆبایلەکانی هاڕیوە؟ ئەوە شتێکە باپیرم لەو ساتەدا نایزانێت. سالانێک دواتر خولیای گەڕان و کونجکۆلیم کەوتنە گەڕ و ڕۆیشتم لە کتێبخانەی گشتی شارەکە کە بەردەوام چۆڵ بوو بە ئەرشیفی ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژانەدا چوومەوە و لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا هەواڵێکم لەسەر ڕوداوەکە بینییەوە کە هەندێک زانیاری تێدا بوو لەسەر چۆنییەتی ڕوداوەکە و وێنەی لۆریەک کە خۆی کێشابوو بە ئۆتومبیلەکەماندا، لە وێنەکەدا، هەر وەک باپیریشم چەند جارێک بۆی گێڕاومەتەوە ئۆتومبیلەکەی ئێمە تێکشکابوو و لەچاو لۆریەکەدا کە هیچ زیانێکی پێنەگەیشتبوو زۆر بچووک دیار بوو.

# باسی بەلەسەبوونی شارەکەم بۆ باپیرەم کرد

هەموو شتێکم بۆ باپیرەم باس کرد، ورد و درشت، سەرەتا دوو دڵ بووم، بەڵام دواتر هۆیەکم نەبینی هیچ شتێکی لێ بشارمەوە، باسی تیمەکانی کوشتن و دەستەی گەنجانی چەکدار، باسی پەتە ڕەشەکانی ناوچاوانیان، ڕاکەڕاک و هاتووچوونیان بە میکزەمینییەکانەوە، ڕاوکردنی ژنان و پیاوانی پیر، شکاندنی دەرگای زیندان و سوتاندنی خانەی پیران، باسی هاوێرگە و ڕاکردنی خۆم لە شارەکە. کاتێک قسەم بۆ باپیرە دەکرد بە درێژایی قسەکانم چاوی کردبووە و وەکو کوندەپەپوویەکی بێدار تەماشای دەکردم ، بیری لە شتێک دەکردەوە و نەمدەزانی بیر لە چی دەکاتەوە، نیگاکانی وەکو نیگای بێقەراری هەڵۆیەک تێدەگرتم، ئەوەی شارێک لەبری ئەوەی کولتوورەکەی کاژ فڕێبدات و کاژێکی تر بکاتە بەر، کەوڵی بیرکردنەوەیەکی کۆن توور بدات و خۆی بە بیرکردنەوەیەکی تر تەیار بکات، خورافەت و ئەفسانەکانی لەگەڵ زبڵ و پیسایی و خاشاکەکانی بسوتێنێت، لەبری ئەوانە بۆ تازەکردنەوەی

خوی پیرەکان بکوژێت و شارێکی گەنج دروست بکات شتێکە عەقل نایبڕێت. ئای لەو بەدکارانە ئای لەو بەدکارانە، باپیرم وای دەگوت و دەستی بە پشتی سەگەکەدا دەهێنا کە سەری کردبووە سەر کۆشی. مرۆڤ بوونەوەرێکی سایکۆپاتە، باپیرم سەت جار وای گوتووە، هەموو کەسێک سایکۆپاتێکە بۆ خۆی، شا بێت، یان گەدا، وەزیر و گزیر بێت، یان مسکێنێکی گوندی، سەرۆکی دەوڵەت بێت یان باخەوان لەو سایکۆپاتییە ڕزگارت نابێت. هۆگربوونی مرۆڤ بە شارەکان و بە ماڵەکان و بە گوندەکان و بە شتەکانەوە هۆگربوونێکی سایکۆپاتی و دەردئاسایە، باپیرم هەزارجار وای گوتووە، دەکرێت سەرۆکی وڵاتێکی سەت ملیۆن کەسی بێت و هۆگری قەڵەمێک، کورسیەک، کراسێک، خانوویەک، ئۆتومبیلێک بێت، فەیلەسوف بێت و هۆگری پەرداخێک، گەرەکێک، کتێبێک بێت، هیچ پلەوپایەیەک، هیچ جۆرەمەقامێک مرۆڤ لەو سایکۆپاتبوونەی ناگوزەرێنێت، شارەکەی ئێمە هۆگری بەدکاریی بووە، کرمی ئیبلیس چۆتە مێشکییەوە، ئێمەیش هۆگری شارەکە بووین، ئەوەی ئێمە لەو شارەدا بینیمان، ئەو هەموو دەرد و بەڵایە، ئەو هەموو خەم و دڵشکانە، ئەو هەموو نیگەرانی و نائومێدیە، دەبووایە تاکو ئێستا حەوت جار جێمان بهێشتایە و حەوت بەردمان بەدوایدا هەڵدایە، دەبووایە گوی تێبکەین، پوخت و جوان گوی تێبکەین و بڵێین ها بۆ خۆتان، بەڵام چاوت لێیە شارەکە ئێمەی نەخۆش خستووە، ئاگات لێیە گیرۆدەی کردووین، حەوت کیشوەر لەدەستی ڕا دەکەین و کاتێک دەزانین گرگرِ هاتووینەتەوە ناوی، کاتێک دەزانین وەکو بارگیر پشتمان خستۆتەوە ژێر بارە قورسەکانی، وەکو

گوێدرێژ ملمان داوەتەوە ڕێشمە و لغاوەکانی، باپیرم سەت جار وای گوت، ئێمە کەڵەگایی لەم شارە دەکەین، ئەم شارە وازی لە ئێمە هێناوە، ئێمە وازی لێ ناهێنین، خوا فەرامۆشی کردووە، ئێمە فەرامۆشی ناکەین، دراوەتە دەستی شەیتان و پێیان گوتووە ها بە ئارەزووی خۆت میزی پێدا بکە، ئەم شارە شارێکی گڵاوە، هەتا بتەوێت پیرۆزی بکەیت ئەو گڵاوتر دەبێت، بتەوێت ماڵی بکەیت و دەست بە پشتیدا بهێنێت کاتێک دەزانیت وەکو دووپشک لێت هەڵگەڕاوەتەوە و پێوەی داویت، وەکو ئێستر جووتەی لێداویت و فڕێی داویتە خەرەندێکەوە.

# بەشی سێیەم

Scanned with CamScanner

# شارێکی تازە بنیاددەنێین

ئەوەی کچەزاکەم بۆی باس کردم تۆقێنەر بوو، کارەساتێک بە پەتایەک دەست پێبکات و بە بەلەسەبوونی تەواوی شارێک کۆتایی بێت، شارێک وەکو گای هار بە هەر چوار لای خۆیدا قۆچ بوەشێنێت، شارێک بە تەواوی دێوانە ببێت، دانیشتووانی شارێک وەکو ڕەوە یەکانەیەک بە شفرەکانییان بکەونە هەڵدڕینی خۆیان، وەک دووپشکە بکەونە خواردنی خۆیان. پێشتر شارەکە، تەوێڵی بە تفی جەندرمەکان سوواخ درابوو، ئەتک کرابوو، قوونی چەندانجار کەوتبووە بەر شەقی پاسدارەکان، سەربازەکان بە لەقە هاتبوونە سەر سنگی، کەوتبووە ژێر پێی ئەسپسوارانی ڕۆم و عەجەم، وەکو کۆیلەکان پێوەند کرابووە پێی و دەستەکانی بە زنجیر بەسترابوونەوە، بە دوای زیلەکاندا ڕاکێشرابوو، لەژێر زنجیری تانکەکاندا ئێسقانەکانی شکابوون، بەڵام ئەوەی ئەو هەموو ڕق و کینەیە، ئەو هەموو سووکایەتییە پەنگخواردووە بەرەوڕووی خۆی بکاتەوە شتێکی تەواو تازە بوو، شتێک بوو عەقڵ قبووڵی نەدەکرد.

.....



Scanned with CamScanner

برادەرەکانم هیچیان نەماون، جارجار کچەزاکەم دەمبات بۆ سەر گۆڕی ژنەکەم و کچەکەم و زاواکەمان، سەرێکیش لە گۆڕەکەی نەزهەت دەدەین، کە لە سوچێکی گۆڕستانەکە خەوتووە و چیدی چاوەکانی پرتەپرت ناکەن، فەرەیدوون کوێستانی لە خانەی پیراندا سووتاوە و خۆڵەمێشەکەی تێکەڵی هەوای شارەکە بووە و ئیتر بۆ هەتاهەتایە قەتیس بووە، نەدیم چەلەبی لە کۆکوژیی پیراندا پێوە بووە و ئەمجارەیان بەڕاستی کوژراوە و نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین دوای نیوەڕۆیەک بە هێلەکێکی سەیروسەمەرەوە خۆی بکاتەوە بە ماڵدا و بڵێت خۆ من نەکوژراوم، چونکە ئەوە گاڵتەیەکە ئینسان یەک جار لە ژیانیدا دەتوانێت بیکات، نەریمان سەلیم بە خەونە زرەکانییەوە گۆڕغەریب بووە و لە گۆڕستانێک لە گلاسگۆ نێژراوە و کەس نییە جارجار گوڵ ببات بۆ سەر گۆڕەکەی، نەژاد بەگیش، حەربای هەموو سەردەمەکان لەگەڵ دەستەی گەنجانی چەکدار ڕێککەوتووە و شار بەڕێوە دەبەن.کاتێک کچەزاکەم بۆی باس کردم کە نەژاد لەگەڵ گەنجانی چەکداری پیرکوژ ڕێککەوتووە کە لەگەڵ ئەوان کاروباری شار بەڕێوە ببەن خەریک بوو دڵم بوەستێت، گوتم ئەی ئەوان پیرەکانیان نەدەکوشت؟ ئەدی نەژادیش پیر نییە، چۆن تووانیویەتی لەم فاقەیەش ڕزگاری ببێت؟ کچەزاکەم گوتی نەژاد لە ڕادیۆ گوتویەتی ڕاستە من بە تەمەن پیرم بەلام خۆ دڵم دڵی گەنجانە. ئیتر من نەمزانی پێبکەنم، یان بگریم و قوڕی ئەم دەشتە هەر هەمووی بکەم بەسەرما.

.....

وردەوردە ڕێگا و بانەکان کراونەتەوە، خەلک دەتوانن لە شارەکە دەربچن و بڕۆنە ناویەوە، دەستەی گەنجانی چەکدار حوکمی شارەکە دەکەن، وازیان لە کوشتوبڕ هێناوە بەلام سەرداری شار خۆیانن، خەلک دەستی کردۆتەوە بە ژیانی ئاسایی خۆی، دوکان و بازاڕەکان کراونەتەوە، پیرەکان لە شاردا نەماون، یان کوژراون، یان هەلاتوون، ئەوانەی ماویشن هەر نایانەوێت ببینرێن، لە ناو تانکی و کونی ژێرزەمینەکان و کولانەی مریشکەکان هاتوونەتە دەرەوە و لە ژوورەوە خۆیان قایم کردووە، بەلام متمانەیان نەماوە جارێکی تر لە کۆلان و سەر ڕێگای مزگەوت و بەردەم چایخانەکان ببینرێن. شارەکە بە یادەوەریە کورتەکەی خۆیەوە دەنگەدەنگی بۆ گەڕاوەتەوە، زیندانەکە ئێستا خەلکی تری تێدایە، خانەی پیران نەماوە و لە جێگاکەیدا دەیانەوێت مۆلێکی گەورە دروست بکەن، کەس کۆکوژیی پیرانی بیر نەماوە، ئەوانەش بیریان ماوە دەیانەوێت لە یادی خۆیانی بەرنەوە، چیرۆکێکی درۆ لەسەر زاری هەموانە و بڕوایان پێکردووە ئەویش ئەوەیە پەتاکە هەموو پیرەکانی کوشتووە، کەس باسی قەناسەکان ناکات، باسی پەتاکە دەکەن و هەزاران چیرۆکی سەیروسەمەرەی لەسەر دروست دەکەن، باسی هاوێرگەکان و نەخۆشخانەکان و ناشتنی تەرمەکان دەکەن، کەس باسی دەستەی ئەو گەنجانە ناکات کە بە میکزەمینییەکانەوە دەسوڕانەوە و پەڕۆی ڕەشیان لەناوچەوانییان پێچابوو، کەس باسی قەقنەسە کلۆلەکان ناکات، کەس باسی ئەو پیرانە ناکات، کە وەکو دالاشی پێکراو لە سەربانەکانەوە دەخرانە خوارەوە، کەس باسی ئەوانە ناکات کە لە ژێر تەختە و بەرمیلی کۆن



Scanned with CamScanner

دەهێنرانە دەرەوە و لە بندەستی تیمەکانی کوشتندا وەک کەروێشک دەیانزریکاند، هەمووان بڕوایان بە چیرۆکێکی درۆ کردووە و بەو بڕوایەیان شاد و خەندانن، وەک چۆن کەسێک خەونێکی ناخۆش دەبینێت، کە خەبەری دەبێتەوە بە هەناسەسواریەوە دڵی بە توندی لێدەدات و ئیتر دەزانێت خەونە و ئەوەی کە خەونە و ڕاستی نییە دڵخۆشی دەکات، بەڵام وەرزی قەڵاچۆکردنی پیرانی شار ڕاستی بوو نەک خەون، ڕاستییەک کە هێندە وەکو خەون مامەڵە کرابوو ئیتر ڕاستیبوونەکەی کاڵ ببووەوە. ئەوەی کە پیرەکان بە پەتا مردوون نەک کۆکوژیی کراون درۆیەک بوو، کە هەزار جار لە ڕاستی بەهێزتر بوو، وەهمێک بوو لە حەقیقەت تۆکمەتر، سەرابێک بوو زیاتر لە ئاو تینوێتی خەڵکی دەشکاند. ئەوەی وایدەکرد کۆکوژیی پیران وەک حەقیقەت دەرنەکەوێت هەر بە تەنیا ڕاکردنی شارنشینان نەبوو لە یادەوەریەکی پیس، هەر بە تەنیا خۆ تەکاندنی ئەوان نەبوو لە تۆز و گەردێکی گڵاو، بەڵکو نەبوونی هیچ بەڵگەیەک، هیچ نووسراوێک، هیچ تۆمارێک لەسەر ئەو دێوانەبوونە بە کۆمەڵە بوو، نە هەواڵی ڕۆژنامەیەک، نە ڕاپۆرتێکی پزیشکی، نە وێنەیەک، نە گرتەیەکی ڤیدیۆیی، نە گەواهێک، هیچ شتێک، ئەوانەش کە بە چاوی خۆیان بینیبوویان ئێستا چیتر دڵنیا نەبوون ئەوەی بینیویانە خەون بووە، یان ڕاستی. بەڵام بۆ هەمیشە تێگەیشتم کە خەون لە واقیع بەهێزترە، شارستانێتییەکان هێندەی لە سەر خەون بنیاد نراون هێندە لەسەر واقیع بنیاد نەنراون، ئەوەی دەشیانڕوخێنێت هەر خودی خەیاڵ و خەونە، تێگەیشتم کە درۆیەک دەکرێت هەزار هێندەی ڕاستییەک کاریگەر بێت، هێندەی وەهم

و درۆ مرۆڤ و مێژوو دەجولێنێت هەرگیز ڕاستی و حەقیقەت نایانجولێنێت، تێگەیشتم هەرگیز ڕەوابوون گرانتی هیچ جۆرە سەرکەوتنێک ناکات و ئەوەی دەڵین هەمیشە حەق سەردەکەوێت ئەفسانەیەکە شکستخواردووەکان خولقاندوویانە، تێگەیشتم ئەم شارە وەکو ئەسپێکی هار و چەمووش حیلە و سمکۆڵانەکەی هەموو شتێک خاپوور دەکات بۆیە دەبێت بە ڕێشمە و زین و ئاوزینگەوە جێبهێڵێت و لێبگەڕێیت لەناو خۆڵەمێشدا شەکەت بێت و بکەوێت.

.....

ئێمە ئیتر لێرەین، لەنێوان دوو کێوی زەبەلاحدا لە دەشتێکداین و دەمانەوێت لێرە بژین و بمێنینەوە، شتەکانمان هەمووی هێناوە بۆ ئێرە، ئۆتومبێل و کەلوپەلەکان، تراکتۆرێکمان کڕیوە ڕۆژانە زەویەکان دەکێڵین و زەوی ڕەقەن دەکەین بە وەرد، باخەکان پاک دەکەینەوە، شەتڵەکان دەچێنین، هەرچەندە باپیرم ناتوانێت هەموو کارێک بکات، بەڵام هیچ کارێک بەبێ ڕێنمایی ئەو ناکرێت، چەند سەر مەڕێکمان کڕیوە لە نزیک خۆمانەوە دەلەوەڕێن و سەگەکە ئاگای لێیانە، وردە وردە ئەو خەڵکانەی ناتووانن لەو شارە بژین تاکو تەرا دێن و لێرە دەمێننەوە، لەگەڵ منداڵەکانییان دێن، لەگەڵ ئەو دایک و باوکە پیرانەیان دێن کە لە کۆکوژییەکە ڕزگاریان بووە، بە تراکتۆرەکانییان دێن کە عەرەبانەکانییان پڕە لە فەردە گەنم و جۆ و نۆک و کورە گەنجەکانییان بە سنگی واڵاوە لەسەر ئەو هەموو فەردە هەڵچنراوانە دانیشتوون و گۆرانی دەڵێن، بە تویێژتاکانیان دێن کە منداڵ و لێفە و کەڵەشێر و مریشکیان

بار کردووە، بە خۆیان و بە قەفەزی کەوەکانییانەوە، بە پشیلە ماڵیەکانیانەوە، بە منداڵانی گونڕووتەوە کە سەیرمان دەکەن و پێدەکەنن، پیاوانی بەدەماخ و پیاوانی کزۆڵ، ژنانی پۆشتەوپەرداخ و ژنانی ڕووت و ڕەجاڵ، دێن و لەگەڵ ئێمەدا لێرە دەژین، گیا و دەوەنەکان دەبڕین و زەوییەکان خاوێن دەکەینەوە، بناغە لێدەدەین و بە بەردەکان خانوو دروست دەکەین، بە تەور دارەکان دەقڵیشێنین، لە چەمەکانەوە دار و چرپی و لە شاخەکانەوە کۆڵەکە و کاریتەی ئەستوور دێنین و خانووەکان دارەڕێ دەکەین، بە پاچ زەوییەکە هەڵدەکەنین، هەلاش دەخەینە سەربانەکان و گڵەبانی دەکەین و بە قوڕ گوێسووانەکان سواغ دەدەین، بە پیک و چەکوش بەردەکان دەشکێنین و ڕێگاکانی پێ بەردڕێژ دەکەین، جۆگاکان هەڵدەبەستین بۆ ناو کێڵگەکان، نەمامەکان دەنێژین و تۆوەکان دەچێنین و زەوی ئاوەدان دەکەینەوە.

باپیرەم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کز تر دەبێت، کاتێک کڵاوەکەی دادەنێت زیاتر هەست بە پیربوونەکەی دەکەم، لاجانگەکانی هەمووی سپی بوون و تەپڵی سەری ڕووتاوەتەوە. جارجار پێکەوە دەچین بۆ سەر گۆڕی دایکم و باوکم و نەنکم کە هەرسێکیان لە تەنیشت یەکترییەوە لە سەر گردێکی نزیک شارەکە نێژراون، سەرێک لە گۆڕی پیاوێک دەدەین کە برادەری سەردەمی گەنجیی باپیرە بووە لە سەر کێلەکەی نووسراوە نەزهەت، سەر گۆڕەکان خاوێن دەکەینەوە، دار ئەرخەوانەکانی تەنیشتییان ئاو دەدەین، ناو و بەرواری لەدایکبوون و مردنییان کە لەسەر کێلەکانییان نووسراوە بە بۆیاخ تۆخ دەکەینەوە. ئەو ئیتر بێهێزتر و



Scanned with CamScanner

لاوازترە، بەڵام هەر وەکو جاران بە حەوسەڵەیە، هەر وەکو جاران هێمن و مەندە، چاوەکانی وەکو چاوانی پڵنگێک لە تاریکیدا دەدرەوشێن کە پڕن لە ئومێد و لەژێر برۆ چڕ و سپییەکانییەوە بزێو و جوان سەیرم دەکەن.

.....

**کۆتایی**

Scanned with CamScanner

# DEFTERÎ PÎRANÎ ẌEMNAK

MARDIN IBRAHIM

Rahand

Scanned with CamScanner